# کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان

## جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

٢٠١٥




| ناسنامەی کتێب |
|---|
| ناوی کتێب: کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان – جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی |
| نووسینی: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی |
| بابەت: دیکۆمێنتاری |
| تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و توێژەر |
| هەڵەچنین: توێژەر |
| هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: توێژەر |
| ساڵی چاپ: ٢٠١٥– چاپی یەکەم – تیراژ: ١٠٠ دانە |
| چاپخانەی: |
| ژمارەی سپاردن: () لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ساڵی (٢٠١٥) ی دراوەتێ |
| شوێنی نووسین: هەرێمی کوردستان – دەڤەری بارزان |
| لە بڵاوکراوەکانی دەزگای جەمال عیرفان، بۆ یادی ٢٧ ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد |
| ژمارەی مۆبایلی توێژەر: ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١ Email:Rebwar_Brzanii@.yahoo.com |
| مافی چاپکردنەوەی پارێزراوە بۆ توێژەر |

# ناوەرۆك

**پێشەکی**

**بەشی یەکەم**
ئێزیدییەکان و دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)

**بەشی دووەم**
رفاندن و بەدیلگرتن و کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان

**بەشی سێیەم**
چەند ڕاپۆرت و توێژینەوەیەک لە بارەی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی

**بەشی چوارەم**
پاساوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ رفاندنی ئافرەتە ئێزیدییەکان

**بەشی پێنجەم**
نرخی کڕین و فرۆشتی ئافرەتان

**بەشی شەشەم**
پانۆرامای دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر ئافرەتان لە جیهاندا

**بەشی حەوتەم**
کچ و ژنە پاڵەوانەکان

**پاشکۆ**

**پێشەکی**
بێگومانم لەوەی کاتێک خوێنەر چاوی بە ناونیشانی ئەم کتێبە دەکەوێت شۆک دایدەگرێت، چونکە لە سەدەی بیست و یەکدا ئەگەر مرۆڤ و مرۆڤایەتی بیری لە هەر تـاوان و کردەوەیەکـی قیـزەوەن کـردبێتەوە بیـری لەم جـۆری تـاوانە نەکردووەتەوە.
رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.
شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی، دیارترینی ئەو بنەمایانەن کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش بە راکێشانی سەدان گەنجی برسی بە سێکس لە دونیای عەرەبی و ئیسلامییەوە بە تایبەت بە هۆی ئەو ئافرەتانەی بە سەبییە و کۆیلەیان کردوون جگە لە خۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ژمارەی چەکدارانی، نرخیشی بۆ کڕین و فرۆشتنی ئافرەتەکان بە پێی تەمەن، جوانی، لەش و لار دیاری کردووە، ئەمەش گێڕانەوەی مرۆڤایەتییە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش و قێزەوەنترین بازرگانیکردنە بە مرۆڤەوە.
کاتێك تیرۆریستانی داعش شوێنەکان دەگرن، ئافرەت لە هەر تەمەنێکدا بێت، دەیگرن و پاشان وەك کۆیلە دەیانفرۆشن و وەك سەبایەش بەکاریان دەهێنن و ناچاریاندەکەن لەگەڵتیرۆریستان سێکس بکەن، بۆیە ئافرەتان لە هەرتەمەنێکدا بووبن، لە بەردەستی داعش هەتك کراون
تیرۆریستانی داعش بە شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵە لە گەڵ ئافرەتان دەکەن، وەك؛(رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنان)ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە و ئیسلامیش ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێت.
وەک لە یەکێک لە نوسراوە فەرمییەکانی داعشدا هاتووە و بەم شێوەیە نرخی بۆ ئافرەت داناوە و بە دەستکەوتی شەڕ لە قەڵەمی داون و لەم نووسراوە فەرمییەی داعشدا هاتووە:"پێمان گەیشتووە کە بازاڕی مامەڵەکردن بە ئافرەت و دەستکەوتەکانی شەڕ لاوازی تێکەوتووە و ئەوەش کاری کردووەتە سەر داهاتی دەوڵەتی ئیسلامی و خەرجییەکانی هەڵمەتی موجاهیدانمان، بۆیە

دەستەی بەیتولمال بە باشی زانی کە ڕێکاری و نرخی فرۆشتنی ئافرەت و دەستکەوتەکان دیاری بکات و هەموو ئەو کەسانەشی کە مامەڵە بەو بابەتەوە دەکەن پابەندبن بەو ڕێنمایی و ڕێکاریانە بە پێچەوانەوە سەرپێچیکار لە سێدارە دەدرێت".

داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"کە بە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت و گۆڤارێکی ئەلکترۆنی داعشە، پاساو بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوە و لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کردووە و ڕێ و شوێنەکانی رەوایەتی دان بە هەڵسان بە فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە.

ئەمە جگە لە بڵاوکردنەوەی چەن ناميلكەیەکی تایبەت بە ڕێنمایی سێکسی و دەستدرێژیکردنە سەر ئافرەتە بەدیل گیراوەکان وەک ناميلكەی" دليل نكاح الاسيرات"دواتریش ناميلكەی "سؤال و جواب السبي و الرقاب" بڵاوکردەوە، ئەو ناميلكەیە وەڵامی ٣٢ پرسیاری تێدایە، سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتە دیل کراوەکاندا، هەروەها چەندین فەتوای تێدایە دەربارەی شێوازی مارەکردنی دیلەکان و داعش ئەوەی کردووەتە بەڵگە لەسەر ڕەوایی ئەتك کردنی ئافرەتە دیل کراوەکانی بەردەستی.

هەموو وردەکارییەکانی سێکس کردن لەگەڵ دیلەکاندا بۆ چەکدارەکانی داعش ڕوون دەکاتەوە، ڕێگە ئەدات بەوەی ئافرەتی ناموسوڵمان بکرێتە کەنیزەك. هەروەها باسی ئەو ژنانەش دەکات کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوە.

لە وەڵامی پرسیارێکدا کە دەڵێت: ئایا ڕەوایە ژنە دیل کراوەکان بفرۆشرێن؟ ناميلكەکەی داعش دەڵێت: ڕەوایە بفرۆشرێن و بکڕدرێن و وەك دیاریش ببەخشرێن، چونکە تەنها موڵکن. تەنانەت ئەتوانرێ لەناو ببرێن ئەگەر زانرا لەناوبردنیان زیانی نابێت بۆ نەتەوەی ئیسلام.

هەروەها لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا: ئایا دەکرێ، سێکس بکرێت لەگەڵ کچێکی نابالّق دا؟ داعش دەڵێت: دەگونجێت ئەگەر کچەکە لەباربێت بۆ سێکس کردن. بەڵام ئەگەر لەبارنەبوو بۆ سێکس کردن، ئەوا دەستبازی لەگەڵ بکەن و چێژی لێ وەربگرن، بەبێ جووت بوون.

دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بە پێچەوانەی ئاین و هەموو پێوەر و یاسا نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە مافەکانی مرۆڤ، سووکایەتی بە مرۆڤ دەکات و بە زەبری هێز و ترس و تۆقاندن، بۆیە پێویستە دەستەواژەی (جینۆسایدی دەستدرێژی سێکسی) بۆ ئەم کردارە بەکاربهێنرێت.

لە بـارەی ئامـاری کـچە رفێنراوەکـان لەم بـارودۆخەدا دوا ئامـار و ئامـارێکی تەواو ئەستەمە، چونکە تـا ئێستاش ڕێکەوتـی (٢٠١٥/٢/١٤) و نووسینی ئەم پەرتووکە، بەشێکی شنگال و چەندین نـاوچەی تر لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش دان و بە هەزاران کەس چارەنووسیان دیار نیە هەندێکیان کوژراون و سەربڕاون و هەندێکیان فرۆشراون و هەندێکیان دەستگیرکراون.
محەمـەد ئەلخـوزاعی، گـوتەبێژی مـانگی سـووری عێراقـی دەڵێـت "دوای ئەوەی چەکدارانی داعش چەنـد نـاوچەیەکی ئێزیـدی و مەسیحی نشـینیان لە سـنووری پارێزگـای نەیـنەوا کـۆنترۆڵ کـرد، بە دەیـان کچـی ئێزیـدی و مەسیحییان وەک جارییە بردووەتە بازاڕی تایبەتی و لەوێ خستوویاننەتە ڕوو و نمایشیان کردوون بۆ فرۆشتن".
بەشێک لەو ئێزیدیانەی لە لایەن پێشمەرگەوە رزگارکراون لە چیای شنگال ئەمەیـان پشـت ڕاسـت کـردەوە کە ژمـارەیەکی زۆر لە ئافرەتـانی ئێزیـدی لە لایەن چەکدارانی داعشـەوە رفێنـدران و هەروەهـا چەنـد کچێـک بە هۆکـار و ڕێگا و شێوازی جیا دوای دەستگیر کردنیـان و دەستدرێژی کـردنە سـەریان و تەنانەت فرۆشتنیشیان توانیوویانە خۆیان رزگار بکەن.
ئەو کچـانە ئاماژەیـان بەوە کـردووە ژمـارەیەکی زۆر لە کچـانی ئێزیـدی لە قەزای شنگالەوە بەرەو تەلەعفەر بردراون و لەوێوە بۆ قەزای بەعاج و دواتر بـۆ موسڵ، دواتـر لە بـازاڕی تایبەتـدا وەک کـۆیلە کـڕین و فرۆشـتنیان پێـوە کراوە، هەندێکیشیان بۆ سوریا و چەند ناوچەیەکی تر بردراون.
بە گوتەی ڕووانگەی سووری بۆ مافی مرۆڤ" داعش نووسینگەیەکی بۆ ئەو بـابەتە کـردووەتەوە و داوای لەو چەکـدارانە کـردووە لە سـنووری عێـراق و سـوریا کە ئـارەزووی هاوسـەرگیرییان هەیە لەو ئافرەتـانە، سـەردانی ئەو نووسینگەیە بکەن تاوەکو یەکێک لەو ئافرەتانەیان پێ بدەن".
وەزارەتی کاروباری ژنانی عێراق داوای لە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی عێراق کرد بە پەلە کار بکەن بۆ ڕاگرتنی ئەو تاوانە و ڕێگە لە فرۆشتنەوەی کچانی ئایینەکانی دیکە بگرن.
یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، لە ماڵپەڕی فەرمی ڕێکخراوەکـەدا بـابەتێکی بڵاو کـردووەتەوە و تێیـدا بـاس لە بـارودۆخی ئاوارەکـانی شـنگال دەکـات، کە خـۆی سـەردانی کوردانی ئێزیدی لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆك کردووە و گـوتی: سـەرەڕای ئەوەی چەند بەشێکی ئاوارەکان لە سەر چیا بە هیچ جۆرێك هاوکارییـان پـێ

نەگەشتبوو، زۆر دیمەن هەن کە لە شاشەکانەوە نیشان نەدراون، کە ئەویش رفاندنی ژنانە.
هەر لەو بارەیەوە کامیل ئەمین، گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق دەڵێت چەکدارانی داعش لە ڕێگەی پلانێکی زۆر دڕندانەوە ٣٠٠ ئافرەتی ئێزیدیان رفاندووە و لە نێوان خۆیاندا کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن و بە زۆر دەیانکەن بە خێزانی خۆیان.
لە راپۆرتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵدا هاتووە کە داعش ١٠٠٠ ژنی رفاندووە، زۆربەی زۆریان ئێزیدین.
لە لایەکی دیکەوە رەشیدە مانجۆ، بڕیاردەری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نەهێشتنی توونودوتیژی دژی ژنان رایگەیاند، "راپۆرتەکانمان ئاماژە بۆ رفاندنی سەدان ژن و منداڵی ئێزیدی دەکەن، هەر وەك راپۆرتەکان باس لە دەستدرێژی سێکسی دەکەن بۆ سەر هەرزەکاران و ئاگاداریان کردووینەتەوە، کە وێڕای دەستدرێژی سێکسی، ژنان کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکرێت، یان چەکدارانی رێکخراوەکە ژن و کچان بۆ خۆیان دەبەن بۆ ئەوەی بیانکەنە کەنیزەکی خۆیان".
نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکان ماریزۆ بابیلا لە بەیاننامەیەکدا دەنووسێت: "کوشتن، رفاندن و دەستدرێژی سێکسی کە بەرانبەر ژنان و منداڵان و کەمینەکان کراوە لە عێراق لە ماوەی ئەو هەفتانەی دواییدا، خراپترینە کە لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا بینراوە".
ئەو رێکخراوە نزیکەی ١٢٣ کەیسی دەستدرێژی بەرامبەر ئێزیدیەکان تۆمار کردووە تا رێکەوتی (٢٠١٤/٨/٢٦).
ئەمانە ئامارە سەرەتاییەکانن و پشتیان بە کەسە رزگاربووەکان بەستووە، هیچ بەڵگەیەکی ڕاست و دروست و سەرژمێریەکی تەواو نیە چونکە تا ئێستاش ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و ڕۆژانە لەم لاو لەولا کچێک رزگاری دەبێت لە دەست چەکدارانی داعش، ئاوارەکانیش تا ئێستا هەندێکیان لە چیان و هەندێکیان لە وڵاتانی دراوسێ و ژمارەیەکی زۆریان لە دهۆک و ئەوانی تر لە سلێمانی و هەولێر و قەزا و ناوچەکانی تری باشووری کوردستانن، بێگومان لە ئایندەدا ئامارێکی تەواوی کچە رفێندراوەکان دەکەوێتەوە بەردەست.
ڤیان دەخیل، پەرلەمانتاری ئێزیدی لە پەرلەمانی عێراق، لە کۆنفرانسی ئاشتی بە ناوی "خودای مەزن و تاوسی مەلەك" لە رێکەوتی ٢٠١٤/٩/٧ گوتی: تاوەکو ئێستا(٥) پێنج هەزار ژنە کوردی ئێزیدی رفێندراون و تەمەنی ژنە

رفێندراوەکان لە نێوان ١٣- ٥٦ ساڵیدایە، زانیاری ئەوەشمان هەیە کە کچەکان لە پیرەژنەکان جودا دەکرێنەوە و بە بەهای ١٥٠ دۆلار دەفرۆشرێن، ٣٠٠ کچ لەوان بە ٣٠٠ دۆلار فرۆشراون بە چەکدارانی داعش و خەڵکی هاوکاریان لە سوریا".

ڤیان دەخیل ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە بەشێك لە ژنە رفێندراوەکان منداڵەکانیان لە باوەشدا بووە کە رفێندراون و دواتر منداڵەکانیان لێسەندوون".

هەر بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ژمارەیە لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەنووسان سەعید بەگ موراد گوتەبێژ بە ناوی پێکهاتەی ئێزیدییەکان لە میانی سەردانیکردنی بۆ شاری (نەجەف) و چاوپێکەوتنی لە گەڵ ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق: وتی ئەو رێکخراوە توندڕەوە نزیکەی ٥ هەزار ژنی کوردی ئێزیدی رفاندووە و تا ئێستا واتە (٢٠١٤/٩/١٠) زیاتر لە ١٠٠٠ ژنە کوردی ئێزیدی لە لایەن رێکخراوی داعشەوە لە بازاڕەکانی موسڵ و سوریادا فرۆشراون و زیاتر لە ١٥٠٠ژنیش چارەنووسیان نادیارە، ئەو ژنانە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بە کۆمەڵیش بوونەتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق دەڵێت کە تا ئێستا زیاتر لە ٣٥٠٠ کوردی ئێزیدی وەك قوربانی دەستی رێکخراوی داعش شوێنبزرن و داوای هەماهەنگی هەردوو حکوومەتی عێراق و هەرێم و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی کرد بۆ ئاشکراکردنی چارەنووس و ئازادکردنیان.

بوشرا عوبێدی ئەندامی کۆمیسیۆنەکە لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی (٢٩-١٢-٢٠١٤) هاوبەش بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆنەکە لە بەغدا گوتی، تا ئێستا ٣٥٨٣ ئێزیدی شوێنبزر هەن کە ١٥٩٧یان کچ و ئافرەت و ١٩٨٦یان پیاون.

زیاتر گوتی، زانیاری تەواویان لا نییە کە ئاخۆ ئەوانە لە ژیاندا ماون وە یا نەماون و ٤٤١ کەسیان لە دەستی چەکدارانی داعش وەرگیراونەتەوە و رزگارکراون کە ٢٨٠ یان ئافرەتن.

بەڵام مەحما خەلیل، ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە شاری دهۆك رایگەیاند: لە سەرەتای هێرشکردنە سەر قەزای شنگال لە لایەن چەکدارانی داعشەوە (٤٠٠) هەزار هاوڵاتی شنگال ئاوارە بوون و شوێنەکانی خۆیان بەجێهێشتووە و پێنج هەزار کچ و ژنی ئێزیدی کۆژراون و رفێندراون و زیاتر لە (١٠) هەزار پیاویش کوژراون و بریندار بوون.

به پێی ئامارەکانی بەردەستی لێژنەی سەرژمێریکردنی ئەو ئافرەت و کچانەی لە دەستی داعشدان لە بنکەی رۆشنبیری و راگەیاندنی لالش چوار هەزار و ٦٥٠ کچ و ژن و منداڵی ئێزیدی لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوچە ئێزیدی نشینەکانی نەینەوا لە مانگی ئابی ٢٠١٤وە کەوتوونەتە دەست چەکدارانی خەلافەتەکەی داعش.
شەمۆ قاسم بەرپرسی ئەو لێژنەیە دەڵێت "نزیکەی چوار هەزار و ٦٥٠ کچ و ژن و منداڵی ئێزیدی کەوتوونەتە دەستی داعش، بە پێی خەمڵاندنەکانی ئێمە نزیکەی ٧٠ لەسەدی ئەوان ژن و کچن، جگە لەوەش نزیکەی ٤٣٠ کچ و ژن و منداڵ گەڕێنراونەتەوە".
وەک دەبینین لەم چەند راپۆرت و ئامار و داتایانەی سەرەوە ژمارەکان جیاوازن لە بارەی کچ و ژن و منداڵە رفێندراوەکان، بەڵام جیاوازییان تەنیا هەزار کەسە بەم پێیە و پشت بەست بەم زانیاری و داتایانە بەلایەنی کەم چوار هەزار کچ و ژن و منداڵی ئێزیدی رفێندراون.

تا ئامادەکردن و چاپکردنی ئەم کتێبەش ئەم تاوانە قێزەونە بەردەوامە و بە هەزاران ژن و کچی کورد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدان، بۆیە ئەم پەرتووکە ئامارێکی تەواوی رفێندراوان لە خۆناگرێت و لەهەمانکاتیشدا دیارنیە چارەنوسی دیلەکان و کچ و ژنە فرۆشراوەکان بە کوێ دەگات، ئاخو چەندین ئافرەتی تر رزگاریان دەبێت، چونکە ڕۆژانە هەواڵی رزگاربوون و کڕینی چەند کچێک بڵاودەکرێتەوە، ئەمە سەرەرای خۆکوشتنی چەندین ئافرەتی تری کوردی ئێزیدی و قبول نەکردنی ئەم تاوانە درندەیە.
ئەمە یەکەم کتێبە لەم بارەیەوە بڵاودەکرێتەوە و زیاتر پشتمان بە گێڕانەوەی چیرۆکە پڕ لە تراژیدیاییەکانی کچ و ژنە رزگاربووەکان و بابەت و ڕاپورتی کەناڵەکانی راگەیاندن(بینراو بیستراو خوێنراو) وەرگرتووە لە زاری ئەوانەوە راستیەکان گوێزراونەتەوە.

**ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی**
**٢٠١٥ / ٢ / ١٤**

# بەشی یەکەم
# ئێزیدییەکان و دەوڵەتی ئیسلامی

## باسی یەکەم:

## ئێزیدی و ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی

### ١- ئێزیدی

ئێزیـدی خـاوەنی ئـاینێکی تـایبەتن و زۆربەیـان لە باشـووری کوردسـتانن لە دەڤەری شێخان و شنگالی سەر سنووری سووریادا دەژین. هەروەها لە بۆتـان و دەربێسیە و باکووری پارێزگای ئەلحەسکە و دەڤەری عەفرین لە حەلەب و ئەلەگەزی ئەرمەنستان و پارێزگای قارس و ئەردەهانی باکووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا هەن.

ئێزیدییەکان کەمینەیەکی ئاینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، لە رووی ڕەچەڵەکەوە کوردن، زمانی ئەوان کوردییە، بە کوردی کرمـانجی دەئـاخفن، نـوێژ و نـزا و رێوڕەسم و کتێبە پیرۆزەکانیشیان بە زمانی کوردییە.

### ٢- دابەشبوونی ئێزیدییەکان لە جیهاندا

ئەگەر چی سەرژمێریەکی فەرمی نیە، بەڵام بە گوتەی میر تحسین بەگ میری ئێزیـدیانی کوردسـتان و جیهـان، لە باشـووری کوردسـتان و عێـراق نـزیکەی (٦٠٠٠٠٠ تا ٧٠٠٠٠٠) کەسن و لە جیهانیشدا نزیکەی(١٥٠٠٠٠٠)ئیزیدی هەن.

بە پێی ئاماری رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە نزیکەی (١٥٠٠٠٠٠) کەس مەزندە دەکرێت.

بە پێـی هەنـدێك ئامـار ئێزیـدیەکان بەم شـێوەیە دابەشـکراون بەسـەر جیهانـدا لە عێـــراق و باشـــووری کوردســـتان (٥٠٠٠٠٠)کەســـن و لە ئەڵمانیـــا (٦٠٠٠٠)کەســن و لە ئەرمەنســتان (٦٠٠٠٠) و لە تورکیــا (٥٠٠٠٠) لە روسیا (٤٠٠٠٠)کەسن و لە گورجیستان (٢٠٠٠٠) لە سوریا (١٤٠٠٠) و لە سوید (٤٠٠٠) و لە ئوکرانیا(٢٠٠٠).

ئێزیدییەکان لە باشووری کوردستان لە قەزای شێخان - بەعشیقە- بەحزانـی- شنگال - زومار- قوش و سیمێل و خانك و دیرەبوون چڕبوونەتەوە.

لە ڕۆژئـاوای کوردسـتانیش لە قامیشـلی و عفـرین و گونـدەکانی دەوروبەری دەژیـن. لە بـاکووری کوردسـتانیش لە نـاوچەی مـاردین و سـیرت و ئـۆرفە و قارس و ئاگری و ئەردەهان.

له ئەرمینیاش لە ئـالاگز و گوندەکانی دەوروبەری شـاخی ئـارارات و لە نـاو یەریڤانی پایتەخت دەژین. لە جۆرجیاش و لە تبلیسی پایتەخت ئێزیدی لێدەژین. لە وڵاتانی ئەڵمانیا و نەمسا و فەرەنسا و سوید و ئەمریکاش رەوەندی کوردانی ئێزیدی هەن.

**٣-ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئێزیدییەکان**

بەلای ئێزیـدییەکانەوە (خـودا- یەزدان- الله) خواوەنـدی مرۆڤەکـانە و مەلـیکە تـاوس مەلیکـی هەمـوو مەلائیکەتەکـانە (فریشـتەکانە)، مەلـیکە تـاوس بـریتیە لە عەزازیل (بە ئینگلیزی واتە Melek Taus و The Peacock Angel) کە حوکمی هەمـوو زەوی ئەکـات بە یـارمەتی و هاوکـاری حەوت فریشـتەی دیکە ئەو حەوت مەلائـیکەیەش لە ژێـر فەرمـانی خـودای گەورەدان. بۆچـوونی ئێزیـدیەکان وایە کە مرۆڤێـك مـرد رۆحەکـان دەچێـتە لەشـێکی تـرەوە، بەڵام بە شێوەی جیاوازتر، ئەگەر کەسێکی ئێزیدی لە کۆمەڵگەکەی دوور بخـرێتەوە و دەربکرێت ئەوا نوێ نابێتەوە.
لە ئاینی ئێزیدیدا، وازهێنان لەو دینە و چوونە سـەر دینێکـی تـر دروسـت نیە و نابێت ئەو کارە بکرێت.
باوەڕیشـیان وایە کە ئـاینی ئێزیـدی ئـاینێکی ئاسـمانییە، ئێزیـدییەکان خـۆر بە قیبلەی خۆیان دەزانن، چونکە بەلای ئەوانەوە مەزنترین دروستکراوی خوایە، ئـاو و خـاك و ئـاگر و هەوا لە دروشـمە پیرۆزەکـانی ئـاینی ئێزیـدین کە هەرچواریان ژیان پێك دەهێنن.

**باسی دووەم:**

## دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) و ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی

**١- ڕیشەی پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە**

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام کورتکراوە (د،ا،ع،ش)ە، ڕیشەی پێکهاتنی ئەم ڕێکخراوە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ساڵی (٢٠٠٤)، لە سەرەتادا ئەم گرووپە خۆیان لە ژێر ناوی ڕێکخراوی (التوحید و الجهاد) بە سەرپەرشتی"ئەبو مصعب زرقاوی"بەیانکرد، دواتر و لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا پاش بەرفراوانبوونی چالاکیەکانیان و بەیعەتدانیان بە"ئوسامە بن لادن"و وەرگرتنی ڕەزامەندی لە لایەن قاعیدەوە، ناوی خۆیان گۆڕی بۆ ڕێکخراوی (القیادە الجهاد فی البلاد الرافیدین) و بە فەرمی بوونە باڵی قاعیدە لە ناو عێراقدا. لە ساڵی (٢٠٠٦)دا "ئەبو مصعب زرقاوی"لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا لە باکووری بەعقوبە کوژرا، هەر ئەو کات "ئەبو ئەیوب مصری" ناسراو بە "ئەبو حمزەی مهاجر" شوێنی گرتەوە، دواتر لە بەرواری (٢٠٠٦/١٠/١٥) دا ئەم ڕێکخراوە بڕیاری خۆ ڕێکخستنەوەیاندا لە چوارچێوەی فۆرمێکی نوێتردا خۆیان بە ناوی (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق) ڕاگەیاند و"ئەبو عمر بغدادی"کرا بە ئەمیری ڕێکخراوەکە، لە بەرواری(٢٠١٠/٤/١٩)دا لە ڕێی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراق"ئەبو عمر بغدادی و ئەبو حمزەی مهاجر" پێکەوە لە بەغداد کوژران. دە ڕۆژ پاش کوژرانیان، ئەنجومەنی شورای دەوڵەتی ئیسلامی لە کۆبونەوەی نائاسایدا بڕیاریدا"ئەبو بەکر بەغدادی" دەستنیشان بکات، وەك ئەمیری نوێی ڕێکخراوەکە لە جێگەی"ئەبو عمر بەغدادی"، لە ڕۆژی ٩ی نیسانی ٢٠١٣دا ناوەکەیان گۆڕی بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) و پاشان لە ڕۆژی ٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ناوەکەی گۆڕدرا بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی یان خەلافەتی ئیسلامی).

**٢- ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی خەلافەتی ئیسلامی**

گرووپێکی بە ناو ئیسلامی ڕاپەڕیوی یاخی لە عێراق و سوریایە کە خۆیان بە خەلافەت و وڵات و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەزانن و چەندین ناوچەیان لە

عێراق و سوریا داگیر کردووه و گرووپێکی توندڕەوی رادیکاڵی ئیسلامی و جیهادی و تیرۆرستیه.
داعش له سەر فیکری سەلەفی جیهادی بونیاد نراوه له سەر بنەمای رەتکردنەوەی بەرامبەر و لۆژیکی تەکفیر کردن و پەنا بردنە بەر رووبەڕووبوونەوه و لەناوبردنی دین و مەزهەب و جیاوازیە ئاینیەکان، تەنانەت داعش خۆی به تاکه پێشڕەوی ئیسلام دادەنێت له جیهاندا، هەر بەم هۆیەش رایگەیاندووه هەر گرووپ و جڤاتێکی جیهادی ئیسلامی نەکەوێتە دوای بەجێهێنانی فەرمانەکانی خەلیفە، دەبێتە (کافر، ناپاك، خائین و هاوەڵی شەیتان) هەر بۆیه لەناوبردنیان ئەرکه و زەرورەتێکی حەڵاڵە، چونکه ئەوانە هۆکارن بۆ هاتنه ئارای فیتنه و پشێوی له ناو کۆمەڵگای ئیسلامیدا.

## ٣- ڕەگەز و پێکهاتەکانی داعش

به پێی زانیاریەکان له ریزەکانی چەکدارانی داعش زیاتر له ٨٧ رەچەڵەك و ڕەگەزی جۆربەجۆر ئامادەییان هەیه و ئاوێته بوون له پێکهاتەی سوپای خەلافەتدا، لەوانه سەرجەم وڵاتانی عەرەبی به بێ جیاوازی له ریزەکانی داعشدا چەکداریان هەیه، تاوەکو ئێستا نازانرێت ژمارەی چەکدارانی داعش چەندە، هەروەک نازانرێت به دروستی ژمارەی چەکداره بیانییەکانی ناو رێکخراوەکه له سووریا و عێراق چەندە، له وڵاتەکانی وەکو( فەرەنسا و بریتانیا و ئەمریکا و ئیسپانیا و ئەڵمانیا و ئەندونسیا و هندستان و ... چەندین وڵاتی تر) چوونەته نێو ئەم رێکخراوه.

---

سەرنج:
لەم بەشەدا زۆر به کورتی باس له ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی ئێزیدیەکان و ئایدیۆلۆژیا و بیروباوەڕی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کراوه، چونکه له کتێبێکی ترمان به ناوی (جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی) زۆر به تێروتەسەلی ئەم بابەتانه شیکراونەتەوه، منیش لێرەدا سوودم لەو کتێبەم وەرگرتووه، بۆیه ئاماژەم بەو سەرچاوانه نەکردووه که سوودم لێبینیون، چونکه له کتێبەکەدا ئاماژه به سەرچاوەکان کراوه، بۆ زیاتر ئاشنابوون دەتوانن سوود لەو کتێبه و کتێبەکانی ترمان وەرگرن، که زنجیره کتێبێکن و تا ئێستا (٦) دانەن و تایبەتن به جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی.

# بەشی دووەم
# رفاندن و بەدیلگرتن و کرین و فروشتنی ئافرەتان

## تراژیدیای (١)

## ژنێکی فرۆشراوی کوردی ئێزیدی بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە

ناو و نازناو: (ح . ع)
تەمەن: ١٩ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال - گوندی گر عوزێر

تەمەنی تەنیا(١٩) ساڵە، مێردەکەی و برای مێردی و خەزووری لە پێش چاوی گوللەباران کراون، پێش ئەوەی وەکو کۆیلە لە گوندەکەی خۆیەوە لە گەڵ سەدان کچ و ژنی ئێزیدی ببردرێنە شاری موسڵ و بازاڕی کڕین و فرۆشتنیان پێ گەرم بکرێت.
لە ڕوخسارە تێکشکاوەکەیدا هەموو ئەم کارەساتانە دەخوێنیتەوە کە تەنیا چەند ڕۆژێکی کەمیان خایاند، بەڵام چەند ڕۆژێك کە یادەوەرییەکانی برینێکی قووڵیان بۆ هەتا هەتایە لە سەر رۆحی هەڵکۆڵی.
(ح.ع)، دایکی منداڵێکی کەمتر لە(٢)ساڵانە و خەڵکی گوندی گرعوزێرە، یەکێکە لەو ژنانەی کە بە کۆمەڵ لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستگیرکراون و دواتر لە موسڵ فرۆشراون، بەڵام بە موعجیزەیەك ڕزگاری دەبێت و ئێستا لە پارێزگای دهۆکە.
ئەو منداڵەی لە باوەشی هەرچی شت و جل و بەرگی ڕەشی بدیتایە لە ترسان دەگریا، چونکە بۆ ماوەیەک چەکدارانی داعش بە جل و بەرگ و دەمامکی ڕەش ئازاری دایکی ئەو منداڵە و تەنانەت خۆدی منداڵەکەیان داوە، ئیتر ڕەنگی ڕەش بۆ ئەم منداڵە بووەتە کابوسێک و لە کاتی بینینی ئازاری دەدات.
لە گرتە ڤیدیۆکە ڕوخساری (ح.ع) ڕەش کرابوو، تەنیا دەنگی و جوڵەی دەست و لاشەی دیار بوون لە کاتی قسە کردن، ئەو ژنە بەو مەرجە قسەی کرد کە وێنەی بڵاونەکرێتەوە، نەك لە بەر چیرۆکەکەی خۆی کە ڕاشکاوانە دەیگێڕێتەوە، بەڵکو لە ترسی ئەوەی نەوەك چەکدارانی داعش تۆڵە لە دشەکەی و خەسووی بکەنەوە کە دەڵێت هێشتا لە بندەستی ئەواندان.

(ح) گوتی:"چەكدارەكان كە هاتن ژن و منداڵ و پیاوەكانیان لە یەكدی جیا كردەوە، دەستی پیاوەكانیان بەست و پاشان گوللەبارانیان كردن، مێردی من و خەزوورم و شووبراكەم لە نێو پیاوەكاندا بوون".
وەك خۆی دەڵێت، ئەوان سەرەتا بردراون بۆ سیبا شێخ خدر، پاشان بۆ ناحیەی بەعاج، ئینجا بۆ شنگال و لەوێشەوە لە گەڵ كۆمەڵێك ژنی دیكە براون بۆ موسڵ.
(ح) لە دایكبووی ساڵی(١٩٩٥)ەو تەنیا یەك منداڵی هەیە، گوتی:"چەكدارانی داعش قسەی زۆر ناشرینیان پێدەگوتین، دەیان وت ئێوە هیچ دینێكتان نییە و وەرنە سەر دینی ئێمە، چەند وانەیەكی ئاینییان پێگوتین بۆ ئەوەی ببینە موسڵمان، بەڵام بۆیان دەركەوت كە ئەستەمە ببینە موسڵمان".
ئەو دەڵێ:"كچ و ژنە گەنجەكانیان جیا كردەوە لە ژنە بەتەمەنەكان. بۆیە لە موسڵ ئاگام لە خەسووم نەما، تەنیا من و دشەكەم پێكەوە ماینەوە، هاتن و گوتیان دەتانبەینەوە بۆ ماڵەوە، بەڵام بردیانین بۆ خانوویەكی گەورە و پێیان راگەیاندین كە ئەوەی دێتە ئەم شوێنە هیچ چارەی نییە دەبێ شوو بكات".
ئەو ژنە بە دەم گریانەوە و بە دەنگێكی نزم باسی ئەو شتانەی كرد كە هەرگیز نەیدەویست باسیان بكات، "بە ١٠-١٥ هەزار دینار كڕین و فرۆشتنیان پێ دەكردین، ڕۆژانە ١٠ جار دەهاتنە ناو ئێمە و ئەوەی دەیانویست دەیانبرد، بە تایبەتی كچەكانیان دەبردن و لە كچێنییان دەخستن".
گوتیشی:"چەكدار هەبوو كچێكی دەكڕی، دوو ڕۆژ لە لای دەمایەوە كە لێی تێر دەبوو دەیفرۆشتەوە بە كەسێكی دیكە. پلەدارێك هەبوو كچێكی فرۆشتە شۆفێرەكەی، بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو كە هەندێك بە توركی قسەیان دەكرد و هاتبوون بۆ كڕینی كچەكان، كڕیارەكان عەرەبی سووریاشیان تێدا بوو".
هەروەها دەڵێت:"هەندێك كڕیار دەهاتن و بە زۆر جلی بووكێنییان لە بەر كچەكان دەكرد و دەیان بردن".
(ح) بە چاوی پڕ لە فرمێسكەوە هەناسەیەكی قووڵی هەڵمژی و گوتی:"هیچ شەرمی پێناوێت، منیش فرۆشرام بە عەرەبێكی سووری، بەڵام نازانم بە چەند". ئەو پیاوە پێی گوتووە:"ئیدی تۆ ژنی منی". بەڵام ئەو قبوڵی نەكردووە. ئینجا پیاوەكە پێی گوتووە:"دایك و باوكت لە بیر بكە، هەموومان كوشتوون، كوردستانی عێراقیش لە بەر دەستی ئێمەیە".

**چۆن رزگاری بوو؟**

(ح) گێڕایەوە کە شەوێك لە دەوروبەری کاتژمێر(١٢)، کوڕەکەی تینووی بووە و بۆ ئاو گریاوە، "لە ژوورێکدا بووین دەرگامان لە سەر داخرابوو، دەرگاکە پلاستیك بوو، هەرچەندی لە دەرگام دا کەس بە هاوارمەوە نەهات، دواتر دەرگاکەم شکاند و ئاوم بۆ کوڕەکەم هێنا، بینیم خانووەکە سێ کەسی لێ بوو، بەڵام هەرسێکیان خەوتبوون و بە ئاگا نەهاتن، ئیدی منیش فرسەتم هێنا و ڕامکرد".
(ح) دوای ماوەیەك ڕۆیشتن خۆی دەکات بە ماڵێکی عەرەبدا و چیرۆکەکەیان بۆ دەگێڕێتەوە، ئەوانیش بەڵێنی پێ دەدەن کە بیپارێزن، "پیاوی ماڵەکە بۆ بەیانی سواری ئۆتۆمبێلێکی کردم، دەگەیشتینە هەر بازگەیەکی داعش دەیگوت ئەمە هاوسەرمە، منی هێنا تاوەکو تەواو نزیکی کردمەوە، لەوێ ڕێگایەکی نیشاندام و خۆی گەڕایەوە، منیش بە پێ ڕۆیشتم تا گەیشتمە پێشمەرگە و ئیتر منیان هێنایە شاریا".
(ح) دەڵێت کچەکانی ئەوێ ئەوەندە بە حەیا و بە شەهامەت بوون کە بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوون خۆیان بدەن بە دەستەوە و بە زەبری هەڕەشەی کوشتن دەبرانە دەرەوە.
(ح) گوتی:"سێ کچ کە خەڵکی گوندی وەردیێ بوون، بەس بۆ ئەوەی دەستدرێژییان نەکرێتە سەر خۆیان خنکاند".

## تراژیدیای (٢)

## چیرۆکی ئەو کچە ئێزیدیە ١٤ ساڵەی بە دیاری درا بە پیاوێکی ٥٠ ساڵە

ناو و نازناو: نارین
تەمەن: ١٤ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندێکی سەربە قەزای شنگال

"نارین" ئەو کچە ئێزیدیە تەمەن(١٤) ساڵەیە کە دوای داگیرکردنی گوندەکەیان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە و هەڵهاتنیان دەستگیر دەکرێت و دواتر بە پیاوێکی تەمەن سەرووی(٥٠) ساڵی دەدەن و لە کۆتاییدا لە فەلوجە هەڵدێت و دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان.
"نارین" بەم جۆرە چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە:
لە گەڵ دەرکەوتنی خۆردا لە ڕۆژی ٣ی ئاب لە گوندەکە هەواڵێك بڵاو بووەوە کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) ڕوو دەکەنە گوندەکەمان لە نزیك تل عوزێر کە دەکەوێتە نزیك پارێزگای نەینەواوە، بۆیە پاش ئەو هەواڵە جگە لە چەند جل و بەرگ و شتگەلێکی بە نرخ هیچمان لە ماڵەکەی خۆمان دەرنەهێنا و بە پێ لە گوندەکەی خۆمان دەرچووین.
دوای چەند کاتژمێرێك لە رۆیشتن وەستاین تاوەکو ئاو بخۆینەوە ئەوەش لە ناوەڕاستی بیاباندا، پلانەکەمان بەم جۆرە بوو کە پەنا بەرینە بەر چیای شنگال کە بە هەزاران ئێزیدی لێیە، چونکە بیستبوومان کە داعش دەیانەوێت ئێمە لە ئاینی خۆمان هەڵبگەڕێینەوە و ببینە موسڵمان هەر کەسێکیش موسڵمان نەبێت دەکوژرێت، بەڵام لە پڕێکدا چەند ئۆتۆمبێلێکی چەکدارانی داعش دەوروبەریان گرتین کە هەموویان جل و بەرگێکی تایبەت بە داعشیان لە بەر کردبوو.
زۆربەیان لە ترسا هاواریان دەکرد ئێمەش لە ژیانمان دەترساین، دوای ئەوەی ئێمەیان دەستگیر کرد بە گوێرەی تەمەن ئێمەیان جیا کردەوە کچە هەرزەکار و ژنە گەنجەکان و پیاوی پیر و منداڵیش بە جیا جیا.
چەکدارانی داعش هەموو خشڵ و زێرەکانیان بردین لەو دەشتە چۆڵەدا خەڵکەکەیان جێهێشت و ژن و کچە گەنجەکانیشیان لە ڕێگای بارهەڵگرەوە گواستەوە، لەو کاتەدا گوێمان لە دەنگی فیشەك بوو دواتر زانیمان ئەوان پیاو

و کوڕە گەنجەکانیان کوشتووە لە نێوانیاندا برا تەمەن ١٩ ساڵەکەم کە ماوەی شەش مانگ دەبوو ژنی هێنابوو.
دوای نیوەڕۆ ئێمەیان بردە خوێندنگایەکی چۆڵەوە لە بەعاج کە شارۆچکەیەکی بچووکە لە خۆرئاوای پارێزگای موسڵ کە دەکەوێتە سنووری سوریاوە.
لەوێ چەندین کچی دیکەی هاوتەمەنی خۆم بینی کە هەموویان ئێزیدی بوون لە لایەن داعشەوە دەستگیر کرابوون کە داعش باوك و برا و مێردەکانیانی کوشتبوون "ئەوان وایان بە ئێمە وت."
دواتر چەکدارێکی داعش هاتە ژوورەوە و شایەتمانی هێنا ئینجا داوایان لە ئێمە کرد کە ئێمەش لە دوایانەوە بیڵێینەوە، بەڵام ئێمە ڕەتمانکردەوە ئەوان تووڕە بوون.
دوای دوو ڕۆژ ئێمەیان برد بۆ هۆڵێکی گەورە لە موسڵ کە ژمارەیەکی زۆر ژنی ئێزیدی لێ بوو هەندێك لە چەکدارەکان لە تەمەنی مندا بوون.
لە سەر زەوییەکە دەخەوتین و ڕۆژانە تەنها یەکجار نانمان پێدەدرا پیاوانی داعش دەهاتن و داوایان لێدەکردین ببینە موسڵمان، بەڵام ئێمە ڕەتماندەکردەوە و نەماندەتوانی واز لە ئاینەکەی خۆمان بهێنین، ڕۆژێك ئێمەیان جیاکردەوە بۆ ئەوەی کچە عازەبەکان بدەنە شوو، من و شەیمای هاوڕێی منداڵیم بە دیاری درایین بە دوو چەکداری داعش لە باشوور کە شوێنەکەیان دەکەوتە نزیك بەغداوە ئەوان دەیان ویست ئێمە بکەن بە ژن و کەنیزەی خۆیان، شەیما پێشکەش بە ئەبو حوسێن کرا کە پیاوێکی ئاینی بوو، منیشیان دا بە پیاوێکی زۆر قەڵەو کە تەمەنی لە دەوروبەری ٥٠ ساڵییەك دەبوو ریشێکی ڕەشی پێوە بوو کە پێدەچوو ئەویش لە هەمان پۆستی پیاوەکەی شەیما بووبێت.
ئەو پیاوەی منی پێ بەخشرا بە ئەبو ئەحمەد بانگیان دەکرد، ئەبو ئەحمەد و ئەبو حوسێن لە خانوویەکی فەلوجە دەژیان ئەبو ئەحمەد سوور بوو لە سەر ئەوەی کە من ببمە موسڵمان و ئاینەکەی خۆم بگۆڕم، بەڵام من سوور بووم لە سەر مانەوەم لە سەر ئاینەکەم زۆرجار دەیویست دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەرم و من ڕێگەم پێی نەدا تەنانەت پەنجەشم لێوە بدات، بۆیە هەموو ڕۆژێك لێی دەدام ڕۆژانەش یەك ژەم خواردنی پێ دەدام.
ئەوان مۆبایلیان پێداین تاوەکو لە گەڵ خێزانەکانمان قسە بکەین دواتر زانیمان خانەوادەکانمان لە چیای شنگالن و داعش دەوروبەریانیان گرتووە و دەیانەوێت لە برساندا ئەو خەڵکە بکوژن.
لە ڕۆژی شەشەمدا کە ئێمە لە فەلوجە بووین ئەبو ئەحمەد بۆ ئیشوکار ڕووی لە موسڵ کرد و ئێمەی پاراستە دەستی ئەبو حوسێن لە کاتی خۆرئاوابووندا

ئێمەی جێهێشت و رۆیشت بۆ نوێژ، شەیما لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندی کرد بە کەسێکەوە کە ناوی مەحمود بوو، هاورێی ئامۆزای شەیما بوو تاوەکو یارمەتیمان بدات ئەو دەترسا بێتە نزیك ماڵەکە، بۆیە ئێمە رۆیشتین، بە چەقۆیەک کەلە چێشتخانەکەدا بوو دەرگاکەمان شکاند و دوو عەبامان لە ماڵەکە دەرکرد و پۆشیمان و بۆی دەرچووین.
دواتر بۆ ماوەی ١٥ خولەك بە پێ ڕێمان کرد ئینجا مەحمود هات بە هانامانەوە و ئێمەی برد بۆ ماڵی خۆیان.
لەوێ خواردنی پێدراین و لە ڕێگەی دروستکردنی دوو بەڵگە نامەی خوێندکارەوە بە پیکابێك ئێمەی بۆ بەغدا گواستەوە، ئێمە زۆر دەترساین چونکە ئەو ڕێگایە هەمووی خاڵی پشکنینی داعش بوو رووبەندمان لە دەموچاومان کردبوو بۆ ئەوەی نەناسرێینەوە، شۆفێرەکەش دەترسا کە ئێمەی گواستەوە بۆ بەغدا، بەڵام لە پێناو خودا ئەوەی کرد.
بۆ پەڕینەوەمان مەحمود بەرتیلی بە خاڵەکانی پشکنین دەدا تاوەکو بپەڕێینەوە، کاتێك گەیشتینە بەغدا پەیوەندیمان کرد بە کەسانی ئێزیدی وکوردەکانی ترەوە تاوەکو یارمەتیمان بدەن، ئێستا ناتوانم وەسفی ئەو کاتە بکەم کە چۆن دووبارە ژیامەوە کاتێك گەیشتمە ئەو ماڵە لە بەغدا.
دواتر ئەو ماڵەی بەغدا لە ڕێگەی دوو کارتی خوێندکاری ساختەوە ئێمەیان لە ڕێگەی فرۆکەخانەی بەغداوە بەرەو هەولێری پایتەختی کوردستان بەرێکرد.
دوای نیشتنەوەی فڕۆکەکە رۆیشتینە ماڵی ڤیان دەخیلی پەرلەمانتار لەوێشەوە ئێمە رۆیشتینە ماڵی بابە شێخی گەورەی ئێزیدیەکان.
پاش چەندین ڕۆژ باوکمم لە باوەش گرتەوە کە خۆشترین ساتی ژیانم بوو، باوکم پێی وتم لەو ڕۆژەوەی ئێوە رۆیشتوون هەموو ڕۆژێك گریاوم، لەوێشەوە رۆیشتم بۆ کەمپی خانکێ دایك و کەسوکارەکەم لەوێ بوون یەکترمان لە باوەش گرت و دەستمان کردە گریان.
دواتریش زانیم کە برا ١٩ ساڵییەکەم لە لایەن داعشەوە رەمی کراوە، چیتر ئێمە ناتوانین بگەڕێینەوە لادێکەمان تاوەکو لە ژێر دەستی داعش ئازاد نەکرێت ئەگەر بشتوانین بگەڕێینەوە ناتوانم چونکە مەرگی براکەم بۆ من بووەتە مۆتەکەیەك.
ئێستا بیرم ئەکەوێتەوە ئەگەر ئەوەی من و شەیما بینیومانە ڕامان نەکردایە چی ڕووی دەدا و دەمتوانی چی بکەم؟ ئەمەوێت ئەم وڵاتە جێ بهێڵم ئەم وڵاتە چیتر شوێنێك نییە بۆ من و ئەگەر بتوانم دەمەوێت بڕۆمە وڵاتێکی دیکە تاوەکو لە سەرەتاوە دەست پێ بکەمەوە.

## تراژیدیای (٣)

## دایە تەنیا لە بەر منداڵەکان خۆم ناکوژم

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

لە تەنیشت یەکێك لە باخەکانی دەروازەی سلێمانی و لە نێو بینایەکی تەواو نەکراودا کە دەرگا و پەنجەرەی پێوە نییە، خێزانەکەی زوڵفا حەسۆ و چەند خێزانێکی دیکەی ئێزیدی گیرساونەتەوە. کاری ڕۆژانەی ئەوان، وەرگرتنی کۆمەك و چاوەڕوانی چارەنووسی ئاوارەیی خۆیانن، بەڵام کچە رفێندراوەکەی زوڵفا، هەموو شتێکی لە بیر بردووەتەوە و ئەو تەنیا دەیەوێت جارێکی دیکە کچەکەی ببینێتەوە.

زوڵفا حەسۆ، چاوە شینەکانی لە ئاسمان بڕیبوو، لاوازی و بێهێزی بە روخساریەوە دیار بوو، وەك کچەکەی دەیگوت، بە دوو ڕۆژ جارێك نان دەخوات، ئەویش لە ژێر گوشاری ئەواندا، زوڵفا دەڵێت "کچەکەم و دوو منداڵەکەی لە دەستی داعشدان، هەواڵی مێردی کچەکەشم هەر نییە و کەس نازانێ لە کوێیە، کچەکەشم چەند ڕۆژ جارێك تەلەفۆن دەکات".

هەموو تەلەفۆنێکی نێوان زوڵفا و کچەکەی، برینێك لە دڵیدا نوێ دەکاتەوە، لە دوایین پەیوەندیدا بە دایکی گوتبوو "دایە حەزدەکەم خۆم بکوژم، بەڵام لە بەر منداڵەکان دڵم نایەت". فرمێسکەکان بە چاویدا هاتنە خوارەوە و لەبەر خۆیەوە کەوتە لاواندنەوە.

زوڵفا و چەند خێزانێکی دیکە، دوای ١٥ ڕۆژ ڕێگا بڕین توانیویانە بگەنە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و دواجار لەو خانووەدا لە دەروازەی سلێمانی بگیرسێنەوە، ئێستا ئەگەر ئەو کچەکەی لە گەڵ بووایە، تەنیا خەمی بۆ ئەوە دەخوارد کە لە گوندەکەی خۆیان هەڵیانکەندن و ستەمیان لێکردن "ئەوەی کچەکەم دەیگێڕێتەوە بەسەر هەر کەسێك هاتبا، هەر وەك ئەوی دەکرد و خۆی دەکوشت". دەستی دایە مۆبایلەکەی و زەنگێکی بۆ کچەکەی لێدا، بەڵام ژمارەکە داخرابوو.

وەك بڵێی دڵنەوایی خۆی بكات، گوتی " تەنیا شەوان درەنگانێك تەلەفۆنەكەی دەكاتەوە، ئەویش لە ترسی ئەوەی شەحنی مۆبایلەكەی نەمێنێ زوو دایدەخات".

كچەكەی زوڵفا حەسۆ، كە خاوەن ٢ منداڵە، لەوەتەی شنگال لە لایەن چەكدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) دەستی بەسەردا گیراوە، ئەوانیش گیراون، زوڵفا قسەی نێوان خۆی و كچەكەی دەگێڕێتەوە "كچەكەم دەڵێت، چەكدارەكان بە شەوان دێن و ئەوەی بیانەوێت هەڵیدەبژێرن و دەیبەن".

كاتێك پرسیاری لێكردووە كە ئایا هیچ جارێك ئەویان بردووە، كچەكەی بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە دەستی بە گریان كردووە و تەلەفۆنەكەی داخستووە.

زوڵفا دەڵێ، شەوی دواتر هەمان پرسیاری لە كچەكەی كردووەتەوە " گوتی دایە گیان، ئەوەی بە سەر ژنەكانی تر دێت بە سەر منیش هاتووە، ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە بەس ئاژەڵ ئەو كارە دەكات".

تا ئێستا بە تەواوی ڕوون نییە كە چەكدارەكانی داعش چەند كچ و ژنی كوردی ئێزیدی و مەسیحییان بردووە، بەشێك لەو ژنانە فرۆشراونەتە خەڵكی سووری و هەندێكیشیان بە سەر چەكدارانی داعشدا دابەش كراون.

زوڵفا كە وا دیارە تەلەفۆنی شەوانەی كچەكەی بە تەواوی ئۆقرەی لێ بڕیبێت و نەهێڵێت بۆ ساتێك هێور ببێتەوە، باسی پەیوەندی تەلەفۆنی یەكێك لە شەوەكانی دەكات و دەڵێ، شەوانە دەیانبەنە دەرەوەی ئەو شوێنەی لێی بەند كراون، زوڵفا دەڵێ كچەكەم پێی گوتووم، ئەوەی زۆر ئازاریدام كچە بچكۆلەكەم بوو، چونكە دەیپرسی "دایە گیان ئێوە و ژنەكانی تر بۆ كوێ دەبەن، ئەی بۆ ئێمە نابەن".

زوڵفا، بە دەم گریانەوە جارجارێك هاوارێكی بۆ ئاسمان دەبرد، پاش چەند چركەیەك، دەستی بە قسە كردەوە لە بارەی كچەكەیەوە "كچەكەم گوتی دایە گیان هەر بگەڕێمەوە دڵنیابە نامەوێت زیندوو بم و خۆم دەكوژم، تەنیا بۆ ئەوە زیندووم تاوەكو منداڵەكان بە سەلامەتی بگەیەنمە ئێوە، جارێك لێم پرسی كە ئایا هەواڵی مێردەكەی دەزانێ یان نا، بەڵام ئەو هیچ هەواڵێكی مێردەكەی نازانێ و گوتی ئیتر هیچ شتێك گرنگ نییە بەلامەوە".

## تراژیدیای (٤)

## ناچاریـان کـردم وردەکارییـەکان بـۆ خێزانەکـەم بگێڕمـەوە کـە داعش چۆن سێکسمان لە گەڵ دەکەن

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ١٧ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کچێکـی ئێزیـدی کە لە لایەن چەکـدارانی دەوڵەتـی ئیسـلامی لە عێـراق و شـام (داعش) دەستگیرکراوە، باس لە چیرۆکەکەی دەکات لە ژێر دەستی چەکدارە تیرۆرستەکاندا، کە چۆن وەك کەنیزەك مامەڵەی لە گەڵ کراوە و بە شێوەیەکی دڕنـدانە و دوور لە هەمـوو بەهـا و داب و نەریتـی مرۆڤـایەتی دەسـتدرێژی سێکسی دەکرێتە سەریان، ئەو کـچە تەمەنـی (١٧) سـاڵانە و لە ڕۆژی ٣ ئـابی ٢٠١٤ لە ئەنجـامی هێرشـەکانی چەکـدارانی تیرۆرسـتی داعـش بـۆ دەڤەری شنگال رفێندراوە و تا ئێستاش واتە (شوباتی ٢٠١٥ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە) لە دەست چەکدارانی داعش دایە.
ئەو کچە ئێزیدیە کەمێك زمانی ئینگلیزی دەزانێت و نیازی وابوو لە دەرەوەی وڵات درێژە بە خوێندنی بدات.
لە لایەن چەکدارانی داعشـەوە ڕێگـای پێدراوە پەیوەندی بە ماڵەوەیـان بکـات، بەڵام نەك پەیوەنـــدیەك وەك ئەو کچـــانەی لە دەرەوەی وڵات و بە دڵێکـــی خۆشـەوە پەیوەنـدی بە ماڵەوەیـان دەکەن، بەڵکـو چەکـدارانی داعـش ئەم کـچە ئێزیدیەیان ناچار کردووە کە پەیوەندی بە ماڵەوەیان بکات و بە تێروتەسـەلی و بە بەردەوامی و ڕۆژانە باس لەو دەستدرێژی سێکسیانە بکات کە چەکداران لە گەڵـی ئەنجـامی دەدەن، ئەو کـچە رفێنـدراوە دەسـتگیرکراوە وتـی:"بـۆ ئەوەی چەکـدارانی داعـش زیـاتر ئازارمـان بـدەن و ناچارمـان دەکەن پەیوەنـدی بە خانەوادەکەمـان بکەیـن و بە وردی بـاس لەو دەسـتدرێژییە سێکسـیانە بکەیـن کە چەکدارەکان لە گەڵمانی ئەنجام دەدەن".
خێزانی کچەکە دەڵێن: "کاتێك کچەکـەمان وردەکاریـەکانی دەگێڕایـەوە گوێمـان لە پێکەنینی داعشەکان بوو کە گاڵتەیان پێدەکردن، ئەوان وا هەسـت دەکـەن کـە سوپەرمانن، بەڵام ئەوان خەڵکانێکن نە دڵیان هەیە نە هەست".

دایــك و بــاوكی ئەو كــچە رفێنــدراوە ژمــارەی تەلەفــۆنی كچەكــەیان بە ڕۆژنامەیەكی ئیتاڵی كە ناوی (Italian paper La Repubblica) یە داوە، لەو پەیوەنــدییەی ئەم ڕۆژنــامە ئیتــاڵیە لە گەڵ ئەم كــچە رفێنــدراوە دەستگیركراوەی كردوویەتی، ئەم كچە تكای لەم ڕۆژنامەیە كردووە كە ناوی ڕاستەقینەی بـڵاو نەكەنەوە و وتـوویەتی:"من زۆر شـەرم دەكەم بەرامـبەر بەوەی بە سەرم داهاتووە، زۆرجار حەز دەكەم بمرم و لێرە ژێر خاكم كەن و تاهەتایە لێرە بم دوور لە خانەوادەكەم، هەندێك جاریش ئومێدم ئەوەیە رزگار ببم و جارێكی تر بچمەوە ئامێزی خانەوادەكەم".
بە پێی قسەكانی ئەم كچە دەستگیر كراوە نزیكەی (٤٠) كچ كە تەمەنیان لە نێوان (١٢ بۆ ٣٠) ساڵان بوو بەرەو شوێنێكی نەزانراو و نادیار براون و چارەنووسیان دیار نیە.
كاتێك ئەم ڕۆژنامەنووسە ئیتاڵیە پرسیاری ئەوەی لەم كچە رفێندراوە كرد كە ئایا چەكدارانی داعش چیان لێ دەكەن؟ ئەو كچە وەڵامی داوەتەوە و وتوویەتی:"چیترمان لێ دەكەن بەڕاستی شەرم دەكەم بۆتانی باس كەم و نازانم چۆن باس لەم ئازار و ئەشكەنجەیە بكەم!! ".
لە هەمان پەیوەندیدا ئەو كچە باسی ئەوە دەكات:"كە چەكدارانی داعش ئەوانیان كردووەتە چەند خانوویەك پاسەوانی و چاودێری بەردەوامیان دەكەن و سێ ژووری زۆر مەترسیدار و جەرگ هەژێن هەن كە تەنیا جێگای دەستدرێژی سێكسین و لەم ژوورانە دەستدرێژییان دەكەنە سەر، زۆرجار لە ڕۆژێكدا چەندین جار دەستدرێژی دەكەنە سەر یەك كچ".
ئەو كچە رفێندراوە ئەوەشی باس كرد وتی:"كاتێك هەوڵی بەرگری دەكەین ئەوان زۆر ئازارمان دەدەن و زۆر دەمان ترسێنن، من زۆر جار ئومێد دەكەم ئەوەنە ئازارم بدەن تا رۆح لە لاشەم دەردەچێ و گیان لە دەست بدەم".
لە بەردەوامی پەیوەندیەكەیدا دەڵێت:"هەندێك لە كچەكان مانیان لە قسە كردن و خواردن گرتبوو، بەڵام ئەوان بران و چارەنووسیان دیار نیە و نازانین چیان لێ كردن! زۆر لە كچەكان هەوڵی خۆكوشتن دەدەن، زۆر جار وا هەست دەكەم كە هەرگیز ئەو زۆرداریە كۆتایی نایەت و تا هەتایە ئەو ئازارە دەچێژین... ".
چەكدارە داعشەكان كچەكەشیان بەوە ناچار كردووە كە بە خێزانەكەی بڵێت كە چێژ لەو سێكسە وەردەگرێت كە لە گەڵ چەكدارەكاندا ئەنجامی دەدەن و ناچار دەكرێت بەوەی بڵێت ژیانێكی زۆر خۆشیان هەیە لە گەڵ داعشدا.

ئەم کچە ١٧ ساڵانە ئاماژەی بەوەش کرد، هەندێک لەو چەکدارانەی سێکسیان لە گەڵ دەکەن بەریتانین و بوون بە داعش.
ئەو کــــچە رفێنــــدراوە بەم قســــەیە کۆتـــایی بە پەیوەنــــدیەکەی لە گەڵ ئەم ڕۆژنامەنووســە ئێتــاڵیە دەهێنێـت و دەڵێـت: "چەکـدارانی داعـش کۆتاییـان بە جەستەم هێناوە، ئێستا دەیانەوێ کۆتایی بە رۆحم بێنن.!! ".

**تراژیدیای (٥)**

**چیرۆکی یەکێك لەو کچە کوردانەی کە لە لایەن داعشەوە رفێنرابوو**

ناو و نازناو: ئەدیبە
تەمەن: ١٤ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندێکی سەر بە قەزای شنگال

ئەدیبە ئەو کچە کوردە ئێزیدیە ١٤ ساڵانەیە کە دوای داگیرکردنی شنگال لە لایەن داعشەوە رفێنراوە و فرۆشراوەتەوە چەکدارەکانی ئەو رێکخراوە توندڕەوە.
ئەو کچە دوای رزگار بوونی لە دەست چەکدارانی داعش بە دامەزراوەی (تۆمسۆن رۆیتەرز)ی گوتووە:"دوای ئەوەی لە شنگال بۆ سنوورەکانی موسڵ گواسترابینەوە و لە گەڵ کچێکی دیکە لە ژوورێك دانراین، بینیم ژوورەکەمان هیچ پاسەوانێکی نییە و دەرگاکەشی کراوەتەوە، بەڵام نەمزانی چی بکەین، جانتایەکی پڕ مۆبایل لەوێ هەبوو و ڕاستەوخۆ پەیوەندیم بە براکەمەوە کرد".
سەمیر کە برای ئەدیبەیە، دەستبەجێ داوای لە خوشکەکەی کردووە، بچێتە ماڵێکی نزیك و پرسیاری ئەوە بکات کە ئاخۆ چۆن دەگاتە ناوچەیەکی دەرەوەی کۆنترۆڵی داعش. بە گوتەی ئەدیبە، ئەو کارە گیان فیداییە، چونکە "کەس دۆست و دوژمنی بۆ لە یەکتر جیا نەدەکرایەوە". بۆیە ئەو و کچە رفێنراوەکەی دیکە بڕیاریاندا بچنە ماڵێك و یەکێك لە خانووەکانیان هەڵبژارد، ئەو دەڵێت "بارودۆخی خۆمان بۆ ماڵەکە باس کرد و ڕێگەیەکیان پێ گوتین تا بگەینە سنوورەکان".
دوای ئەوە، ڕاستەوخۆ کچەکان بەرەو سنووورە ئارامەکان چوون، بەڵام "نەماندەتوانی بڕۆین، قاچەکانمان دەلەرزین و دڵی منیش زۆر بە خێرایی لێیدەدا، لە گەڵ ئەوەش بە پەلە رۆشتین و سەیری دواوەی خۆمان نەکرد".
پاش ٢ سەعات، ئەدیبە و کچە رفێنراوەکەی هاوڕێی گوێبیستی دەنگی تەقە دەبن، پاش نزیکبوونەوەیان بینیویانە ژمارەیەك چەکداری داعش لە گەڵ هێزێك شەڕ دەکەن، ئەوانیش بە گریانەوە بەرەو ناو ئەو هێزە دەچن کە لە دژی داعش شەڕ دەکەن، لەو کاتەدا ئەدیبە گریان و پێکەنینی تێکەڵ کردبوو.

ئەدیــبە یەکــێکە لەو کــچە کــوردە ئێزیــدییانەی کە دوای هەوڵــدانێکی زۆر، توانیویەتی خۆی لە دەست زوڵم و زۆرداری چەکدارانی داعش رزگار بکات کە دەستیان بە سەر رووبەرێکی بەرفراوانی عێراق و سوریادا گرتووە.
ئەدیبە ئەوە ناشارێتەوە کە دوای جیاکردنەوەی ژنە بەتەمەنەکان لە گەڵ ژن و کــچە رفێنــراوە بچووکەکــان، لە لایەن چەکــدارانی داعــش ڕووبەڕووی دەستدرێژی بەکۆمەڵ بوونەتەوە و سەرکردەیەکی داعش ئەو کارەی ئەنجام داوە. دەشڵێت "چارەنووسی ئەو رفێنراوانە فرۆشتنە بەو کەسەی کە زۆرترین نرخیان پێدەدات".
ئەدیبە پێشتر لە گوندێکی بچووك لە گەڵ ٢٥ کەس لە خانەوادەکەی دەژیا، ئەو حەزی لە قوتابخانەکەی بوو و ئارەزووی دەکرد وەك مامۆستایەك کار بکات، بەڵام کاتێك بیستیان کە داعش هێرشی کردوونەتە سەریان، بەرەو گوندێکی تەنیشت گوندەکەیان هەڵاتوون.
ئەدیــبە دەڵێــت:"بەڵێنی ئەوەیــان پێــداین کە ئەگەر خۆمــان ڕادەســت بکەیــن، ئەشکەنجەمان نادەن، بەڵام دواتر ژن و پیاو و منداڵیان لە یەکتر جیا کردەوە و هەموو پارە و ماڵەکانیان بردین، پاشان هەموانیان سواری ئۆتۆمبێلێك کرد و بۆ شوێنێکی نادیار".
لە کۆتاییدا ئەدیبە خۆی لە گەڵ بەشێك لە خانەوادەکەی لە زیندانی بادۆشی نزیك موسڵ دۆزییەوە، هەر لەو کاتەدا زیاتر لە هەزار ژن و منداڵی دیکەی کوردی ئێزیدی لەوێ بوون. ئەو ساتە بوو کە دایکی و ئەندامانی دیکەی خانەوادەکەی لێی جیا کرانەوە و ئەویش بۆ ئەو شوێنە بردرا کە دواتر توانی خۆی لێ رزگار بکات.
ئێستا ئەدیبە کاتەکانی لە کەمپێکی پەنابەران لە گەڵ دوو برای بەڕێ دەکات، کەچی نازانێت چارەنووسی ٢٠ ئەندامی خێزانی و خزمەکانی کە تا ئێستاش لە ژێر دەستی داعش دان، چییە!.

## تراژیدیای (٦)

## کچێکی رفێندراوی ئێزیدی

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ٢٣ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی کۆچۆ

بە زمانی خۆی:"من کچێکی ئێزیدی گوندی (کوچو) مە، چەکدارانی داعش گوندەکەمانی گەمارۆدا و دەست بە سەر خەڵکی ئاوایی دا گیرا و ئێمە نەمان توانی وەك خەڵکەکانی تر ئاوارەی چیای شنگال ببین.
چەکدارانی داعش سەرەتا بە ناو ماڵەکان کەوتن و هەرچیەك هەبوو هەموویان برد، دواتر هاتن لە ڕێگەی موختاری گوندەوە وتیان پێویستە ئاینتان بگۆڕن و موسڵمان ببن، لە سەر دیواری قوتابخانەکە نووسیان (هذا قرية الدولة الاسلامية، لا احد تعرض عليه)...
دوای چەند ڕۆژێك خەڵکی حاتمی بە شەو بەرەو چیا هەڵاتن و خۆیان رزگار کرد، بەمەش چەکدارانی توندڕەوی تیرۆرستانی داعش پاسەوانی زیاتریان لە گوندی ئێمە گرت و بە تەواوی گوندەکەیان گەمارۆدا و هاتووچۆ قەدەغە کرا و بنکە و بازگەی خۆیان لە ناو گوند و دەوروبەری گوند دانا.
دووبارە هاتنەوە لای موختاری گوند و وتیان ئەگەر ئێوە ببنە موسڵمان ئەوا ئێمە برای یەکترین و هیچتان لێ ناکەین، دوای دوو ڕۆژی تر هاتن و وتیان ئێوەی خەڵکی گوندی کۆچۆ بە تەنیا ماون و ئێمە ئێوەش دەبەین و ئازادتان دەکەین و بۆخۆتان بڕۆن بگەنەوە کەسوکارتان لە چیا...
کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ هەموومانیان لە قوتابخانەی کۆچۆ کۆکردەوە، وتیان ئافرەتەکان لە تابقی دووەم و پیاوەکان لە تابقی یەکەم، دواتر جانتایەکیان هێنا و وتیان هەمووتان مۆبایلەکانتان بخەنە ناو ئەو جانتایە، پاشان هەرچی پارە و زێر و زیو هەبوو ئەوانیشیان لێ سەندین و خستیانە نێو جانتاکەوە، دواتر پیاوەکانیان دەستە بە دەستە بە چەند ئۆتۆمبێلێك گواستنەوە، ئێمە لە پەنجەرەکەوە ئەوەمان بینی.
پاشان ئێمەیان بردە قوتابخانەی سولاخ کچ و ژن و منداڵ و پەککەوتەکانیان لە یەکتر جودا کرد.

ئێمه نزیکەی (١٥٠) کچ بووین کاتژمێر ١١:٣٨ خولەک ئێمەیان لە (٤) پاسی نەفەرهەڵگر سوارکرد، ئێمەیان بردە تەلەعفەر لە ڕێگاوە لە ناو پاسەکەدا چەکدارانی داعش لە پێش چاوی هەموویان دەستیان بە لاشە و ڕوومەتی ئێمەدا دەهێنا و بێزێزیان بەرامبەر بە ئێمە دەکرد و ئێمەیان کردبووە گاڵتەجاڕی خۆیان، ئێمە هەوڵمان دەدا ڕایانگرین و نەهێڵین ئەم دەست درێژییە بکەن، بەڵام توانا و هێز و دەسەڵاتمان نەبوو، بەم شێوەیە ئێمەیان هێنایە موسڵ لە خانوویەکی گەورەدا ئێمەیان فڕێ دا چەندین چەکداری داعش پاسەوانیان دەکرد و کاتێك ئێمەی کچانی گوندی کۆچۆیان بردە ناو خانووەکە کچانی ئێزیدی گوندەکانی (گرد و عوزیر و سنون و خانەسوور و حەردان و...) لەوێ بوون، شەو لەوێ ماینەوە، بەیانی ئەمیرێکی داعش هات و بە ئارەزووی خۆی(٣) کچی هەڵبژاردوو بردی، ئەمیرەکانیان کچەکانیان دەبرد و دەستدرێژیان دەکردە سەریان و لە کچێنییان دەخستن دواتر ژنەکانیان دەدا بە پاسەوانەکانیان، ئەمە بەردەوام بوو، کاری هەمیشەیی و ڕۆژانەیان بوو، زیاتر کچە جوان و کەم تەمەن و تازە پێگەیشتووەکانیان دەبرد، پاسەوانەکانیان کاتێك ئیشیان لە گەڵ ژنەکان تەواو دەبوو، ئەوانیش جارێکیتر ئەم ژنانەیان دەفرۆشتەوە لە بازارەکان بە (٢٠٠) دووسەد دۆلار دەفرۆشران و دەستاو دەستیان پێ دەکرا و تا نرخیان دەگەیشتە سەرووی(١٠٠٠) هەزار دۆلار...

دایك و خوشکەکانم لە تەلەعفەر بە جێ مابوون من و کچی برام لە موسڵ بووین لەم خانوویەش ئێمەیان گواستەوە بۆ خانوویەکی بچوکتر کە (٦٣) کچ بووین، لەوێ بە هەمان شێوە شەوانە پیاوەکانی داعش دەهاتن هەرچی کچێکیان بە دڵ بوایە دەیان برد، ئێمە چەندین جار هەوڵمان دەدا دەرگا لە سەر خۆمان دابخەین و ڕێگرییان لێ بکەین و نەهێڵین بمان بەن بەڵام نەمان دەتوانی و فرمێسك و گریان و هاواری ئێمە سوودی نەبوو، ئەوان بە زۆر دەیانبردین، ئێوارەیەك هاتن منیان هەڵبژارد بەڵام من خۆم کرد بە زەوی و نەم هێشت بم بەن، کچێکی تر لە تەنیشتم بوو ئەویان برد و ڕۆیشتن".

ئەم کچە ئێزیدیە ڕفێندراوە بە گریانەوە دەیوت:"کچەکان بە هەرزانی دەفرۆشران و مەزادیان پێ دەکرا لە بازاری تایبەتدا، ئەوەی نرخی نەبێت لای ئەوان ئافرەتە".

بۆ ماوەی (٩) ڕۆژ لەم خانووەدا بووم بە بەردەوامی تێبینی و چاودێری پاسەوانەکانم دەکرد، هەستم کرد پاسەوانی کردنیان پتەو نەبوو زۆر جار شەوانە دەخەوتن، شەوێکیان دوای ئەوەی چووم بۆ لای پاسەوانەکان و بینیم

خەوتوون بە دەرفەتم زانی و کاتژمێر (١٢:٣٠) خولەکی شەو من ڕام کرد و لەم خانووە دەرکەوتم چووم لە دەرگای ماڵێکی عەرەبی موسڵم دا... ".
ئەو هاوڵاتیە عەرەبەی دەرگای لە کچە ئێزیدیە رفێندراوەکە کردەوە، وتی:"پاش کاتژمێر ١٢ و نیوی شەو لە دەرگامان درا ترساین و وامان زانی پشکنینە، دەرگامان کردەوە بینیمان کچێکە! لێمان پرسی لە کوێ هاتی و تۆ کێی؟ وتی من کچێکی ئێزیدیم و لە دەست چەکدارانی داعش هەڵاتووم، بە گریانەوە وتی هاوکاریم بکەن، ئێمەش لە نهۆمی سەرەوە لە گەڵ کچەکانی خۆمان دامان نا و پێشوازیمان لێکرد، ڕۆژی دووەم و دواتر ناسنامەیەکی ساختەمان بۆی دروست کرد و نووسیمان (مسلمة)، دوای (٥) ڕۆژ لە موسڵەوە دەرچووین، لە بازگەکان ڕایان دەگرتین بەڵام لە بەر ئەوەی وایان دەزانی لە خێزانەکەمانە و هاوسەرمە، هیچیان نەدەگوت تا گەیشتینە سلێمانی... ".

## تراژیدیای (٧)

## کچە کوردێکی ئێزیدی باسی ڕۆژانی ژێر دەستی داعش و هەڵاتنی دەکات

ناو و نازناو: مینا ئەمین
تەمەن: ١٦ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی کۆچۆ

لە یەکێك لە کەناڵەکانی هۆڵەندی لە ڕێپۆرتاژێکدا باس لە تراژیدیا و بەسەرهاتەکانی ئێزیدی و قوربانیانی دەستی داعش دەکات و لە چاوپێکەوتنێکیشیدا لە گەڵ کچە ئێزیدییەکی هەڵهاتوو لە داعش نموونەیەکی ئەو تراژیدیایە ڕووندەکاتەوە.
ئەو کچە ئێزیدییە کە ناوی، مینا ئەمین-ە بەسەرهاتی سەرەتای هاتنی داعش بۆ گوندەکەیان و چۆنیەتی کۆکردنەوە و شوینبزرکردنی پیاوانی گوند و دواتر بردنی ئەوان بۆ موسڵ و مامەڵەی داعش و دواتر رزگاربوونی خۆی بۆ کەناڵەکە دەگێڕێتەوە و سەرەتا دەڵێت، ئەبو حەمزە بەرپرسی چەکدارەکانی داعش هاتە لامان و وتی:" مەترسن ئێمە ناهێڵین کەس هیچتان لێ بکات"، دەشڵێت، دواجار ماچی کردم و ڕەقەمی خۆی پێدام و وتی:"هەر کەسێك هاتە لای ئێوە و ئازاریدان ئێمە ئاگادار بکەوە".
دەشڵێت:"ڕۆژی داهاتوو ١٥ی مانگ، چەند چەکدارێکی داعش هاتن چوار دەوری ئێمەیان گرت و تەقەیان کرد کە جەماعەتێك بوون لە شێوەی ڕەتلێك، ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە سەعات ١٠و نیو بۆ ١١ دەبێ بچینە قوتابخانەی گوندو و هەموو خەڵکی گوند لەوێ کۆببینەوە گوایە پێناسەمان بۆ دەردەهێنن".
مینای کچە ئێزیدی بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"دواتر لە قوتابخانەکە ئەو شتانەی لە پەنجەمان بوون وەك ئیکسیسوار و موستیلە داوایان لێکردین هەموویان لە دەستمان داکەنین، دواتر داوای مۆبایلەکانیان لێکردین و ئەوانیشیان برد، ئینجا داوای زێڕ و پارە و شتیان کرد، پاشان وتیان ئەگەر شتتان پێ مابێت هەموویمان پێ بدەن ئەگینا دوای پێتان بێت دەتانکوژین، دواجار کە شتمان پێنەما و هەموو شتەکانیان لێسەندین، ئینجا وتیان پیاوەکان وەرن سواری ئۆتۆمبێلەکان بن و هەموو پیاو و گەنجەکانیان برد، هەموویان

لە بۆدی و دواوەی سەیارەکان سوار کرد و بردیانن گوایە دەیانبەن بۆ ئەوەی بگەنە ئێزیدیەکان کە مەبەست لێی ئەوانەی شاخ بوو، دواجار ئێمە ماینەوە و پیاوەکانیان گشتی بردن و نەهاتنەوە"..
بەردەوام دەبێت و دەڵێت:" دواتر ئێمەیان بردە موسڵ و لەوێ بردیانین بۆ ماڵێك کە سێ نهۆم بوو، نزیکەی سەعات دوو یا زیاتر بوو کە گەیشتینە ئەو خانووە لە نزیك خانووەکە ئەوەی بەرچاوم کەوت لافیتەیەك یا تابلۆیەك بوو کە لێی نووسرا بوو (مشروع أكمال جامع بسوق نينوى كبير) کە شوێنەکە نزیك فندق موسڵ بوو، ئیتر ئێمە سێ بۆ چوار ڕۆژ لەوێ بووین و لەوێ دایان ناین، ئەوانەی لەوێ بوون هەمووی کچ بوون، هەر تاو نا تاوێك گەورەی ئەوان و تاقمێك دەهاتنە ئەوێ و کچەکانیان دەبرد، ئەوانەی بچوك بوون زیاتر ئەوانەیان دەبرد، هەر کاتێك پیاوانی داعش خۆیان دەکرد بە ژوورەکاندا و دەهاتن بە منیان دەگوت هەستە رابە لە گەڵمان وەرە، بەڵام هەموو جار دەگریام و ئینکاریم دەکرد و نەدەچووم".
مینا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"پێمان دەوتن ئێمە دەمانەوێ بچینەوە ماڵی خۆمان و خانەوادە و خاوەن و پیاوانی ئێمە بێن و بمانبەنەوە، ئەوان دەیان وت ئێوە خاوەنتان نیە و تەنها ئێمە خاوەنی ئێوەین".
دەشڵێت بەردەوام پیاوەکانیان دەهاتن، تا دواجار پیاوێکیان هات و وتی:" پێویستە ئێوە ببەین و هیچ دەرفەتێکتان نەماوە، من دیسان گریام و وتم، بمکوژن لێرە باشترە، وتیان دەتەوێ بمری؟ وتم بەڵێ، ئیتر بەرپرسەکەیان منی دانا لە سەر قەنەفەیەك و دەمانچەکەی لە پاسەوانەکەی خۆی وەرگرت و داینایە سەر سەرم و ویستی بمکوژێت"، دیسان وتی:" تۆ دەتەوێ بمریت؟ وتم بەڵێ، رایکێشا سەرم، کچێك هەر لەوێ ویستی بەرگریم لێ بکات، بەڵام دوای چەکەکەی هێنایە خوارێ نازانم فیشەکی پێنەبوو یان تەنها بۆ ترسانی ئێمە بوو یان هەر بەڕاستی نەیتوانی بمکوژێت!! ".
مینا ئەمین ڕۆژەکانی ژماردوە و دەڵێت:"پاش شەش ڕۆژی تر کە لەوێ ماینەوە، ئێمە کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ خواردنمان بۆ هات و خواردمان، پاشان من وتم، دەمەوێ بچمە تەوالێت، رێگەیاندام و چووم ، لەوێ سەیرم کرد دەرگای مەتبەخەکە کراوە بوو دەرگاکانی تر هەمووی قفڵ کرابوون، بینیم هەندێك بەرد و بوتڵی غاز و ئەو شتانە لە مەتبەخەکە بوون، گەڕامەوە کچێکی تر بە ناوی، حەنیفە-م بانگ کرد و هێنامە تەوالێت و خۆم چوومەوە سەیرم کرد نەمتوانی هیچ کچێکی تر بانگ بکەم و ئەوانیش ئامادەی هاتن نەبوون، ئیتر شتەکانمان بردە ژێر دیوارەکەوە و هەر چۆنێك بێت بە سەر

قنینەی غازەکە هەڵگەڕام و خۆمم خستە ئەو دیو دیوارەکـە و سـەربانەکەی تـر دواجار خۆمم رزگار کرد و هەموویانم لەوێ جێهێشت".
لە کۆتایشدا لـە وەڵامـی پرسیاری ئـەوەی چۆن ئـەو دیمەنـەت دێتـەوە بـەرچاو کاتێك خوشك و ئامۆزا و هاوڕێکانت و ئەوانەت لەوێن و جێماون چۆن بیریان دەکەیت و لە یادتن؟ مینا بە خەمباری و دەنگی کز و سەردانەواندنەوە دەڵێت:" زۆر زۆر نیگەرانم زۆر هەموو هۆشم هەر لای ئەوانە و بیریـان لێدەکەمـەوە، چونکـە دەزانـم ئێستا حـاڵی ئـەوان چۆنـە"، ئیتـر مینـا لـەوە بـە دوا کۆتـایی بـە قسەکانی دێنێت و گریان قورگی دەگرێت و قسەی بۆ ناکرێت.

## تراژیدیای (٨)

## كچێكی ئێزیدی رزگاربوو

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ١٧ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

لە زاری خۆیەوە:
" لە ٣ی ئاب ئێمەش وەكو هەموو خەڵكی شنگال و دەوروبەری بەرەو چیا ڕامان كرد، بەڵام لە پێچەكانی چیای شنگال، چەكدارانی داعش هاتن و ئێمەیان دەستگیركرد و ئێمەیان بردەوە شنگال، پیاو و ئافرەتەكانیان لە یەك جودا كردن و لەو كاتەدا خوشكەكەم رشایەوە و لە هۆش خۆی چوو، چەكدارەكان خوشكەكەمیان برد و نەمانزانی چی بە سەر هات و بۆ كوێ برا و چارەنووسی دیار نەما.
شەوێك لە شنگال ماین و ڕۆژی دواتر ئێمەیان بردە زیندانی بادووش، حەوت ڕۆژ لەم زیندانەدا بووین و جێگا و شوێن و خواردن و خواردنەوەمان زۆر خراپ بوو، فڕۆكەكانیش بۆردوومانی ئەو ناوچەیان دەكرد ئێمە زۆر دەترساین بەر بۆردوومان بكەوین چونكە چەكدارانی داعشی لێ بوو، فڕۆكەكانیش بۆردوومانی چەكدارانی دەكرد.
دواتر ئێمەیان بردە قوتابخانەیەكی تەلەعفەر و ژنە بەتەمەنەكان و ئافرەتە خێزاندارەكان و كچە (٩ بۆ ١٠) ساڵانەكان و منداڵەكان و كچە هەرزەكار و كچە سپی و جوانەكانیان لە یەك جودا دەكرد، من گوێم لێ بوو كاتێك لە یەكیان جودا دەكردین، دەیان وت: پیرێژنە بەتەمەنەكان هەر لەم قوتابخانەیە لە كارەبا دەدەین و دەیان كوژین و كچە جوان و سپیەكان دەبەین و منداڵەكان بە پەروەردەی خۆمان پەروەردەیان دەكەین و فێری قورئانیان دەكەین و كچە (٩-١٠) ساڵانەكانیش لە لای خۆمان رایان دەگرین و موسڵمانیان دەكەین و كاریان پێ دەكەین و كە گەورەتر بوون مارەیان دەكەین لە خۆمان.
دواتر من و چەندین كچی تر نزیكەی (١٠٠) كەس دەبووین ئێمەیان بردە موسڵ لە خانوویەكی چوار تابقدا كە تابقی خوارەوەی ژێرزەمین بوو، پاشان ئێمەیان هێنایەوە تەلەعفەر و دواتر ئێمەیان هێنایەوە شنگال من و هاورێكەم

دوو شەو لە خانووی هاوڵاتیەکی ئێزیدیدا بووین، پاشـان نـازانم کە فرۆشـراین یـاخۆد پێشـکەش کـراین بە دوو چەکـداری گەنجـی داعـش هەر یەکەمـان بـۆ یەکێکیان، ئێوارە بـوو هەریەکەمـان بـۆ خـانوویەك بـراین، مـن و هـاورێکەم لـە یەک جودا کراین، هەمان ڕۆژ کـاتژمێر (٧)ی ئێـوارە بینـیم کەس لەوێ نـیە و ئەو گەنجە داعشەی منی پێشکەشکرابوو، لەوێ نەبوو، منیش بە دەرفەتم زانـی و دەبەیەك ئـاوم هەڵگـرت و بەرەو چیـا ڕامکـرد و تـا گەیشـتمە هێزەکـانی پێشمەرگە و ئیتر رزگارم بوو".

## تراژیدیای (٩)

## جیلان خۆی كوشت

ناو و نازناو: جیلان برجس نایف
تەمەن: ١٤ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: كۆمەڵگای گرعوزێر

زۆرن چیرۆكی ئەو كچە ئێزیدیانەی كەوتوونەتە دەست چەكدارانی داعش و دەستدرێژی سێكسییان كراوەتە سەر و كڕین و فرۆشتنیان پێكراوە، بەڵام چیرۆكی رفاندنی جیلان چیرۆكێكی جودا و جەرگبڕتر و جەرگ هەژێنترە لەوانی تر.
كەسوكاری جیلان باسیان كرد و وتیان:"دوای هێرشی چەكدارانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری جیلان و خوشكەكانی و ئەندامانی تری خێزانیان كەوتنە دەست چەكدارانی داعش و تەنیا برایەكیان رزگاری بووە و تەمەنی ١٠ ساڵانە و لە یەكێك لە قوتابخانەكانی زاخۆ لە گەڵ مامۆژنی ژیان بە سەر دەبات".
جگە لەوەی كە جیلان و ئەمیرە كچی مامی یەكترن دوو هاورێی گیان بە گیانی یەكتر بوون، دوای ئەوەی ئەمیرە دەربەدەر دەبێت و ئاوارەی چیای شنگال دەبێت و نەهامەتیەكانی چیای شنگال ئەچێژێت و دواتر دەگەنە ناوچە ئارامەكانی كوردستان، یادگاریەكانی ئەمیرە هەمووی لە گەڵ جیلان بووە، ئەمیرە باسی پێش هاتنی چەكدارانی داعش و ژیانی ڕۆژانەی خۆی و ئەمیرەی هاورێی دەكرد و وتی:" ئێمە لە ناحیەی گردعوزێر دەژیاین، جیلان نزیكترین هاورێم بوو هەموو نهێنی یەكترمان دەزانی و هاوكار و یارمەتیدەر و تەواوكەری یەكتر بووین و بە یەكەوە زۆر دڵ خۆش بووین و بۆ هەرشوێنێك بچوومایە جیلانم لە گەڵ بوو بۆ بازار و پارك و گەشت و گوزار و ئاهەنگەكان".
حسێنی تەمەن ١٠ ساڵانی برای جیلان وتی:"خوشكەكەم جیلان منی زۆر خۆش دەویست و هەمیشە یارمەتی دەدام و ئامۆژگاری دەكردم و لە خوێندنیشدا زۆری فێر كردم، بەڵام ئێستا من بە تەنیا ماومەتەوە هەموویان كوژران و رفێندران"، حسێن لە بەر گریان لە قسە كردن وەستا.

ڕۆژی ٣ ی ئاب دوای هێرشەکانی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆمەڵگاکانی باشووری چیای شنگال لە خانەوادەی (نایف) کە ناسراوە بە (نایفێ ئەسمەرێ) زیاتر لە ٣٠ کەس دەستگیر کراون و جینۆسایدکراون، ئەو منداڵە بە شانسێکی گەورە لە کوشتن و بەدیل گرتن و جینۆساید رزگاری بووە، دوای ئەوەی چەکدارەکان هاتوون تەواوی خانەوادەکەیان دەستگیر کردن و پیاوەکانیان رەمی کردن و کچەکانیان بردوون، ئەو منداڵە خۆی لە بن بەتانیەك حەشارداوە و تاکو چەکداران لەو ناوە نەماون و دواتر خۆی گەیاندووەتە چیای شنگال.

ئەوان لە قوتابخانەیەکی زاخۆ بە دوای هەواڵی کەسوکارە رفیندراوەکانیان بوون و حوسێنیش بە دوای هەواڵی دایك و خوشکەکانی، بەڵام هەواڵی خۆکوشتنی جیلانیان پێدەگات.

دەنگی گریانی ئەمیرە و دایکی ئەمیرە و تەواوی ئەو کەسانەی لە ژووری قوتابخانەکەدا بوون لەم قوتابخانەیە دەنگی ئەدایەوە و هاواریان بوو، ناوە ناوە ناوی جیلانیان دەهێنا و بە لاوك و شعری تایبەت بە خۆیان ستایشی بەژن و باڵا و جوانی جیلانیان دەکرد، گریانی ئەمیرە لە هەموویان کاریگەرتر بوو، ئەگەر بۆ ئەوانی تر تەنیا کچێکی گەنج و جوان و بە رەوشت بووبێت ئەوە بۆ ئەمیرە هاورێیەکە و تەواوکەری ژیانیەتی.

دایکی ئەمیرە واتە مامۆژنی جیلان بە گریانەوە وتی:"بە تەلەفۆن لە رێگەی خوشکەکانی جیلانەوە ئەوەمان پێراگەینرا کە جیلان لە حەمامی زیندانەکە بە چەقۆ دەماری دەستی خۆی بڕیوە و خۆی کوشتووە".

جیلان برجس نایف، لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ خوێندکاری پۆلی پێنجی زانستی و قوتابیەکی زیرەک بوو شارەزای لە بواری پزیشکی هەبوو، ئەو زانیویەتی کام دەمار کاریگەرە و ئەو دەمارەی بریوە، بۆ ئەوەی بە زووترین کات بمرێت و ئەو نەیویستووە ببێتە بوکەڵەیەك بە دەست چەکدارانی داعشەوە بە ئارەزووی خۆیان چیان بوێ لێی بکەن.

مامۆژنی جیلان بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی و وتی:"سەرەتا دوو منداڵیان کوژران"، دواتر بە پەنجەی دەست ناوی ئەندامانی خێزانی جیلانی هێنا کە کامیان پێش ئەویتر کوژراون و گوڵلە باران کراون، وتی:"قاسمیان کوشت پاشان عیدو یان کوشت و دواتر بارزیان کوشت و تالبیان پێش قاسمیان کوشت، جەمیلیش هاتە کوشتن و بەکریشیان کوشت، رێزان و بارزانیش کوژران و جیلانیش خۆی کوشت".

مـامێكی جیلانـیش كه له ئه‌نجـامی هێرشـه‌كانی داعـش و به‌رگـری كـردن له خۆیان بریندار بوو، وتی:"دایك و سێ خوشكی جیلان و چه‌ندین كه‌سوكاری ترمـان له ده‌ست چه‌كدارانی داعشـدان و چـاوه‌ڕێ ده‌كه‌یـن ڕۆژێك له ڕۆژان بگه‌ڕێنه‌وه".
ئه‌میره وتی:"جیلان كچێكی جوان و روخسـار سپی و بـاڵا به‌رز و ڕاستگۆ و به‌وه‌فا بوو"، دواتر وێنه‌ی جیلانی به ده‌سته‌وه گرت.
ئه‌میـره به هه‌نسـكی گریـانه‌وه وتـی:"به‌رله‌وه‌ی جـیلان بكه‌وێـته ده‌سـت چه‌كدارانی داعش كاتێك ئـافره‌ته كریستیان و مه‌سیحیه‌كانی موسڵیان ده‌رفاند ڕۆژێكیـان جـیلان وتـی: ئه‌گه‌ر جارێـك مـن بـكه‌ومه ده‌سـت ئه‌م چه‌كـداره وه‌حشیانه، خۆم ده‌كوژم و خۆم راده‌ستی ئه‌وان ناكه‌م".
كاتێك جیلان ده‌ستگیر كرا من هه‌میشـه ترسی ئه‌وه‌م له دڵدا بـوو، بیری ئه‌و قسه‌یه‌ی جیلانم ده‌كرده‌وه و زۆر ده‌ترسـام خـۆی بكوژێت، شـاره‌زای بڕیـار و هه‌ڵسـوكه‌وته‌كانی بـووم، زۆر له‌و هه‌واڵه ده‌ترسـام، به‌ڵام ئه‌و هه‌واڵه مه‌ترسیدار و جه‌رگبڕه‌م هه‌ر پێگه‌یشت".
جـیلان كـچه كـوردێكی ئێزیـدیه و چیـرۆكه‌كه‌ی له پشـت شیشـه‌كانی زینـدانی داعشدا كۆتایی هات، كاتێك هه‌موو ئه‌و كچ و ئافره‌ته رفێندراوانه رزگار ده‌بن ئـاخۆ چه‌ند كچـی تری وه‌ك جیلان له پشت شیشـه‌كانی زیندانه‌كانی داعشـه‌وه خۆیان كوشتووه.
ئه‌میره و حوسێن چاویان له گه‌ڕانه‌وه‌یان نیه بۆ شنگال و چاوه‌ڕێی ئه‌وه‌ش نین ئیتـر ژیـانی پێشـووتر و خۆشـیه‌كانی ژیانیـان بـۆ بگه‌ڕێته‌وه، به‌ڵكو چـاوه‌ڕێی گه‌ڕانه‌وه‌ی دایك و خوشكه‌كانی حوسێن و دیتنی ته‌رمی جیلانن.

## تراژیدیای (١٠)

## پێنج خوشکە رزگاربووەکە

ناو و نازناو: سیلان
تەمەن: ١٠ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کەسی دووەم
ناو و نازناو: زەهرا
تەمەن: ٢٠ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

لە دوای ئەوەی داعش نزیکەی پێنج هەزار کچ و ژنی ئێزیدی لە ناوچەکانی شنگال ڕفاند، پێنج خوشک توانیان دوای(٢٣) ڕۆژ ڕزگاریان بێت لە دەستیان.
"سیلان" بچوکترینیانە تەمەنی (١٠) ساڵە و"زەهرە"ش (٢٠) ساڵە و گەورەترینیانە،"زەهرە" باس لە دەستپێکی هێرشەکانی داعش دەکات کە پەلاماری گوندەکانی ئەوانیان داوە لە سەرەتای مانگی ئابدا، دەڵێت:"دانیشتوانی گوندەکەیان خستە بەردەم دوو بژاردەوە، بوون بە ئیسلام یاخۆد مردن، بەڵام خەڵکەکە ڕەتیانکردەوە بچنە سەر دینی ئیسلام، دواتر خستینیانە ناو قوتابخانەیەکەوە و دابەشیانکردن بۆ دوو کۆمەڵ، یەکێکیان پیاوەکان و ئەوی دیکە ژنەکان، باوکم لە گەڵ پیاوەکاندابوو، لەو کاتەوە تا ئەمڕۆش نەمبینیوەتەوە".
"زەهرە" درێژە بە چیرۆکی ڕفاندنەکەیان دەدات و دەڵێت:"لە شەوی یەکەمدا تەنها (٢) کاتژمێر خەوتین، لە (٤)ی بەیانیدا هاتن بۆ ئەوەی بمانبەن بۆ موسڵ. یەکێک لە چەکدارەکان بە خوشکە بچوکەکەمی وت؛ کە ڕووپۆشەکەی لاببات، دایکم بە توڕەییەوە بە چەکدارەکەی وت؛ کە بۆچی داوایەکی وا لە کچەکەی دەکات، ئەویش وەڵامی دایەوە کە ئەگەر وا نەکات، دەیکوژێت،

دایکیشم خۆی پێ ڕانەگیرا و دەستی کرد بە گریان، ئەویش بە توندی پێیدا کێشا و بردی لەگەڵ خۆیدا".
لە ڕۆژانی سەرەتای ڕفاندنیانـدا "زەهـرە" دەسـتیکردەوە بـە ژمـاردنی ڕفێنراوەکـان، ئـەوانیش(٦٥) ژنـی بـە تەمـەن و(١٦٥) کـچ و (٤٠٠) پیاو،"چارەنووسی ئەو پیاوانەمان نەزانی، شەوێکیان گوێمان لە دەنگی تەقە بوو، لە یەکێک لە چەکدارانی داعشم پرسی کە چی ڕوودەدات، ئەویش وتی تەقـەکان بـۆ سـەیارەیەکی نەناسـراو بـووە، لـە کـاتێکی دیکـە زانیمـان کـە هەموویانیان بە کۆمەڵ کوشتووە".
لە بەیانی ڕۆژی دواتردا چەکدارەکان ژنەکانیان گواستۆتەوە بۆ شاری موسڵ، بـە پێـی چەنـد شـایەتحاڵێکیش ژنـەکان براونەتـە سـەنتەری شـارەکە و پیـاوان توانیویانە وەک "سەبایا" ئەو ژنانە بکڕن.
"زەهـرە" دوای گەڕانـەوەیان ئـەرکێکی گرانـی لـە سـەرە بـە چـاودێریکردنی خوشکەکانی و دابینکردنی ژیان بۆیان.

**تراژیدیای (١١)**
**لە ٧٠٠ کچ تەنها ١٥ دانەمان ماینەوە**

ناو و نازناو: زیتون خەلیل چەتو
تەمەن: ٢٤ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: کۆمەڵگای تەل عوزێر

بەسەرهات و چیرۆکە تاڵەکانی رزگاربووانی هەندێك لەو ئێزیدیانەی کە لە چوار چێوەی جینۆسایدکردنیان لە لایەن چەتەکانی (داعش) بە ئەستەم رزگاریان بووە بەردەوام ڕوو لە زیاد بوونن، هەریەکەشیان لەو گۆشە نیگایەوە رووداو و چیرۆك و بەسەرهاتەکان دەگێڕنەوە، کە بە چاوی خۆیان بینیویانە یان بە سەریاندا هاتووە.
زەیتون خەلیل چەتو لە دایك بووی ١٩٩١ لە تەل عوزێر، چیرۆکی خۆی لە ژێر دەستی داعش دەگێڕێتەوە و دەڵێ:"ئێمە لە ناو باخەکەی ماڵی مامم (بەرەکات مەحمود) بووین لە کۆتایی تەل عوزێر لە لای ئەو پرسگەیەی بۆ قەزای شنگال دێت.
ئێمە (١٢) خێزان بووین لەوێ، ڕۆژی ٣-٨-٢٠١٤ کاتژمێری (٨)ی بەیانی داعشەکان کە ژمارەیان (٧) کەس بوو بە ئۆتۆمبێل هێرشیان کردە سەرمان، پیاوەکانمان ئاڵای سپییان بەرز کردەوە، پێمانیان وت مەترسن، پیاوەکان ئەو چەکانە رادەست بکەن کە لایانە لە گەڵ مۆبایلەکان، مۆبایل و چەکەکانیان رادەستکرا، دواتر داوای پارە و زێڕیان کرد، ئێمەش پارە و زێڕەکانمان رادەست کردن، دواتر بە ئافرەتەکانیان وت بچینە یەکێك لە ژوورەکان، ئەو ئافرەتانەی کەمتر لە چل ساڵ بوون لە گەڵ کچەکان خرانە ژوورێکی تر، وتیان چونکە قسەمان لە گەڵ پیاوەکاندا هەیە ئەو داوایەی لێمانیان کرد جێبەجێمان کرد، دوای یەك چارەکە کاتژمێر سێ لە پیاوەکان هاتنە ژوورەوە و سیانی تر لە ناو حەوشەکە مانەوە لە نزیك ئۆتۆمبێلەکان، نیوکاتژمێر تێنەپەڕی دەستڕێژیان لە یەکێك لە پیاوەکانمان کرد لە نزیك ئۆتۆمبێلەکە، دوای چوونە ژوورەکەی تر و دەستڕێژیان لە پیاوەکان کرد، گوێمان لە هاواری پیاوەکانمان بوو، ئافرەتەکان هەموویان هاوار و فیغانیان بوو لە ناو ژوورێکی داخراوەوە، دواتر دەستڕێژیان لە پیاوەکان کرد کە لە ناو حەوشەکەدا بوون بەڵام ئاگادارنەبووین لە کوشتنیان، سەرمانیان خستە سەر ئۆتۆمبێل بۆ سیبا لە مەرکەزی پۆلیس، لەوێ کۆمەڵێك خەڵکی زۆری لێبوو.

لێره بریندارێك له گەڵ منداڵێکی لێبوو که ئەویش بریندار بوو، چیم له دەست دەهات بۆی بکەم، منیش هەڵگری هەمان خەم و ئازارم، ئێمه (کچەکان) و ئافرەتەکانی تر، به دوو پاس راگوێزران بۆ بەعاج، کاتژمێری (١١)ی پێش نیوەڕۆ گەشتینه بەعاج، ژمارەمان نزیکەی (١٠٠) کەس دەبوو.
داوایان لێکردین چی دەخۆین؟ بەڵام ئێمه رەتمان کردەوە، کاتژمێری (١٢) ی نیوەڕۆ رەوانەی موسڵیان کردین به ئۆتۆمبێلی (کۆستەر)، له نێو هۆڵێکی گەورەیان کردین که هۆڵی شایی بوو دوو نهۆم بوو له نزیك دارستانێك، دوای سێ ڕۆژ رەوانەی هۆڵێکی ژێرزەمینیان کردین و که تیشکی خۆرمان نەدەبینی. خواردنمان زۆر کەم بوو، برسیمان بوو، داوایان دەکرد بچینه سەر ئاینی ئەوان، دەرگایان لێمان کلیل دابوو.
له ڕۆژی ١١-٨ دوو ئافرەت خۆیان کوشت، له کاتژمێری (١٢)ی هەمان شەو، بۆ هۆڵێکی خوارتریان گواستینەوە، چونکه ئەو هۆڵەی تیای بووین بەرزتر بوو، گوێمان له دەنگی خەڵك دەبوو، نەوتیان به شوێنی خۆشتنەکاندا کردبوو، هەرکەسێك خۆی بشوشتایه تووشی حەساسیەت دەبوو، ئەگەر خۆشی نەشوشتایه تووشی پیسی و خوران دەبوو.
یەکێك له پاسەوانەکانمان کوردی موسڵمان بوو، ناوی ئەحمەد سنجاری بوو، (١١) ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر ژنەکانیان له کچەکان جیاکردەوە و کچەکانیان رەوانەی هۆڵێکیتر کرد، بەڵام من له لای ژنەکان مامەوە چونکه هاوسەری کوڕی مامەکەم دووگیان بوو هاوکات نەخۆشیش بوو به بیانووی چاودێریکردن له لای ماموژنم مامەوە.
هەموو ڕۆژێك داعشەکان دەهاتن و به زۆر کچەکانیان دەبرد به تایبەت جوانەکان، ژمارەی کچەکان (٧٠٠) کەس بوون، هەر جارێ یەکێك له ئەمیرەکانی داعش دەهات پێمانی دەوت ژمارەتان (٧٠٠) بوو ئەوەندەتان ماوە، پرۆسەی بردن و رادەستکردن به لێدان به سۆنده و قامچی بوو، یان راکێشانی دەمانچه و لێدان له سەر و جەسته چونکه کچەکان رەتیان دەکردەوە له گەڵیان بڕۆن.
کەس نەمایەوە تەنها (١٥) ئافرەت نەبێت که به لایانەوە جوان و مەرغوب نەبوون، یاخۆد کەس پێیان رازی نەدەبوو، دوای (١١) ڕۆژ رەوانەی تەلەعفەریان کردین، من له گەڵ (٢٠) ئافرەتی تر بۆ (بەعاج) رەوانه کراینەوە، که زۆربەیان کەم ئەندام بوون، لەوێ (٨) ڕۆژ ماینەوە و هەر لەوێش (جیلان برجس) خۆی کوشت.

ڕۆژێك پێش ئەوەی خۆی بکوژێت، دوان لە هاوڕێکانی لە گەڵ خۆی برد بۆ شوێنی خۆششتن و پێیانی وتبوو ئامادەباشی بۆ کەسێك دەکات، دواتر لەو شوێنە خۆی کوشت، (٨) ڕۆژ بە بێ کارەبا و لە گەڵ کەمێك خواردن لە (بەعاج) ماینەوە، لەو ماڵەی کە لێی بووین لە چوار ژوور پێك هاتبوو، هەر ژوورێك زیاتر لە بیست ئافرەتی دەگرت. دواتر رەوانەی تەل بەنات یان کردین، ناوی خۆم بە ناوی (جیلان شەهید) نوسیبوو، لە ئۆردوگای تەل بەنات دوو ڕۆژ ماینەوە، لەوێ ژمارەیەك خانەوادەی تەل بەناتی لێبوو، دوای ئەو دوو ڕۆژە رەوانەی ئۆرودگای تەل قەسەب یان کردین، ئێمە (٢٧) کچ بووین، من لەو ماڵەی لێی زیندانی کرابووین خواردنم بۆ هەموویان دروست دەکرد.
هەموو ڕۆژێك داعشەکان دەهاتن و لێمانیان دەبرد، تا دواتر (١٠) کەس ماینەوە، یەکێك هات بۆ لامان ناوی (ئەبوکەرەم) بوو خەڵکی موسڵ بوو، پێی وتین ئەو سیانەتان دەبێت لە گەڵ من بێن ئەو سێ خوشکە (غالیە، جیهان، جەیلان)و ئەتان فرۆشم بە (ئەبوخالد) کە ئەویش ئێزیدیە و ماڵیشی بەرامبەر نەخۆشخانەی شنگالە و ئەویش لەوێوە دەتاننێرێتە چیا، ئێوە ئەمانەتی منن، باوەڕم کرد، پێم وت بێگومان لە گەڵت دێین، بردمانی بۆ گوندی تەل قەسەبی کۆن، دۆستێکی لە گەڵ بوو ناوی (ئەبوعەباس) بوو داعشیش بوو.
دوای خواردنی کاڵەك و میوە، (ئەبوکەرەم) پێیانی وت: غالیە دەبەم بۆ موسڵ، پێویستە ئێوەش تۆ و جیهان لە گەڵ (ئەبوعەباس) بڕۆن، بەڵام ئێمە رەتمان کردەوە و پێمان وت ئێتر بۆچی فریومانتدا، بە مشتی دەمانچەکانیان بەربوونە گیانمان و لێمانیاندا، غالیەیان کردە ژوورێکەوە و من و جیهانیان هەڵواسی و وتیان دەتانگێڕینەوە بۆ زیندان.
(ئەبو ئەنەس) داعشیان ئاگادار کردەوە، کە یەکێك لە کچە ئێزیدیەکانی لابوو بە زۆر، کە لای خۆی رامانگرێ لە حاتمیە، یەك شەو لەوێ ماینەوە، دوای گەڕاندینیانەوە بۆ (تەل قەسەب)، لەوێ پێش ئەوەی فرۆکەکان بۆردوومان بکەن، من و کچێکی عەزیز لالۆ هەڵاتین، دوو ڕۆژ بە شەو ڕێمان کرد، لە دوورەوە چیامان دەبینی و بەو ئاراستەیە دەڕۆشتین، هیچ دەلیلێکمان نەبوو، تەنها ئەو چیا بەرزەمان دەبینی و بەرەو لای دەڕۆشتین، ئەو ڕێگایەمان دەگرت کە بمانگەیەنێتە شوێنی ئارام، دوو ڕۆژ لە ترس و تینوویەتی و برسێتی و چارەنووسی نادیار، تا ئەو کاتەی ڕۆژی ١١-٩-٢٠١٤ گەشتینە چیا و جارێکی تر لە دایك بووینەوە.

## تراژیدیای (١٢)

### فلۆره ئەنوەر، ژنێکی مەسیحی
### ٢٤ کاتژمێر لە زیندانی داعشدا

ناو و نازناو: فلوره ئەنوەر
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: دەشتی نەینەوا

کەسی دووەم
ناو و نازناو: زیکرا نیعمەت
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: دەشتی نەینەوا

یەکێك لەو ژنە مەسیحیانەی کەوتە داوی چەکدارانی داعشەوە، هیوا دەخوازێ ئەوەی ئەو بە چاوانی خۆی بینیویەتی هیچ کەسێکی دیکە نەیبینێ. هەرگیز لەو بڕوایەشدا نەبووە ئاوا بەو شێوەیە رزگاری ببێ. وەك بڵێی هێشتا چەکدارە دەموچاو هەڵپێچراوەکان دەبیشکنن و لێی تووڕە دەبن، هەناسەی سوار دەبوو، دەگریا.
ئەو کڵێسایەی ماوەی ٧ ساڵە کاری تێدا دەکرێت و هێشتا هەر هەیکەلێکی ڕەق و تەقە، ئێستا بووەتە پەناگەیەك بۆ چەندین ئاوارەی مەسیحی دەشتی نەینەوا کە لە ترسی هەڕەشەکانی چەکدارانی داعش هەڵاتوون و روویان لە سلێمانی کردووە.
زۆربەی ئەو ئاوارانەی لەو کڵێسایەن بە تایبەتی ژن و منداڵان، هێشتا ترس لە سەر روخساریان نەڕەویوەتەوە، هەرچەندە ئەوان لە شوێنێکی پارێزراون کە سەدان کیلۆمەتر لە چەکدارانی داعش دوورە، ئەوان زوو زوو دەستیان بۆ ئاسمان بەرز دەکردەوە و پەنجەکانی دەستی ڕاستیان گرمۆڵە دەکرد و لە سینگ و نێوچەوانیان دەکوتا، ئەمەش وەك سوپاسگوزارییەك بۆ خودا و عیسا و مریەم.

فلۆره ئەنوەر، لە نێو ئەو ژن و کچە رزگاربووانەدا دانیشتووە کە واتێدەگەن خــودا پاداشــتێکی گەورەی کــردوون بەوەی دوای دەســتگیرکردنیان لە لایەن چەکدارەکان، کەچی رزگاریان بووە، چونکە پێشتر زۆریان لە بارەی ئەوانەوە بیستبوو کە وەك نێچیرێکی چەور سەیریان دەکەن.
فلۆره ئەنوەر، ژنێکی مەسیحییە و لە قەرەقووش دەژیا کە یەکێکە لەو ناحیانەی دەکەوێتە دەشتی نەینەوا و هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبووە بەو ڕۆژە بـگەن، وەك هەزاران کەســی دیـکە خێـزانەکەی ئەوانـیش بیـر لە خۆقوتـارکردن دەکەنەوە کاتێك شــەڕ بە گەرمــی دەستپێدەکات، بەڵام لە گەڵ مێـردەکەی و دوو منـداڵی کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش.

## بڕۆن ئێوە نەسرانین

فلۆره دەڵـێ ئەو و منداڵەکەیان بـردوونەتە ژوورێك کە دوو ئـافرەتی تێدابووە "دوو ئــافرەتی ســەرتاپا داپۆشــراو تەمەنــانەت هەســتم دەکــرد یەکێکیــان وەك سـەرخۆش قسـەی دەکـرد، شێوەی زمـانەکەی لە عەرەب نەدەچـوو، ئەوانـیش وەك پیاوەکــان جلـوبەرگی ڕەشـیان لەبەر بــوو، دەسـتیانکرد بە پشـکنینمان و هەرچیمـان پێبـوو لێیـان سـەندین، تەمەنـانەت لە نـاو داییـی کـچە یەك ساڵەکەمدا ۱۰۰۰ دۆلارێکم شاردبووەوە دۆزیانەوە و ئەویشیان برد".
لە نێو ئەو زیندانەدا ماوەی ۲٤ کاتژمێر ماوەتەوە "زیـاتر لە ٥٠ ئـافرەتی تێدا بـوو، هەمـوو سـەرە کاتژمێرێـک یەکێکیـان دەبـرد و نـازانم بـۆ کوێیـان دەبـرد، ڕۆژی دواتــر مــن و منــداڵەکانیان بەردا و گوتیــان ئێــوە بــڕۆن، چــونکە نەسرانین".
ئەو ژنە مەسیحییە دەڵـێ کاتێك ئازادیـان کـردووە، زۆر پـاڕاوەتەوە و گریـاوە تاوەکو شتێك لەو پـارەیەی لێیـان سـەندووە بیدەنەوە بۆ ئەوەی بتوانێ هەندێك شــیر بکــڕێ بــۆ منــداڵەکەی "بەڵام بێســوود بــوو، چــونکە ئەوانەی دەرەوە زنجیرێکـی سـێ سـەرەیان پێبوو، هەر ئەوەندە لێیـان بپاڕایتـایەوە بەو زنجیـرە لێیــان دەدای، تەمەنــانەت ئەو ژنــانەی لە گەڵیــان بــوون، وەك پیاوەکــانی ئەوێ تونــدڕەو و بێبەزەیــی بــوون و لە پیاوەکــان بێبەزەییــانەتر مامەڵەیــان لە گەڵ دەکردین".

## رازی نەبوون و کوشتیانن

زیکرا نیعمەت، ئەو دەمەی دەزانێت چەکدارانی داعش هێرشیان هێناوەتە سەر ناوچەکەیــان، تـرس دایـدەگرێت، ئەو چیرۆکــی هەڵاتنــی خـۆی دەگێـڕێتەوە و

دەڵـێ: "هەر ئەو شـەوەی دایـان بە سـەر شـارەکەماندا، ٣ کچـی هـاوڕێم دیـار نەمان، ئەوەندەمان بیست کە ئەوانیشیان لە گەڵ کچە ئێزیدییەکاندا بـردووە بۆ سـووریا، ئیـدی مـن لە ترسـاندا بـوورامەوە، مێـردەکەم خێـرا فریـامکەوت و بردینی بەرەو هەولێر".
هەروەها دەڵـێ، ئەوەی زۆر خەمـی پێخـوارد ژنێکـی پیـری تەنیـا بـوو کە هەر دەگریا "چونکە دوو کچەکەیان کوشتبوو، خۆی باسی کرد کە پەلاماری دوو کچەکەیـان داوە بۆ ئەوەی دەستدرێژی بکەنە سەریان، ئەوانیش بەرپەرچیـان داونەتەوە و چەکـــدارەکانیش لەبەر چـــاوی دایکیانـــدا یەکـــی فیشـــەکێکیان بەسەریانەوە نابوو". گوتیشی "ژیانی ئێمە تازە تەواوبوو چارەنووسمان دیـار نییە".
گێـڕانەوەی مەینەتـــی ئاوارەکـــان وا بە زوویـــی کۆتـــایی نـــایەت، بەشـێك لە رزگـاربووان هێشتا بۆ ئەوانە دەگرین کە لە دەستیانداون، ئێستا ئەم ژنە وەك ئەوەیە بەسەر پشکۆی ئاگرەوە راوەستابێ، لەم نـاوچەیەدا زۆر کەس دەپرسـن چارەنووس بۆ کوێیان دەبات، بەڵام کەس وەڵامی لا نییە.
کەمینە ئاینییەکـان دەمـاودەم لە باوباپیرانیـانەوە ئەو چیرۆکانەیـان بیستووە کە باسی قڕکردنی ئەوان دەکات، چیرۆکـی سـەردەمی عوسمانییەکان و بەعس و زۆربەی دەسەڵاتدارەکانی دیکەی ناوچەکە کە داوایان لێکردوون دەستبەرداری ئاینەکەیان بن، ئەوانەی لە باوباپیرانیـانەوە بۆیـان جێمـابوون تـاوەکو ٢ی ئـاب چیرۆك بوون، بەڵام ئێستا ئیدی بۆ ئەوان بوونە یادەوەرییەکی تاڵ.

## تراژیدیای (١٣)

## دەجار فرۆشتمانیان و لای هەر یەکەیان دوو ڕۆژ نەماینەوە

ناو و نازناو: ( پارێزراوە)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

یەکێك لە ئافرەتەکان کە توانای هەڵاتنی لە گەڵ منداڵەکانی بۆ رەخساوە، باسی ئەوە دەکات کاتێك هاتنە ناو گوندەکە، ئافرەتانیان لە پیاوەکان جیا کردەوە، دواتر بردمانیان بۆ ماڵەکانیان لە موسڵ، فرۆشراین بە چەکدارەکانیان، نرخی هەر یەکێکمان (١٤)هەزار دیناری عێراقی کە دەکاتە (١٢) دۆلار بوو، هەر ئافرەتێك یان کچێك زیاتر لە (٢) ڕۆژ نەدەمایەوە، لە ماوەی دوو هەفتەدا (١٠) جار فرۆشراین.

## تراژیدیای (١٤)

## کچان و ژنان لە یەکتر جودا دەکەنەوە

ناو و نازناو: سهوا
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"سهوا" ئەو ژنە ئێزیدییەی لە لایەن چەکداری تیرۆرستی داعش رفێندرابوو لە قوتابخانەیەك دەست بەسەربوو بە پەیوەندی تەلەفۆنی ئەمەی بە خزم و کەسوکاریان وتووە، ئەم ژنە ئێزیدییە دەڵێت کچان و ژنان لە یەکتر جوداکرانەوە و دواتر هەموو کچەکان بۆ گوندی (گرزەرك) گواسترانەوە هیچ لە چارەنووسی ئەو کچانە نازانین ئێستا تەنها ئێمەی ژنان لە قوتابخانەیەکی تەلەعفەر دەستگیرکراوین..."

## تراژیدیای (١٥)

## کچەکان هەڵدەبژێرن و دەیان رازێننەوە بۆ ئەمیرەکانیان

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کچێکی ڕفێندراوی ئێزیدی لە ڕێگای تەلەفۆنەوە باسی لەوە دەکرد کە ئەوان لە نزیك شارۆچکەی (بەعاج) لە لایەن چەکدارانی داعش دەست بەسەر کراون، ئەو دەیوت:"چەکدارانی داعش ڕۆژانە دێن و کچەکان هەڵدەبژێرن و دەیان رازێننەوە بۆ ئەمیرەکانیان".

**پرچیان گرژە و چاوەکانیان پڕن لە فرمێسک**

ئەو کچە ئێزیدیە بەردەوام بوو لە قسە کردن بە تەلەفۆن و وتی:"لە کاتی گەڕانەوەیان کچە ئێزیدییەکان پرچیان گرژە و چاوەکانیان پڕن لە فرمێسك و بە دڵێکی شکاوەوە دەگەڕێنەوە و بێدەنگ لە کوشبینێکی هۆڵەکە دادەنیشن و ئیتر دەچنە دونیای بیرکردنەوە و ئازارەوە".

**مردن دەخوازن نەك ژیان**

وەك ئەو کچە باسی دەکرد ئەوان ڕۆژانە چەندین جار مردن دەخوازن نەك ژیان، لەبەر ئەو دیمەنانەی ئەو کچانە ڕۆژانە دەیبینین و ڕۆژانە لە پێش چاوی ئەو کچە جوانەکان هەڵدەبژێردران و بۆ ئەمیرەکانی داعش دەبران.
ئەو کچە بە تەلەفۆن بۆماڵەوە و کەناڵی ئاسمانی (رووداو) قسەی دەکرد و جێگای خۆی بۆ ئەو کەناڵە راگەیاندنە ئاشکرا کرد، بۆ ئەوەی فرۆکەکانی ئەمریکا و هێزەکانی پێشمەرگە ئەم شوێنە بۆردوومان بکەن و ئەوان هەر هەموویان بە بۆردوومانی فرۆکە بمرن نەك ئەم ژیانەیان هەبێت و لە ژێر دەستدرێژی ڕۆژانەی چەکدارە داعشەکاندابن. ئەو دەیگووت:"ڕۆژانە چەندین جار دەمرین و زیندوو دەبینەوە، دەمانەوێت بە یەکجاری بمرین و با فرۆکەکان بۆردوومانمان بکەن بۆ ئەوەی رزگارمان بێت تا هەتایە".

## تراژیدیای (١٦)

## لەیلا حوسێن توانی هەڵبێت

ناو و نازناو: لەیلا حوسین
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: سیبا شێخ خدر

"لەیلا حوسێن" یەکێک بوو لەو کچە شنگالییانە کە داعش رفاندیانی ئەو کاتەی هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال لە(٣)ی ئاب.
"لەیلا حوسێن "باس لە چیرۆکەکە و هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر گوندەکەیان، گوندی سیبا شێخ خدر لە قەزای شنگال دەکات و دەڵێت:"لە گەڵ دایکم لە ماڵەوە بووین کاتێ داعش هێرشی کردە سەر گوندەکەمان و دەستیان کردە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و رفاندنی کچان، دەستیان گرت بە سەر ماڵ و موڵکی خەڵکەکە و هەندێکیشیان سوتاند، بارودۆخەکە زۆر ترسناک بوو".
بۆ ئەوەی نەرفێندرێن کچەکە لە گەڵ دایکی لە گوندەکە هەڵهاتن بۆ گوندی حیالا کە ئەکەوێتە خوارووی چیای شنگالەوە، دوای گەیشتنیان بۆ گوندەکە ئەو گوندەش کەوتە بەر هێرشی داعشەوە، بەڵام کچەکە و دایکی لە ماڵێکدا خۆیان حەشاردا بۆ ئەوەی داعش نەیاندۆزێتەوە.
"لەیلا" و دایکی (١٨) ڕۆژ لەو گوندە خۆیان حەشاردا بەڵام داعش بینییانیەوە، "لەیلا"یان رفاند، لە کاتی رفاندنی "لەیلا"، دایکی هەوڵی دا ڕێگرییان لێ بکا تەقەیان لێی کرد بێ ئەوەی برینداری بکەن و کچەکەیان رفاند.
"لەیلا" وتی:"گواستمیانەوە بۆ گوندێکی تەنیشت، نیو ڕۆژ لەوێ مامەوە، داعشەکان خەریکی بۆمبرێژکردنی ماڵەکان بوون"، ئەوەی بە دەرفەت زانی و هەڵهات بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن. "لەیلا" وتی:"لە کاتی هەڵهاتنم زۆر ئەترسام"، لە بەر ئەوەی ئەگەر بیانبینایە هەڵدێت راستەوخۆ ئەیانکوشت، "لەیلا" بەم شێوەیە وەسفی داعشی کرد وتی:"شێوەیان زۆر ترسناک بوو، ڕیشێ درێژیان هەبوو، جل و بەرگێکی نامۆیان لەبەر بوو و چەکیشیان بە دەستەوە بوو هەرچییان ببینایە ئەجوڵێتەوە گوڵلە بارانیان ئەکرد".

دوای ئەوەی کە "لەیلا" توانی هەڵبێت گەڕایەوە بۆ گوندی حیالا کە دایکی لێی بە جێ هێشت، کە دایکی دۆزییەوە بەرەو چیای شنگال چوون.
"لەیلا" وتی:"زەحمەتییەکی زۆرمان کێشا بە هۆی برسێتی و تینوویەتیەوە لە چیای شنگال بە بەردەوام بە دوای ئاودا ئەگەڕام بۆ ئەوەی تینوویەتیمان پێی بشکێنین، چەند ئاوێکم بینی، بەڵام پاک نەبوون بۆ خواردنەوە نەدەشیان، بەڵام هەر لێیانمان خواردەوە بۆ ئەوەی بژین".
لە چیا دایکی نەیتوانی تەحەمولی تینوویەتی بکات و گیانی لەدەستدا، "لەیلا" بە تەنیا چەند ڕۆژێک لە چیا مایەوە هەتا جەنگاوەرەکانی هێزی بەرگری گشتی دۆزییانەوە و لە ڕێگایەکی سەلامەتییەوە لە نێوان ڕۆژئاڤا و قەزای شنگال گواستیانەوە بۆ ڕۆژئاڤا.
بۆ کەمپی نەورۆز گواستیانەوە، لە کەمپەکە "لەیلا" چاوی بە برایەکی کەوت کە لە کۆمەڵکوژیەکەی داعش رزگاری ببوو، بەڵام براکەی تری بە ناوی "مراد" ونەو نەیاندۆزیوەتەوە و نازانن داعش کوشتوویەتی یان رفاندوویەتی یان لە چیا گیانی لە دەستداوە یان لە چیای شنگال بە زیندووی ماوەتەوە.

## تراژیدیای (١٧)

## سەراری خوێنبەربوونی زۆر بەدار جەڵدەی لێدەدرا

ناو و نازناو: (هـ . ب )
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی حەردان

ئافرەتێکی گوندی حەردان، (هـ . ب) ئەڵێت:"لە مەفرەقەکە نزیکەی (٣٠) ئافرەت و (٣٠)پیاو بووین، داوایان لە پیاوەکان کرد کە تەمەنیان لە(١٤) ساڵ بە سەرەوە بوو، ڕوو بکەنە ساترە خۆڵاوییەکە و بوەستن، بە مۆبایل وینەیان گیرا، پێیانیان ئەوت:"(دەڵێین؛ دەوڵەتی ئیسلامی ئێوەش بڵێن ماوە...ماوە)، مۆبایلەکانیان لێ بردین و گواستینیانەوە بۆ خاڵی پشکنینی ئوم شبابیك بە ئۆتۆمبێلەکانمان، ئێمەی ئافرەتان کوشتنی پیاوەکانمان نەبینی، بەڵام کە چواررپانەکەمان بە جێهێشت، پیاوەکان لە حاڵەتێکی زۆر ترسناکا بوون، وێنەگرەکە هات وتی ئێوە ئێزیدین یان مسوڵمانن، وتمان عەرەبی نازانین، داوای لە (خەلات سلیمان) کرد تەرجومەی بکات، وەڵاممان نەدایەوە".
لە کاتژمێر حەوت چەند کچێک ئێمەیان پشکنی و زێڕ و پارەکانیان بردین، نزیکەی (٥٠) ژن و منداڵ بووین، سەرکەوتینە ئۆتۆمبێلی جۆری (دیر)، خواردنیان بۆ هێنایین، دامان بە منداڵەکان، بەڵام گەورەکان رەتیان کردەوە، ئەو کات مۆبایلمان پێ بوو پەیوەندیمان بە کەسوکارمانەوە کرد وەڵامیان نەبوو ئیتر مۆبایلەکانمان لە دەرەوە بە جێهێشت لە ترسی ئەوەی نەک بیدۆزنەوە لە لامان و دواتر سزامان بدەن، لە کاتژمێر(١١) وتیان ئەتانگوازینەوە بۆ گوندی سینو نزیکی شنگال، بەڵام ئەوە فێڵ بوو، گواستیانینەوە بۆ تەلەعفەر بۆ قوتابخانەی موقەدەسی سەرەتایی کوڕان، سێ ڕۆژ لە تەلەعفەر ماینەوە، کچەکانیان بۆ موسڵ گواستەوە، لە کاتژمێر (٢)ی دوای نیوە شەو گواسترانەوە بۆ بەندیخانەی بادووش.
ژمارەیەکی یەکجار زۆر بوون کە ژن و منداڵ بوون، هەموویان ئێزیدی شنگال بوون، منداڵەکان تەمەنیان هەتا(١٢)ساڵان بوون، دوای ماوەیەکی کورت منداڵە نێرینەکان کە تەمەنیان لە هەشت ساڵ بەسەرەوە بوو گواسترانەوە بۆ تەلەعفەر (قوتابخانەی موقەدەسی سەرەتایی کوڕان).

(۱۰) ڕۆژ لە بەندیخانەی بادووشماینەوە، بەندیخانەکە شوێنی خۆشتنیشی تیا نەبوو، ئەم ژنانە لەو ماوەی ئەو ۱۰ ڕۆژە گەرمە بە پیسی مانەوە، هیچ شتێکیش نەبوو لە کاتی خەوتن بیدەنە سەر خۆیانە، سەر ئاوەکەشی بۆنی پیسی لێوە دەهات، جۆرێک بوو لە ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی، بۆ ئەوەی بە دینی ئیسلام رازی بین، بەڵام ئێمە بە توونـدی رەتمان کردەوە، مامەڵەیەکی یەکجار دڵ ڕەقانە بوو، بڕوا ناکەم لە جەنگەکانی پێشوتر دوژمن بەم شێوەیە مامەڵەی لە گەڵ ژنان کردبێ، تەنانەت لە جەنگە جیهانییەکانیش.
ژنـە بەتەمەنـەکان، گواسـترانەوە بـۆ قوتابخانـەی (الازاهیـر) لـە دەرەوەی سەنتەری شاری تەلەعفەر، ناوەکانیان لە بەندیخانە نووسی، بۆ هەر یەکێ لە ڕۆژێکدا سەمونێک و پەنیرێ بوو، مەجالی خەوتن نەبوو، هەموو کاتێ بە خەبەر بووین، کارتۆنمان دادەنا یان لە سەر ئەرزەکە دەخەوتین و بە بێ ئەوەی هیچ شتێ بیدەین بە خۆمانەوە، بە فڕۆکە بەندیخانەکە بۆردوومان کرا، گواسترایـنەوە بۆ قـەزای تەلەعفەر قوتابخانـەی ئـەزاهیر، ئـەو ئافرەتانـەی کـە شوویان کردبوو بـە فـەرمانی شێخ و ئـەمیرەکان کـە لـە دەرگـای قوتابخانەکـە وەستابوون گواسترانەوە بۆ قوتابخانە، بەڵام عازەبەکانیان گواستەوە بۆ موسڵ بۆ ماڵی قازی (سێ نهۆم)بوو لە تەنیشت مزگەوتی سەدام لە ناوچەی ئیسلاح زیراعی و لەوێ کچەکانیان دابەشکردە سەر والی و ئەمیر و شێخەکان، کچێکی خزمی نزیکم کەسێک بردی بۆ دیالە، ئەمیرەکە بە دڵی خۆی هەڵیانی ئەبژارد، دارێکی بە دەستەوە بوو و لێیانی ئەدا بۆ ئەوەی نەڵێن (نا) ، کچەکان دابەش کران. لەو ماوەی کە لەوێ بووین، کەسێک هات و وتی: وشەیەک ئەڵێم و ئێوەش تەنها بیڵێنەوە و ئەبنە موسڵمان...
لە لایەکیترەوە، دوو رەمبوسی هەوڵی خۆکوشتنیان دا (یەکەمیان لە ڕێگەی بڕینـی دەمـاری خوێنبـەربوونی دەستیەوە و دووەمیشیان خـۆی خنکانـد بـەڵام نـەمردن، لـە پـێش هـەموو ڕفێنـدراوان لـە لایـەن پاسـەوانەکانەوە ئەشـکەنجە دران، یەکەمیان سـەرەڕای خوێنبـەربوونی زۆرەوە بـە دار جەڵدی لێدەدرا و قیژە و هاواریان ئەگەشتە ئاسمان، بـەڵام هیچ کەسمان نـەمانتوانی هیچیان بۆ بکەین، هەمووان لـە خـوا ئەپاڕانـەوە کـە رۆحیـان بکێشـێ و لـەم ئەشـکەنجەیە رزگاریـان بێـت، دواتـر هـەردووکیان گواسـترانەوە بـۆ نەخۆشـخانە، هیچیـان نەمابوو تـەنها دڵیـان لێـی دەدا، توانایـان لـە دەستدابوو، پاسـەوانەکان وتیان:(لـە ئێستا بە دوا کێ ئەیەوێ خۆی بکوژێ ئەیکوژین).
لەو ماوەیەی کە لەوێ بووین دوو کەس بە تەواوی شێت بوون، یەکێکیان (ل- پیتـی یەکەمـی نـاوەکەی بـوو)، شـەو و ڕۆژ قسـەی ئـەکرد، نـاوی مێردەکـەی

دەگوت، ئای چ ژنێکی باش بوو پرچ زەرد بوو، بەڵام هەموو شتێکی لە دەست دا، هەموویان دووچاری حاڵی دەروونی ببوون، هەموویان ترس دایگرتبوون و کاتێ کە ئەمیرێک لە عێراق یان لە سوریاوە دەهات هەموو کچەکانی کۆ ئەکردەوە هەموویان دەلەرزان، هەموو کاتێ کە کچێکیان ئەبرد رەتی ئەکردەوە و ئەیوت: نانانانا.... و هاواری ئەکرد، بەڵام لە ژێر فشارێکی زۆردا دەردەچوو، کاتێ کە ئەچێتە دەرەوە دێت هەموو هاوڕێکانی ماچ ئەکات و دەستیان ئەکردە گریان و هەموویان ئەیان وت: (ئەگەر بمدەنە شوو والله خۆم ئەکوژم، نا نا والله نا)، هەموو کچەکان ئەم وشەیەیان ئەوت، ناکرێ لە ژێر هیچ فشارێکدا واز لە ئاین و بیروباوەڕ و کەسوکارمان و شنگال بهێنین، یەکێکیان کە پێش ماوەیەک دەرچووبوو، بەرپرسەکەمان بردبووی یەکجار سەردانی کردین... وتی:(ئەم سەگە هەر ئەکوژم)، کۆمەڵێکیتر سەردانیان کردین و هەموویان ڕوویان گرژ بوو، ئەیان وت: (تەواو بووین، والله مردین، پەیوەندیمان دابڕا لە گەڵ خۆشەویستانمان).

رزگاربووەکە درێژەی بە قسەکانی دا و وتی:"گواسترامەوە بۆ ناوچەی (دار القاضي عامر مرعي الربيعي) لە موسڵ، لەوێش کچێک بوو خەڵکی گوندی کۆچۆ بوو، چوار ڕۆژ ماینەوە، گواسترامەوە بۆ ناوچەیەکی تر (بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوە / نەینەوا) لەوێ ئافرەتێکی لێ بوو خەڵکی تەل قەسەب بوو، دواتر گواسترایینەوە بۆ گەرەکی سۆمەر بە هاوەڵی کەسێک کە خەڵکی ئەنبار بوو، دوو ڕۆژ ماینەوە بە هاوسەرەکەی وت فێری نوێژ و ڕۆژوویان بکە، ژنەکەی رەتیکردەوە کە هەوێی هەبێ، پێمانی وت: ئێوە کۆیلەن ناکرێ مارە بکرێن، گواسترایینەوە بۆ ماڵی مامی لە نەبی یونس، دوو ڕۆژ ماینەوە، دواتر گواسترامەوە بۆ ماڵی خاڵی لە ناوچەی موسڵی تازە، کاتێ کە ژنی خاڵی ئێمەی بینی، زانی کە من ئێزیدیم و زۆرم لێ کراوە، وتی:(رەوشتی عەرەب گەشتە کوێ؟ ئایە ئەمە سوکایەتی کردن نییە بە مێژووی عەرەب بۆ پاراستنی شەرەفی کەسانیتر، ئێوە نازانن چیتان کردووە هەی بێ قیمەتانە؟!، چۆن ئەبووی ئەگەر تۆ لە شوێن باوک و برای بوویتایە و شەرەفی خۆتت لە دەست بدایە ؟)، وتی من کچ شێخەکانم ناکرێ رازی بم ئێزیدیەکان ببنە جاری وسبایا، سبەی کچەکانی ئێمەش ئەبنە سبایا و جاری بە دەست داعشەوە، بە بیانووی جۆراو جۆر، بە هاوکاری ئەو کەسە توانیم هەڵبێم"، ( ببورن کە باسی گەیشتنم نەکردووە بۆ دهۆک لەبەر رەوشی ئەمنی تایبەتەوە)، بەڵام هاوڕێکەی لە گەڕەکی (نەبی یونس) مایەوە لە موسڵ.

## تراژيدياى (١٨)

## نۆ ڕۆژ لە خيلافەت

ناو و نازناو: ناديە موراد
تەمەن: ٢٠ ساڵ
بارى خێزاندارى: سەڵت
شوێنى نيشتەجێبوون: کۆچۆ

ئەمڕۆ جيهان سەرقاڵى پێکهێنانى هاوپەيمانى نێو دەوڵەتييە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەى توندڕەوە ئيسلامييەکان، کە ناوێکى نوێيان لێ نراوە، ئەويش ڕێکخراوى (داعش)ە، کە بووەتە مەترسى بۆ دوژمنەکانى لە عێراق و سوريا، دواى ئەوەى کە توانى دەست بە سەر ناوچەيەکى زۆردا بگرێ لە سوريا و عێراق، دەوڵەتى خيلافەى ڕاگەياند.
لە هێرشەکانى بۆ سەر عێراق، ناوچە ئێزيديەکانى کردە ئامانج، پياوە ئێزيديەکانى کوشت، دەستدرێژى سێکسى کرايە سەر ئافرەتەکانيان، تەنانەت لە گۆڤارى "دابق"يش کە زمانحاڵى ئەو ڕێکخراوەيە، دانى بەوە ناوە کە دەستدرێژى سێکسييان کردووەتە سەر ئافرەتە ئێزيديەکان .
لە ژێر ناونيشانى "نۆ ڕۆژ لە خيلافەت، نەهامەتى ژنە ئێزيديەکان لە ژێر دەستى داعش "، گۆڤارى (دير شبيغل)ى ئەڵمانى ڕاپۆرتێکى بڵاو کردەوە کە باس لە نەهامەتيەکانى ئافرەتە دەست بەسەرکراوەکانى دەستى داعشى توندڕەو دەکات، لە ئەشکەنجەدانى جەستەيى هەتا دەستدرێژى سێکسى بە کۆمەڵ.
ڕاپۆرتەکەى (شبيغل) دەڵێت:"کاتێ کە جەنگاوەرە داعشەکان دەستيان گرت بە سەر ناوچە سنووريەکانى نێوان عێراق و سوريا، گوندى کۆچۆى کوردى کەوتە ژێر دەستيان، ناديە مورادى تەمەن ٢٠ ساڵان يەکێک بوو لەو دەيان ئافرەتەى کە داعش رفانديانى و دەستدرێژى کردە سەريان. "

**لە شەوى نۆيەم...**

ناديە دواى نۆ ڕۆژ لە دەستبەسەراگرتنى توانى هەڵبێت و ببێتە شاهيدێک بۆ ئەوەى بە سەريا هاتووە و بيگێڕێتەوە، ئەڵێت:"لە ڕۆژى يەکەم، ئەو پياوانەى کە رفانديميان لە گەڵ ئەوانيتر وەک بارمتە پێڵاوەکانمانيان داکەند بۆ ئەوەى نەتوانين هەڵبێين، ئەو ناوچەيەى کە ئێمەيان لێى دەستبەسەر کردبوو بەردەڵان

بوو، لە ماڵێک دایان ناین، ژووری زۆری لێ بوو، بە ئارەزووی خۆیان ئەم ژوور و ئەو ژووریان پێ کردین، خۆش بەختانە دۆلابێکی جل و بەرگم بینی لەو ژورەی کە دەستبەسەر کرابووم، پێڵاوێکی وەرزشیم دۆزییەوە بچووک بوو بەڵام توانیم هەڵبێم".

"نادیە" وتی:" (٦) پیاو کە دەستدرێژیان کردبووە سەری و ئازاریان دابوو پاسەوانییانیان ئەکرد، بەڵام لە شەوی نۆیەم بینی کە(٤)چواریان لەوێ نین، دیارە کە لە شوێنێکیتر ئەخەون، "دووانەکەیتریش لە متبەخ دانیشتبوون و شەڕیان بوو".

ئەو شەوە ئەو تەنیا بوو لەوێ، نەیزانی ئافرەتەکانی تر لە کوێن، ئەو قوفلەی لە سەر دەرگاکە بوو توونت نەبوو، توانی بیکاتەوە و ئەو پێڵاوەی لە پێ کرد کە دۆزیبوویەوە بۆ ئەوەی لە ماڵەکە هەڵبێت بۆ باخچەکە، ترسا سەگەکان ڕاوی بنێن، بەڵام چانسی هەبوو.

چووە سەر دیوارێکی بەرز، کە قاچی کەوتە بەر زەویکە بە خێراییەکی زۆر هەڵهات، دەنگی ئەوانەی بیر کەوتەوە کە رفاندیان ئەیان وت:"بە هیچ شێوەیەک بیر لە هەڵهاتن نەکەیتەوە، لە ماوەی یەک کاتژمێرا ئەتگەڕێنینەوە و سزاکەت مردنە".

**موستیلەکەی دایکم**

"نادیە" وتی:"(٩) برا و خوشکێکم و دایکم بێ سەروشوێنن"، وتی:"چەکدارە داعشەکان لە ماوەی دوو ڕۆژ چەنجارێک هاتن بۆ نمایشکردنی هێزە سەربازییەکانیان، بە خەڵکی ناوچەکەیان وت رادەست کردنی چەکەکانیان دووریان ئەخاتەوە لە کوشتن. دوای کۆکردنەوەی چەکەکان، خەڵکی ناوچەکەیان لە قوتابخانەیەک کۆکردەوە و پیاو و ئافرەتەکانیان لە یەک جیا کردەوە. پیاوەکانیان کردە چەن بەشێکی بچوکەوە، ئافرەتەکان گوێبیستی دەنگی گوڵلە بوون تووشی ترسێکی ئێجگار زۆربوون".

درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: "دوای ئەوە، ئافرەتە بەتەمەنەکانیان لە عازەبەکان جیا کردەوە، لەو کاتە دایکم موستیلە زێڕەکەی لە پەنجەی دەرهێنا و دای بە من و لە بن گوێم وتی لەوانەیە پێویستت پێی بێت، ئەمە کۆتا یادگاری من بوو لە گەڵ دایکم".

بەردەوام بوو، وتی:" ئۆتۆمبێلیان بەکارهێنا بۆ گواستنەوەی(٦٤) کچە سەلت، منیش لە نێویان بووم، بۆ موسڵ کە چەکدارەکان دەستیان بەسەرا گرتبوو لە ناوەراستی مانگی حزیران، لەو(٩) شەوە(٥) جار جێگۆرکێم پێ کرا بۆ

ناوچـەی جیـاواز جیـاواز، هـیچ خواردنێکیـان پێشـکەش نـەکردین، لەوانەیـە هێلکەیەکی تێکچوو بـەش بکرایە بۆ هـەر(٦)ئـافرەت، هێچ ئاویـان پێشـکەش نەکردین، بەڵکو تـەنیا یـەک کوپ چـای بۆ هـەر(٦)ئـافرەت... پیاوەکـان پێیـان ئەوتین ئەگەر ببنە موسڵمان ئەوە ئاوتان ئەدەینێ".

بە پێی قسەکانی "نادیە"، ئافرەتـەکان لـە ڕۆژێکدا چـەنجارێک توشـی لێدان و ئـــازاردانی جەســـتەیی ئـــەبوون بـــە بـــێ هـــیچ هۆکارێک....چـــەنجارێک دەستدرێژییان ئەکرد هەندێ جاریش بە کۆمەڵ.

"نادیـە" باسـی لـە چۆنیـەتی دەسـتدرێژیەکەی نـەکرد، چونکـە ئـەوە لـە گـەڵ سروشـتی کۆمەڵگاکـەی نـاگونجێ، هەرکـە نـاوی ئـەو وشـەیەی ئـەهێنا دەم و چاوی سوور ئەبووەوە لە شەرمەزاریە.

"نادیـە" وتـی: "چیمـان پـێ ئـەکرا بیکـەین، ئـەو تاوانبارانـە بـێ رەحـم بـوون، هەندێ لە ئافرەتەکان کرنۆشیان بۆیان دەبرد و قاچیانیان ماچ ئەکرد "

بە حەسرەتەوە درێژەی پێدا و وتـی:" یـەکێکیان مستیلەکەی لـە دەستم دەرهێنـا کـە دایکم پێشکەشـی کردبووم، سوێند ئـەخۆم ڕۆژێـک لـە ڕۆژان ئـەو پیـاوە ئەدۆزمەوە و پەنجەی ئەبڕم و مستیلەکەی دایکمی لێ ئەبەم".

## تراژیدیای (١٩)

## کچە ئێزیدییەك: ڕۆژانە ٣٠ جار دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەرمان

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی (بی بی سی) لە گەڵ چالاکوانێکی کورد بە ناوی "کەرەم"، چەند راستییەکی تاڵی ژیانی کچە ئێزیدییەکی رفێنراوی ژێر دەستی داعش ئاشکرا بوو کە بە تەلەفۆن پەیوەندی بە پێشمەرگەیەکی کوردستانەوە کردووە و تکای لێکردووە شوێنەکەیان بۆردوومان بکات.
ئەو کچە ئێزیدیە وتویەتی: لە شوێنی دەستگیرکردنەکەیان لە لای داعش، ڕۆژانە، تەنها سەر لە بەیانیان ٣٠ جار دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر خۆی و کچە ئێزیدیەکانی دیکە، زۆری دەستدرێژییە نامرۆڤانە و بێ بەزەییەکانیش بە جۆرێك نەخۆشی خستووە کە توانای میزکردن و چوونە تەوالێتی نییە.
ئەو کچە بە گریانەوە بە پێشمەرگەکەی وتووە:" تکایە ئەگەر شوێنەکەمان دەزانن بۆردوومانمان بکەن تا بمرین و لە دەست داعش رزگارمان بێت، ژیانمان ئەوەندە ناخۆشە، ئەگەر ئازادیش بم، خۆم دەکوژم."
ئەو کچە ئێزیدیە ئەوەشی بە پێشمەرگەکە وتووە کە چەندین کچە ئێزیدی هاوڕێی لە ناو ئەو ژیانە تاڵەی کە تێیدان، خۆیان کوشتووە، بێ ئەوەی ئەو چالاکوانە کوردە روونی بکاتەوە کە چۆن ئەو کچە ئێزیدیە تەلەفۆنی کەوتووەتە دەست و ئەو پێشمەرگەیەش کە پەیوەندی پێوە کراوە کەسوکاری بووە یان نا یاخۆد چۆن ژمارەی ئەو پێشمەرگەیەی زانیوە.
رفاندن و فرۆشتن و بێ سەر و شوێنکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی یەکێکە لە تاوانە ترسناکەکانی داعش و بەڵگەیەکی سەلمێنراوی جینۆسایدکردنی ئێزیدیەکانە.

## تراژیدیای (٢٠)

## بە بەر چاویانەوە پیاوەکانیان کوڵلە بارانکردووە

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

ڕۆژنامەیەکی بەریتانی ئاماژە بەوە دەکات:"بازرگانیکردنی داعش بە ئافرەتانەوە، یەکێکە لە سەرچاوەکانی داهاتی ئەو ڕێکخراوە".
ڕۆژنامەی "گاردیانی بەریتانی"، لە بەدواداچوونێکی ڕۆژنامەوانیدا سەبارەت بە پرسی بازرگانیکردنی داعش بە ژنانەوە، ئاماژەی بەوە کردووە:"ئەو جۆرە بازرگانیکردنە، بەشێك لە داهات بۆ داعش دابین دەکات".
بە پێی هەواڵی ڕۆژنامەکە بەشێك لەو ئافرەتانەی داعش بازرگانییان پێوە دەکات، ئەو کچ و ژنانەن کە لە شنگال و خۆرئاوای عێراق دەستبەسەر و کۆیلە کراون.
"گاردیان"، لە زاری یەکێك لەو ژنە ئێزیدیانەی کەوتووەتە دەست داعش و دواتر هەڵهاتووە، باس لەو تاوانە دەکات کە ژنانی ئێزیدی لە سەر دەستی داعش دووچاری بوونەتەوە.
وەك ئەو ژنە ئێزدییە باسی لە چیرۆکی بەدیلگرتنی خۆی و ئەوانیتری کردووە، دوای ئەوەی چەکدارانی داعش هەڵیانکوتاوەتە سەر ناوچەکەیان، ئەوان هەڵاتوون، بەڵام دواجار کەوتوونەتە دەست داعش و ئەوانیش ژن و پیاوەکانیان لە یەکتر جیاکردووەتەوە و بە بەرچاویانەوە، پیاوەکانیان گوڵلە باران کردووە و ژنەکانیشیان بۆ موسڵ گواستووەتەوە.
وەك ڕۆژنامەی "گاردیان" ئاماژەی پێکردووە:"هەریەك لە شارەکانی موسڵ لە عێراق و ڕقە لە سوریا، بە ناوەندی سەرەکی بازرگانیکردنی ژنان دادەنرێت کە داعش لە ڕێگەیەوە بەشێك لە داهاتی خۆی پێ پەیدا دەکات".

## تراژیدیای (٢١)

### دەبێت هەرئافرەتێك خزمەتی ١٢ پیاو بكات

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"ئەو كاتەی گوڵلەیان لە مێردەكەم دا چاوی خۆم گرت تا كوشتنەكەی نەبینم!! دواتر ئێمەیان بردە شوێنێك كە نزیكەی دووهەزار ئافرەتی تێدابوو داعشەكان گوتیان ئەو كچانەی لە ١٢ ساڵ بەرەو سەرەوەن، دەبێت شوو بكەن و لە خزمەتی داعشدا بن. دواتر كە ئەمیرێ دەهاتە ژورەوە دەلەرزین، چونكە دەمان زانی چیمان بەسەر دێت و كێمان دەبینە خۆراكیان، ئەویش كۆمەڵێك لە كچانی هەڵدەبژارد بۆ فرۆشتن كە هەركچێك بە (١٥) هەزار دینار دەفرۆشران.
قورئانێكیشیان دەهێنا دەیان گوت بە پێی ئەم قورئانە دەبێت هەرئافرەتێك خزمەتی(١٢) پیاو بكات،" ئەمە قسەی ئافرەتێكە كە كەوتووەتە دەست داعش و بۆ پەرلەمانتار "هیڤا حاجی میرخان"ی گێڕاوەتەوە. ئەو پەرلەمانتارە لە زاری ئەو ئافرەتەوە دەڵێت:"گوێمان بۆ ئەو ئافرەتە گرتبوو باسی ئەوەی كرد (٢)كچ لەبەر چاوی بە سەرپۆشەكەی سەریان خۆیان خنكاندووە، كچی سێهەمیش پێش گیانلەدەستدانی، پیاوانی داعش ڕێگایان لێگرتووە و دواتر بە هۆش خۆی هاتووەتەوە پیاوانی داعش زۆریان لێداوە".
گوتیشی:"ئێمە هەموومان بە دیار قسەكانی ئەو ئافرەتەوە دانیشتبووین وەك ئەوەی خۆت لە واقیعی ئەو ڕووداوەدا بیت دەبێت چ ویژدانێك ئەوە قبووڵ بكات"، زیاتر قسەی كرد و دەڵێت:"لە ڕۆژی(٢٠) بیستەم منیان فرۆشت بە پیاوێك لە كاتێكدا من دووگیان بووم، ٥ ڕۆژ بەو شێوە لای ئەو پیاوە بووم، بە بێ ئەوەی ڕێگا بدەم نزیكم بكەوێتەوە. شەو بە بیانووی ئەوەی منداڵەكەم دەبەمە دەرەوە، چووم بینیم (٣) پاسەوانی ئەو پیاوە لەبەر دەرگا خەوتبوون، ئیتر بەهەر جۆرێك بوو لە گەڵ منداڵە (٢) ساڵانەكەم ڕامان كرد، كە نزیكەی(٤) كاتژمێر لە ناو موسڵ ڕام كردووە. لە ئەنجامدا منداڵەكە زەرەر بەرجەستەی كەوت واتە (ناتەواو بوو)، بە هەر جۆرێك بوو خۆم گەیاندە

ماڵێك و دوای باسكردنی حاڵم پەنایان دام و خزمەتیان كردم تا ئەو(٣) ڕۆژە لەوێ بووم، دواتر سەرپۆش و پەچەیان كردم و بە ناسنامەی كچەكانی خۆیان منیان گەیاندە هەولێر، لەوێیش ڕادەستی هێزی پێشمەرگە كرام و لەوێیشەوە براكەم هاتە لام".
"سەمیرە عەلی"چالاكوانی كۆمەڵگای مەدەنی لە عێراق و هاوكات چاودێرە لە ڕەوشی ئافرەت، دەڵێت:"بەشێك لەو ئافرەتانە ئێستا بە زۆر لە ماڵەوە دەرهێنراون و دراون بە ئەمیرەكانی داعش، ئەوانیش بە زۆر دەیاندەن بە خەڵكانی دیكە كە لە ناو داعشن و پێیان دەڵێن: "زەواجی نیكاح". لە هەمان كاتدا دەبێت هەر ئافرەتێكی ژێر دەستی داعش خەتەنە بكرێت و خزمەتی(١٢) پیاوی داعش بكەن. خۆ ئەگەر هەر پیاوێكیش لە ناو داعش بێت ئەوە دەبێت خێزانەكەی ببات بۆ ئەندامەكانیان و خزمەتیان بكات، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو بڕیارە بجوولێنەوە ئەوە سزای قورسی بە دواوەیە، كە بریتیە لە بەخێوكردنی(١٢) پیاوی داعش بۆ ماوەی (٣) مانگ".
ئەو چالاكوانە زیاتر قسە دەكات و دەڵێت:"بە چەندان ئافرەت زیندەبەچاڵ كراون لەبەر ئەوەی پەچەیان نەكردووە، لە هەمان كاتدا لە نزیك گوندەكانی موسڵ كۆمەڵكوژی گەورە كراوە، چەكدارانی داعش هێرشیان كردووە بۆ سەر كارگەیەك سەرجەم ئافرەتەكانی ئەو كارگەیەیان كوشتووە بە تۆمەتی لەشفرۆشیش(٢٢)ئافرەتی دیكە سەر بڕاون".
"حەمید سیراج"دانیشتووی ناو شاری موسڵە ئاوارەی كوردستان بوو، گوتی:"ئێمە لە ترسی دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتەكانمان ڕامان كرد بۆ كوردستان، چونكە پێیان وتبووین كە ئەگەر بكەونە دەست داعش، ئەوە ئافرەتەكانتان دەبەن و دەیان فرۆشن، ئێمەیش نەمان ویست ئەو بەڵایەمان بەسەر بێت، بۆیە هەر زوو ڕامان كرد بۆ كوردستان و ئێستا لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەپارێزرێین".
ئەوەیشی خستە روو دوو كچی گەنجی خێزانەكەیان لە لایەن چەكدارانی داعشەوە دەستبەسەر كراون و تا ئێستا چارەنووسیان دیار نییە، گوتی:" بەشێكی زۆری ئەو كچانەی دەڕفێنرێن، دواتر دەیانفرۆشن بە ئەمیر و گەورە بەرپرسانی داعش، دوای ئەوەیش دەیاننێرن بۆ سووریا و لەوێیش زەواجی نیكاحیان پێدەكەن، كە بە داخەوە تا ئێستا حكومەتی عێراق نەیتوانیوە ئەو شارە كۆنترۆڵ بكاتەوە".

## تراژیدیای (٢٢)

## دەم و چاومان ڕەش دەکەین و جلی ژنە بەتەمەنەکان لە بەر دەکەین

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

یەکێک لەو کچانەی لە لایەن چەکدارانی گرووپی داعش رفێندراوە و ئێستا دیلە لە ژێر دەستی چەکدارانی داعشدا. بە گێڕانەوەی چیرۆکەکەی هەموو هەستی مرۆڤایەتی رادەوەستێنێت، هەموو بەیانیان کاتێک مرۆڤ لە خەو هەڵدەستێت راستەوخۆ ئەچن دەم و چاویان بە ئاو دەشۆن، بەڵام لە لای کچانی بەدیل گیراوانی ئێزیدی ئەم عادەتە نەماوە، کچە بەندکراوەکە لە ڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنەوە وتی:" بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستین لە جیاتی ئەوەی دەست و چاومان بە ئاو بشۆین، دەم و چاومان بە تۆز و پاشماوەی خەڵوزی ڕەش (رەژوو) ڕەش دەکەین و جل و بەرگی ژنە بەتەمەنەکان لەبەر دەکەین، بۆ ئەوەی ڕوخسارمان ناشرین دەرکەوێت و چەکدارەکان بێزیان لە ئێمە ببێتەوە، نەمانبەن". لە درێژەی پەیوەندیەکەیدا دەڵێت:"هەرچی کچی جوانە دەیبەن و تەنانەت دایکەکانیش لە پێش چاوی منداڵەکانیان دەبەن، تا ئەو رادەیەی هەندێک جار دوو چەکدار دەستیان دەخەنە ژێر شانی کچەکان و بە زۆر دەیان بەن یاخۆد بە قژ بە دوای خۆیاندا رایان دەکێشنە دەرەوە دەیان بەن، سۆندەیەکیان پێیە بەو سۆندە ئازارمان دەدەن و لێمان دەدەن ئەگەر لە گەڵیان نەڕۆین، بە ئارەزووی خۆیان گاڵتەجاریمان پێ دەکەن و دەستدرێژ دەکەنە سەرمان و هەوەسی خۆیان بە ئێمە تێر دەکەن، وەک سەگ رەفتارمان لە گەڵ دەکەن و هیچ حسابی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بۆ ئێمە ناکەن".
هەر لە قسەکانیدا دەڵێت:"هەندێک ئافرەت و کچ خۆیان کوشتووە و هەندێکیش رایان کردووە و هەندێکیش چەکدارەکان بردوویانن و ئیتر چاومان پێیان نەکەوتووەتەوە".
ئەو دەشڵێت:"چەکدارەکان بەردەوام داوامان لێ دەکەن ئاینمان بگۆڕین، منداڵەکانیان لە ئێمە جیا کردووەتەوە، بۆ مزگەوت دەیانبەن و وانەی ئاینییان فێر دەکەن".

## ترازیدیای (٢٣)

## کچێکی رفێندراو: داعش براکەمی لە پێش چاوم کوڵلە باران کرد لە سەر شەقام ئێمە(٦)یش کچ رفێندراین

ناو و نازناو: مارین
تەمەن: ٢٨ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی تەل عوزیر

کچێکی رفێندراو چیرۆکی خۆی و پێنج کچی تری هاوڕێی خۆی باس دەکات، و دەبێژێت:" داعش براکەمی لە پێش چاوم کوڵلە باران کرد و دوو ئامۆزاشم کوڵلە باران کران". "مارین" کچێکی تەمەن (٢٨) ساڵ دەڵێت:"کاتێک ڕامان دەکرد بەرەو چیا لە گوندی تەل عوزێر من و برایەکم و دوو ئامۆزام ڕامان کرد لە سەر شەقام منیان دەستگیر کرد و براکەم هەر لە لای من و لە پێش چاوم لە سەر شەقامی تەل عوزێر گوڵلە باران کرا ئەو دیمەنەم هەرگیز لە یاد ناچێت، دوو ئامۆزاکەم ڕایان کرد ئەوانیشیان لە دوورەوە گوڵلە باران کرد، دواتر منیان دەستگیر کرد و(٥)کچی تریشیان دەستگیر کردبوو دواتر هەر شەشمان لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێندراین، هەموو شتیان لە ئێمە وەرگرت و ئێمەیان ئاگادار کردەوە کە ئەبێ (پانتۆڵ و تیشێرت) لەبەر نەکەینەوە و ئیدی ئەبێ جلی حیجاب و دەسماڵ بپۆشین و بە ئێمەیان وت؛ ئێوە بۆ ئێمەن و موسڵمانتان دەکەین و ئەتانبەینە موسڵ و ئەچینە سوریا و هەوڵیان ئەدا سەرنجی ئێمە بۆ خۆیان رابکێشن و وامان لێ بکەن لە گەڵیان بکەوین و بەڵام ئێمە زۆر بە توندی وەڵامان دەدانەوە و دەمانزانی چ جۆرە مرۆڤێکن، ئێمە دووچاری حاڵەتێکی ترس و تۆقینی دەروونی بووین، ئەوان سوکایەتی و گاڵتەیان بە ئێمە دەکرد، ئێمەیان بردە لای موختاری عەشیرەتی زەنگینا و خەڵکی ئەم گوندەش کە هەمووی ئێزیدی بوون و دەستبەسەرکرا بوون، دواتر موختاری گوند کاتێک زانی ئێمەش کچی ئێزیدین هەوڵی دا و قەناعەتی بە چەکدارەکان هێنا کە لە لای ئەو دەبن و چارەنووسیشمان هەمان چارەنووسی خەڵکی گوند دەبێت، دواتر پەیوەندیەکی بە پەلە بۆ یەکێک لە چەکدارەکان هات و ئەوان ئێمەیان رادەستی موختارەکە کرد و رۆیشتن، دواتر خەڵکی گوندەکە ڕایان کرد بۆ چیا و ئێمەش بە هەمان شێوە ڕامان کرد بەرەو چیا و رزگارمان بوو.

## تراژیدیای (٢٤)

## گەورێ ژنێك لە ژێر دەستی داعشدا

ناو و نازناو: گەورێ
تەمەن: ٥٤ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

چیرۆکی "گەورێ"یەی تەمەن(٥٤) ساڵ لە ٨/٣ دەست پێ دەکات کاتێك لە ئەنجامی هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال بێ سەر و شوێن دەبێت، کاتێك "گەورێ" بە ئۆتۆمبێلی هاوسێکەیان بەرەو چیا دەروات و کچ و کوڕەکەشی بە پێ ڕێگا دەگرنە بەر، بەڵام لە ڕێگادا ئەو ئۆتۆمبێلەی "گەورێ"ی تێدایە دەکەوێتە دەست چەکدارانی داعش و ئیتر "گەورێ" و هاوسێکانی دەستگیر دەکرێن و بەرەو تەلەعفەر دەبرێن و لەوێ زیندانی دەکرێن.
"لوقمان" و "نازدار"کچ و کوڕی "گەورێ" لە کەمپی عەربەت بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی دایکیاندان و ڕۆژ و کات و چرکەکانی تەمەن دەژمێرن.
"نازدار ئەلیاس" کچێکی تەمەن (٢٠) ساڵ و هەست ناسك و چاو بە فرمێسك بە هەنسکی گریانەوە وتی:"دایکم زۆر بوو بۆ ئێمە بە نەبوونی ئەو ئێمە ناتەواوین، ئێمە زۆر دەردەسەریمان لە چیای شنگال بینی بەڵام بە گەڕانەوەی دایکم ئەو هەموو نەهامەتیەمان لە یاد دەچێت و ئاسوودە دەبین، ئێمە بێ باوك بووین و دایکمان هەردوو ڕۆڵی دەگێڕا بە ئەرکی باوکیش هەڵدەستا، دایك بوو لە هەمان کاتدا باوکیش بوو بۆ ئێمە".
"لوقمان"یش ناتوانێ بەر بە فرمێسکەکانی بگرێت و ئەو لە خەمی ئەوە دایە مۆبایلەکەی چیتر هەواڵی دایکی پێ ڕانەگەیەنێ، "لوقمان"ی تەمەن(٢٣) ساڵانیش وەك خوشکەکەی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە، وتی:"تەنانەت ئێمە ناتوانین نانیش بخۆین بە بێ دایکمان، خۆزگە ئێستا من لە جێگای دایکم دەستگیر دەکرام و ئەو ئازاد بووایە".

## تراژیدیای (٢٥)

## ژنێکـی رفێنـدراو: چەکـدارانی داعـش چەنـدین کچیـان بـردووەتە وڵاتـانی ئیسلامی

ناو و نازناو: (ع. ع. أ)
تەمەن: ٢٠ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

ژنێکی ئێزیدی خەڵکی شنگال، کە ئامادە نەبوو وێنە و نـاوی بڵاو بکرێتەوە، کورتکراوەی پیتی ناوەکانی (ع، ع، أ) تەمەن (٢٠) ساڵان پاش ئەوەی لە گەڵ خـانەوادەکەی دەکەونە دەسـت چەکـدارانی داعـش، دوای چەنـد ڕۆژێـک ئەم ئافرەتە توانی خۆی لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکات، چیرۆکی خۆی و ئەو دیمەنـانەی بینیـویەتی دەگێـڕێتەوە، ئەو ژنە رفێنـدراوە دەڵێـت:"من و هاوسـەر و منـداڵەکەم ڕێگـای چیامـان گـرتەبەر و لە ناوەڕاسـتی ڕێگـا و لە نزیـک نـاوچەی (جیـدالی)، گروپێکـی چەکدارانی داعـش هـاتنە سـەر ڕێگـا و ئێمەیان دەستگیرکرد، ئێمەیان کۆکردەوە و وتیـان:(ئێمە هیچتـان لـێ نـاکەین و ئاسوودەبن)، بەڵام دوای چەند کاتژمێرێک پیاوەکانیان لە ئێمە جودا کرد و لە بەر چاوی ئێمە بە کۆمەڵ کوڵلە بـاران کـران، ئێمەش نـزیکەی (١٢٠) ژن و کچ بووین ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلەکان سوار کرد و ئێمەیـان گواستەوە بۆ بەعـاج بە ئێمەیان وت پێویستە هەمووتـان بێنە سـەر ئـایینی ئێمە چونکە ئێوە ئاینتـان نیە، دوای چەند کاتژمێرێـک دووبـارە لە ئۆتۆمبێلەکـان سـوارکراین و ئێمەیـان گواسـتەوە موسـڵ و لە هۆڵێکـدا نیشـتەجێ کـراین و لەوێ هەڵسـوکەوت و رەفتاریـان زۆر خـراپ بـوو، ئێمەیـان ئـازار دەدا و خـواردن و خواردنەوەیـان کەم بە ئێمە دەدا و هەر جارێک ئەمیرەکانیـان دەهـاتن و بە ئـارەزووی خۆیـان کچەکانیان هەڵدەبژارد و دەیـانبردن، گوێم لـێ بـوو دەیـان وت ئەیـانبەینە وڵاتە ئیسلامیەکان".

ئەم بەردەوام دەگێـڕێتەوە:"ڕۆژ بە ڕۆژ هەنـدێک کچیـان دەبـرد دواتـر منیـان بردە ماڵێک و منداڵە بچوکەکەشم لە گەڵ خۆم برد، ئافرەتێکی بە سـاڵاچوویش لەم ماڵەدا بوو ئەو ئەمیرەی داعشیش کە منی بردبوو بە منی وت ئەبێ بۆ من بی و شووم پێ بکەی بەڵام من پێداگیریم کرد و رەتم کـردەوە و وتـم ئەبـێ بـم

کـوژن و هەرگیـز ئەوە نـاکەم، پـاش ئەوەی سـوور بـووم لە سـەر بریـارەکەم یەکسەر تەلەفۆنی هێنا و پەیوەندی بە کەسێکەوە کرد و وتـی سبەی وەرە ئەم ئافرەتە ببە سوریا، بەڵام دوای ئەوەی بوو بە شەو ئەمیرەکە لە ماڵەوە نەبوو من دەرگاکەم شکاند و رام کرد دواتر خۆم گەیاندە ماڵێک راستی چیرۆکەکەم بۆیان گێڕایەوە ئەوانیش هاوکارییان کردم و دواتر پەیوەندییان بە کەسێکی کـوردەوە کـرد دوای دوو ڕۆژ ئەو هـاوڵاتیە کـوردە منـی گەیانـدە سـنووری دەسەڵاتی پێشمەرگە".

## تراژیدیای (٢٦)

### ١٠ دۆلار بۆ هەر جارییەک لە بازاری "الدولە"

ناو و نازناو: عەمشە
تەمەن: ١٩ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"عەمشـــە"ی(١٩) ســاڵ دایکــی منداڵێکــە کــە هێشــتا نەبووەتــە دوو ســاڵ و دووگیانیشە بە منداڵێک کە چوار مانگی ماوە چاو بە دونیا هەڵبێنێ هەتیوە لە باوکـەوە کـە بـە دەسـتی داعـش سـەر بـڕاوە و دایکیشـی ناچـاربوو لـە ژێـر ئەزموونێکی سەختدا بێت بە ناونیشانی "السبایا".

"عەمشـە" لـە دەسـتی پیـاوێکی بەسـاڵاچووی خـەڵکی موسڵ هـەڵهات (کـە بـە تەمابوو لەگەڵ خۆی بیباتە سوریا و لـەوێ بیفرۆشـێ) وتـی:" لـە نێـوان ئەوانـە بووین کـە شکستیان هێنـا لـە هـەڵهاتن بۆ چیـای شـنگال، لـە دوای هێرشـەکانی داعش بۆ ناوچەکەمان سەدان هەزار کوردی ئێزیدی هەڵهاتن بۆ ئەو چیایە، بە چـاوی خـۆم بینـیم کــە چـۆن پیـاوان و بەسـاڵاچووی ژن و پیـاو و تەنانــەت کوڕانیش کە لە سەرووی(١٠) ساڵان بوون سـەریانیان ئـەبڕی، لـە نێوان ئـەو ســەر بڕاوانــە مێردەکــەم و خانەوادەکەیشــی بــوون، ئێمــەی ژنانیشــیان بــە ئۆتۆمبێلی (پیکاب) گواستەوە بۆ هۆڵێکی گەورە لە شاری موسڵ".

درێژەی بـە قسـەکانی دا و وتـی:"ژمارەمـان زۆر بـوو، زیـاتر لـە دوو هـەزار، هـەموومان ئـافرەتی ئێزیـدی بـووین کـە رفێنـدرابووین"، رەتـی ئەکاتـەوە "کـە مەسیحی و تورکمان لە هۆڵەکە بووبێت".

درێژەی پێدا و وتـی:"ئـەزموونێکی تـاڵ بـوو، بـە چـاوی خـۆم بینـیم کـە چـۆن کچانی ئێزیدییان بە ١٠٠٠٠ یان ١٥٠٠٠ دیناری عێراقی ئەفرۆشت، کـە ١٠ دۆلاری ئــەمریکی ئــەکات بــۆ یــەک شــەو و هــەروەها بــۆ چەنــەهاجار ئەفرۆشرانەوە، بـە بـەردەوامی دەستدرێژیان ئـەکردە سـەریان، هەنـدێک جـار ئەنـدامانی ئـەم گرووپـە کـە ڕەگەزنامـەی وڵاتـانیتر بـوون ئـەهاتن ئـەم کچـە ئێزیدیانــەیان بــە ١٠٠٠٠ یـان ١٥٠٠٠ دینـاری عێراقـی ئـەکری و ئـەیانبردە ســوریا و وڵاتــەکانی تــر بــە ٢٠٠ دۆلار ئــەیان فرۆشــتن "، جــەختی لــەوە ئەکردەوە کە بە زۆر ئەیانیانکردە موسڵمان بۆ ئەوەی دواتر لـە ئەندامانی ئـەم گرووپـە مـارە بکرێن، ئـەوەی کـە رێگری بکردایـە هەرەشـەی سـەر بڕینیـان

لێیـان ئـەکرد یـان سـەر بڕینـی منداڵـەکانیان، زۆرجـار داوایـان لـە هەنـدێکیان ئەکرد باسی چۆنیەتی ئەشکەنجە و دەستدرێژییەکە بۆ خێزانەکانیان بکەن".
"مراد علی"برای "عەمشـە" ئەڵێت:"لـە کـاتژمێر دووانزە و نیوی دوای نیوە شـەو داعـش هێرشـی کـردە سـەر ناحیـەی قەحتانیـە، بـۆ مـاوەی(٤)کـاتژمێر رووبـەڕوویان بووینـەوە، لـە کـاتژمێر شەشـی بـەیانی زۆربـەی دانیشـتوانی کۆمەڵگاکـە هـەڵهاتن بـۆ چیـای شـنگال، ئەوانـەی کـە ئۆتۆمبێـل و شـتی تـری نەفەرهەڵگریـان بـوو زوو توانییـان هـەڵبێن بـێ ئـەوەی رووبـەڕووی داعـش ببنەوە کە پێشڕەوییان ئەکرد لە خۆرئاوای چیای شنگالەوە لە سنووری سوریا و عێراقەوە بەرەو کۆمەڵگاکان، بەڵام ئەوانەی کـە ئۆتۆمبێلیـان نـەبوو گـەمارۆ دران، (عەمشـە)ش یـەکێک بـوو لـەو گەمارۆدراوانـە و ڕێگـری لـێ کـرا کـە هەڵبێ بۆ چیای شنگال ".
درێـژەی بـە قسـەکانی دا و وتـی:"خوشـکەکەم تـوانی لـەو پیـاوە هـەڵبێ کـە کڕیبووی، خەڵکی موسڵ بوو، بە تەمابوو لە سوریا بیفرۆشێ، توانی رزگاری بێ لـە دەستیان، ئـەوەی ئەستەم بـوو کـردی لـە پێنـاو رزگـارکردنی کوڕەکـەی سەرەڕای تـرس و تـۆقین تـوانی هەڵبێت و بـە شـەو بـە تـەنیا لـە جادەی موسڵ ئەسـوڕایەوە بـە دوای کەسـێکا ئەگـەڕا رزگـاری بکـات، هـەتا چـووە لای خێزانێـک و بـووە دەرفـەتێک بـۆ مـن کـە جـارێکیتر بـەو شـاد ببمـەوە دوای رزگـارکردنی و هاوکـاری کردنـی بۆ گەیشتنی بۆ ناوچـەی (بـەردە ڕەش) لـە نێوان هەولێر و شێخان کە چاوم پێی کەوت هەستم کرد تازە لە دایکبوومەوە".
"عەمشە" یەکێک بوو لەو قوربانیانـەی کـە لەگـەڵ هەزاران ئێزیدیتر رفێندرا دوای هێرشی داعش لە ٣ی مانگی ئابی ٢٠١٤ بۆ ناحیـەی قەحتانیـە ناسراوە بە "کۆمەڵگەی قەحتانیە" کە دانیشتوانەکەی کوردی ئێزیدین لـە نزیـک قەزای شنگال لە پارێزگای نەینـەوا لە بـاکووری عێراق (باشووری کوردستان)، کـە چەنـدەها ئـەزموونی هەیـە لـە گـەڵ تونـدڕەوەکان، لـە (١٤ ئـابی ٢٠٠٧) هێرشـێکی زۆر خوێنـاوی بـەرێوەچوو لـە لایـەن زنجیرەیـەک ئـەمباری سـووتەمەنی و ٣ شـاحینەی پێکهـاتوو لـە مـادەی تەقاندنـەوە و بۆمـب، کـە پیلانگێری ئەم تەقینەوانە خەڵکی تەلەعفەر بوو بە ناوی "أبو محمد العفري".

## تراژیدیای (٢٧)

## دونیا چۆن توانی داعش هەڵخەڵەتێنی

ناو و نازناو: دونیا
تەمەن: ٢٢ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی کۆچۆ

"دونیا" کچە کوردێکی ئێزیدی خەڵکی گوندی کۆچۆیە، داعش گوندەکەی گەمارۆدا و چەند کاتژمێرێک مۆڵەتی خەڵکەکەی دا کە ببنە موسڵمان و دواتر پێیانیان ڕاگەیاند کە بڕیاری لێبوردن بۆ خەڵکی گوندەکە دەرچووە، "دونیا"ی (٢٢)ساڵ لە گەڵ(٤)خوشکەکەی سەبایا بوون لای داعش.
"دونیا" ئەڵێت:"خەڵکەکە لە قوتابخانەی گوندەکە کۆکرانەوە و ژنان و پیاوانیان لە یەک جودا کرد، دواتر گوێمان لە دەنگی گوڵلە بوو، تەنها ژنان لە ناو قوتابخانەکە مانەوە و داوایان لێ کردین مۆبایل و زێڕ و هەرچی پارەمان پێیە داینێین ئەگەرنا هەرکەسێ شتێک لەمانە بشارێتەوە ئەوە سەری ئەبڕن".
درێژەی بە قسەکانی دا و وتی:" بردیانین بۆ پەیمانگای تەلەعفەر، لەوێ داوایان کرد کە ژنە بەتەمەنەکان لە ژنە گەنجەکان جیا بکەنەوە، ئێمە نەمانهێشت و دایکم بە توندی ڕەتی کردەوە ئێمەی لێ جیا بکەنەوە... دایکم و براکەمیان لە پێش چاومان سەر بڕی".
پڕ بە گریانەوە درێژەی بە قسەکانیدا و وتی:" بە ئۆتۆمبێلی پیکاب بردیانین بۆ ماڵێک لە موسڵ، نزیکەی(٥٠٠)ئافرەتی ئێزیدی بووین، ئەندامانی ئەم گروپە داوایان لێ ئەکردین بوەستینە پێوە و نمایش دەکراین بۆ ئەوەی بزانن کێ هەڵبژێرن بۆ زەواج و هەرکێ دژی بوەستایەوە بە لێدان دەستدرێژییان ئەکردە سەری، کچەکانیان بەش بەشە ئەبرد بە تایبەتی کچە شۆخ و شەنگەکان و نەمان ئەزانی بۆ کوێیان ئەبەن، بەڵام هەندێ جار کچەکان ئەگەڕانەوە ئەیان وت دەستدرێژی کراوەتە سەرمان لە لایەن ئەندامانی ئەم گرووپە، یەکێکیان تازە پێگەیشتبوو کە تەمەنی(١٥)ساڵ بوو دەستدرێژی کرابووە سەری لە لایەن(٤)داعشەوە، ئێستاش ئاسەواری لێدانی بە چەک لە سەر جەستەیم لە بیرە ".

درێژەی بە قسەکەی دا و وتی:" ئەو منداڵ بوو تەنانەت نەیشی ئەزانی مانای زەواج چییە، تەنانەت نەی ئەتوانی ستایشی بکات کە چی بەسەر هاتووە ".
وتیشی زۆربەی ئەندامانی ئەم گرووپە کە ئافرەتە ئێزیدیەکانیان رفاند و هێرشیان کردە سەر گوندەکەی عێراقی بوون و زوربەیان تەلەعفەری بوون.
"ئەبو ترکی" خاڵی "دونیا"، بە دەم گریانەوە سوپاسی خوای کرد کە دونیا لە گەڵ خوشکەکانی توانییان هەڵبێن و بگەڕێنەوە ناو خێزانەکەیان کە جگە لە "ئەبو تورکی" کەسیتریان نەمابوو.
ئەڵێت:" ئەوەنەم بەسە کە من ئێستا لە گەڵ کچانی خوشکەکەمم، کەس لە خێزانەکەمان نەمایەوە هەموویان کۆمەڵکوژکران. موعاناتمان بەردەوامە، لەتێ نانمان نییە، بەڵام سوپاسی خوا ئەکەین کە دونیا و خوشکەکانی گەڕانەوە و شانازی بە دونیاوە ئەکەم کە بێ هیوا نەبووە ".
"ئەبو تورکی" درێژەی بە قسەکانی دا و وتی:"دونیا هەموو کات ژیر بوو، هەڵیانی خەڵەتاند کە خۆی و خوشکەکەی شوویان کردووە جگە لەوەی کە بڕوایان پێی نەکرد هەڕەشەیان لێی کرد کە پشکنینی پزیشکی بۆ خوشکەکەی ئەنجام دەدەن، پێداگیری کرد کە یاوەری خوشکەکەی بکات بۆ ئەنجامدانی پشکنینی تاقی کردنەوەی سکپڕی".
بەردەوام بوو و وتی:" بە بیانووی ئەوەی کە ناکرێ رازی بێت بە زەواج، شوو ناکات هەتا (٤٠) ڕۆژ بەسەر مردنی دایکی تێنەپەڕێ، ئیتر فرۆشرا بە پیاوێکی ئەم گرووپە، لە ماڵێکدا دەستبەسەر کران، دیاربوو کە پیاوەکە لە پیاو کوژان بوو هەتا درەنگانی شەو نەدەهاتەوە، هەفتەیەک تێنەپەڕی و (دونیا) توانی هەڵبێت، لە شۆفێرێکی تەکسی داوای هاوکاری کرد گەیاندیە دەرەوەی شار، لەوێ چوونە لای پیاوێکی هەژار و کەم دەرامەت، هاوکارییانی کرد و هێنایانی بۆ کەرکوك".

## تراژیدیای (٢٨)

## کچە ئێزیدییەك نەهامەتی رفاندنی لە لایەن داعشەوە دەگێڕێتەوە

ناو و نازناو: جەنا
تەمەن: ١٩ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی کۆچۆ

"جەنا" تەمەنی(١٩)ساڵە، خوێندکار بووە، کاتێك هەموو خەونەکانی ئەوە بوو، ببێتە پزیشك، بەڵام داعش خەونەکانی بەبادا، ئەو دەڵێت؛ پیاوێکی(٧٠)ساڵ بردویەتییەوە ، ئاگاداریشە کچێکی (١١) ساڵان دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەری کاتێك پێکەوە لە ماڵێکدا بوون.
لە راپۆرتێکی کەناڵی سی ئێن ئێن-دا هاتووە: "جەنا" وتویەتی: داعش هەڕەشەی لێکردووە دەبێت ببێتە موسڵمان،"دەنا دەتانکوژین".
"جەنا" ناوی خوازراوی ئەم کچەیەی خەڵکی گوندی کۆچۆیە، کە کوردی ئێزیدییە.
ئەو دەڵێت:"کاتێك داعش لە مانگی ئابدا هاتە گوندەکەمان، پیاوانیان لە ژنان جیاکردەوە و مۆبایلیان لە هەموو کەس سەند"، بە پێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە(١٠)ساڵ زیاتر بووە، بە لۆری گواستراونەتەوە و لە دەرەوەی گوندەکەیان کوژراون.
لەم کاتەدا کچان و ژنانی ئێزیدی چاوەڕێی چارەنووسێکی جیاوازیان دەکرد، بە وتەی "جەنا"، هەموو ئەو کچە گەنجانەی لە گوندەکەیدا بوون، لە ژنە خاوەن منداڵ و پیرەکان جیاکرانەوە، "براینە ماڵێکەوە لە موسڵ کە سێ نهۆم بوو، هەموو ئەوانەی تێیدا بوون، وەك ئێمە گەنج بوون".
"جەنا" دەڵێت:"لەو ماڵەدا ڕۆژانە ئەمیر و سەرکردەکانی داعش دەهاتن و کێیان لا جوان بوایە دەیان برد، ئەو کەسەی منی برد، تەمەنی لە ٧٠کاندا بوو، بردمیە ماڵەکەی خۆی و کە چوومە ئەوێ چوار کچی تری لێ بوو، لێیان داین، پێیان وتین ئێمە کافرین، دەمانچەی خستە سەر سەرم و وتی:"تۆ لەبەر ئەوەی نابیت بە موسڵمان، دەبێت بمریت".
"جەنا" دەڵێت:"هەر لەو شەوەدا کچێکی ١١ ساڵان برایە دەرەوە و کاتێك گەڕایەوە، وتی: دەستدرێژی سێکسی کراوەتە سەر".

یەكێك لەو چەكدارانەش پەیوەندی كردبوو بە داعشەوە و دواتر بەدیل گیرابوو لای پێشمەرگە، دەڵێت: "هەر ئەندامێكی داعش ئافرەتێك و مانگانە ٢٠٠٠ دۆلاری دەدرایە".

## تراژیدیای (٢٩)

## دووجار فرۆشرا جارێکیان بە فەلەستینیەك و جارێکیان بە سعودیەك

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ١٥ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کچێکی ئێزیدی تەمەن(١٥) ساڵ بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە کە چۆن لە لایەن چەکدارانی داعشەوە فرۆشراوەتە دوو کەس وەکو کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ کراوە، دواتر تەقەی لە یەکێکیان کردووە و دەرمانی کردۆتە ئاوەوە بۆ ئەوی دیکەیان و پاشانیش هەڵهاتووە.
ئەو کچە پاش ئەوەی داوای لە کەسوکارەکەی کرد ژوورەکە جێبهێڵن و چیرۆکێکی سەیر دەربارەی رفاندنیان لە لایەن داعشەوە دەگێڕێتەوە کە تاوەکو ئێستا دوو خوشکی لە لایان ماوەتەوە و خۆشی رزگاری بووە. ئەو کچە لەبەر پاراستنی ناوی بنەماڵەکەی ناوەکەی پارێزراوە، هەرچەندە ئەو باوك و چەند برایەکی لە گەڵ خزمەکانیدا چارەنووسیان نادیارە.
کچەکە دەڵێت:" ئەوان دوای داگیرکردنی گوندەکەیان لە گەڵ چەند کچێکدا دەبرێن بۆ شارۆچکەی تەلەعفەر، دواتر لەوێشەوە بۆ موسڵ ئەوجا رەوانەی رەقە لە سوریا دەکرێن، بۆ ئەوەی لەوێ بفرۆشرێن."
لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات:" لە سوریا من فرۆشراوم، بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ لە گەڵ دوو خوشکەکەم مامەوە، بەڵام دواتر یەکێك لە خوشکەکانم بۆ موسڵ فرۆشرایەوە و گەڕایەوە بۆ عێراق، منیش لە سوریا مامەوە."
چیرۆکەکەی لە سوریا بەمشێوەیە بووە: "لە رەقە فرۆشرام بە پیاوێکی فەلەستینی، بەڵام دواتر تەقەم لێکرد و هەڵهاتم، لە کاتی هەڵهاتنم هیچ ڕێگایەکم نەدەزانی تەنها ئەو ماڵە نەبێت کە منی تێدا فرۆشرام و کچە ئێزیدیەکانی لێبوون، چەکدارەکان شێوەی منیان نەدەناسیەوە بۆیە دووبارە بە هەزار دۆلار فرۆشتیانم بە چەکدارێکی سعودی."
هەروەها دەڵێت: "چەکدارە سعودییەکە پێی وتم ناوت دەگۆڕم بۆ (عەبیر) ئینجا دواتر دایکت ناتناسێتەوە، دەبیتە موسڵمان، بەڵام من رەتمکردەوە و هەڵهاتم."

چۆنیەتی هەڵهاتنی ئەو کچە بە جۆرێك بووە کە دەرمانی خەوی کردۆتە ناو چایەوە و کاتێك خەوی لێکەوتووە، چەکدارە سعودییەکەی جێهێشتووە و هەڵهاتووە.
لە کاتی هەڵهاتنی دووەمیدا بەخت یاوەری بووە لەبەر ئەوەی پیاوێکی دۆزیوەتەوە کە بەرەو تورکیا رۆیشتووە، دەڵێت: "ئەو پیاوە منی گەیاندە تورکیا لەوێ براکەمم دۆزییەوە، براکەم دوو هەزار دۆلاری لە هاورێکانی قەرز کرد و بە قاچاغچییەکانیدا بۆ ئەوەی بەرەو کوردستان بمگەڕێننەوە. دواجار گەیشتمەوە دهۆك و لەوێ لە گەڵ خێزانە ئێزیدیەکانی دیکەدا کە ئاوارەن دەژیم".

## تراژیدیای (٣٠)

## هەر زوو نورا رزگاری بوو

ناو و نازناو: نورا
تەمەن: ١٥ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"ژمارەیەکی کەمی ئێزیدییەکان ئەو بەیانییە لە قەسابخانەی چەکدارەکانی داعش رزگاریان بوو". ئەمە قسەی "ئەحمەد عەلی"یە کە کوردێکی موسوڵمانی نیشتەجێی شنگالە و لەو کاتەدا هەڵهاتووە کە دراوسێکەی بووەتە ڕێ پیشاندەری کۆمەڵێك لە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی و ماڵی ئێزیدیەکان و شیعەکانی لە ناوچە تێکەڵەکان پیشان داون و هەندێکیتر لە بری ئەمە بە تاڵانکردنی ئەو ماڵانەوە سەرقاڵ بوون.
لەم کاتەدا "عەلی" بە پەلە لە ڕێگەیەکی لاوەکییەوە بەرەو موسڵ هەڵهاتووە و لە پاش دوو ڕۆژ گەشتووەتە دهۆك، لەم سەفەرە پڕ مەترسییەیدا کچی یەکێك لە دراوسێ ئێزیدیەکانیدا بە ناوی "نورا" لە گەڵ خۆی بردووە، "نورا" تاقە رزگاربووی خێزانەکەیەتی لەو قەسابخانەیەی تووشی ئێزیدیەکان هات بە هۆی ئەوەی ئەم خێزانە دواکەوتبوون لە هەڵهاتن لە شنگال.
ئەم کچە تەمەن(١٥)ساڵە، کاتێک کۆمەڵێك چەکدار کە بە شێوەزارێکی نا عێراقی دەئاخافتن، هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان، لە ناو دار و پووشی حەوشەکەیاندا لە کاتژمێر(١)ی پاش نیوەڕۆ خۆی حەشار دەدات، لەم پرۆسەیەشدا بە بەرچاوی خۆیەوە چەکدارەکان براکەی نورا و باوکیان دەکوژن، چونکە بەرگرییان دەکرد و لە هەولدابوون نەهێڵن چەکدارەکان دایکی و خوشکەکەی ببەن بەرەو چارەنووسی نادیار.
"نورا"کە دەموچاوی خۆی بە دەسرێك داپۆشیبوو، وتی "کەسم نەماوە، هیچ نازانم دەربارەی خوشکەکەم و دایکم، هەروەها مام و ئامۆزاکانیشم، رەنگە ئەوانیش کوژرابن، هیچ کەسم نەماوە لەم دونیایە".

## تراژیدیای (٣١)

## چیرۆکی شایەتحاڵەکان لە بارەی کچە ئێزیدیەکانەوە

ناو و نازناو: شیرین
تەمەن: ١٦ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

دۆسیەی رفاندنی کچە ئێزیدیەکان چەند مانگێکە چیرۆکی جیاوازی لە بارەوە باسکراوە، نیقاش لە زاری شایەتحاڵەکانەوە دیوە راستەقینەکەی ئەو چیرۆکانە دەخاتە روو.
تەنها کاری ئەو کچەی داعش بۆ یەکێك لە ئەمیرەکانی رفاندبوو گریان و لە خۆدان بوو، چەند هەفتەیەکیش تێپەڕیوە کەچی ئەو ئەمیرە ناوە ناوە لە گوندێکی دوورە دەستی شنگال هەر دەچێتە لای.
دانیشتوانە عەرەبەکەی ئەو گوندە چیرۆکی "شیرین"ی تەمەن (١٦) ساڵیان نەدەزانی (شیرین ناوێکی خوازراوە)، چونکە خاوەنی ئەو ماڵەی کچەکەی لێداندراوە هیچ نادرکێنێت، بەڵام لە ژیانی ناو گونددا نهێنی زۆر نامێنێتەوە و ژنەکان لە نێوان خۆیاندا بە چرپە بە یەکیان دەوت داماوە ئێزیدیە .
چەند چیرۆکێکی تری هاوشێوە لە ناوچە نزیکەکانی دەوروبەری شنگال باس دەکرێن بە تایبەتی لە قەزای بەعاج کە دەکەوێتە خۆرئاوای موسڵەوە، لەوێش ژمارەیەکی زۆر کەنیزەی ئێزیدی هەیە کە چەکدارانی داعش لە نێوان خۆیاندا دابەشیان کردوون.
شەیەتحاڵەکان باس لەوە دەکەن کە لە ماوەی رابردوودا چەند یەکێك لەو کچە ئێزیدیانە براونەتە نەخۆشخانەی بەعاج بە هۆی ئەوەی دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر یان لە رووی جەستەییەوە ئازار دراون.
یەکێك لە پزیشکەکانی ئەو نەخۆشخانەیە کە ئامادە نەبوو ناوی خۆی ئاشکرا بکات بە نیقاش ی وت ئەمە کاری مرۆڤی هۆشمەند نییە، ئەوەی بەرامبەر ئەو کچانە کراوە دەستدرێژی بە کۆمەڵ و ئاشکرایە .
هەروەها دەڵێت لە ماوەی رابردوودا سەرپەرشتی چارەسەری (١٠) لەو کچانەم کردووە، بەراستی تووشی شۆك بووم، یەکێك لەوانە تەمەنی (١٣) ساڵ بوو لە بارێکی تەندروستی و دەروونی سەختدا بوو .

وەك پزیشكەكە دەڵێت لە نێوان ئەو (١٠) ژنەدا یەكێكیان بەڕێوەبەری خوێندنگایەك بووە لە ناوچەیەكی ئێزیدینشین، ئەو ژنە كە تەمەنی (٣٠) ساڵە بەم دواییەوە بە بێ هۆشی گەیەندراوەتە نەخۆشخانە و لە سەرەتاوە پزیشكەكە وایزانیوە گیانی لە دەستداوە، بەڵام دواتر چارەسەری خێرای بۆ كراوە.
دواتر پزیشكەكە بۆی روونبووەتەوە هۆكاری بێ هۆشبوونی ژنەكە ئەوە بووە كە (١٠) ڕۆژ مانی لە خواردن گرتووە لەبەر ئەوەی زیاد لە چەكدارێكی داعش دەستدرێژییان كردووەتە سەر.
بە گەڕانەوە بۆ چیرۆكەكەی شیرین، ئەو كچە لە گەڵ كەسدا قسە ناكات و لە ژوورەكەی ناچێتە دەرەوە، تەنها ئەوەندەش دەخوات كە بمێنێت.
ژنی ئەو خاوەن ماڵەی شیرینی تێدایە وەك زۆربەی خەڵكی تری گوندەكە لە گەڵیدا هاوسۆزە، بەڵام كەس ناوێرێت ناڕازی بێت، بە تایبەتی كە مێردەكەی پێی وتووە ئەو ئەمیرە رەحم بە كەس ناكات.
پاش ماوەیەكی زۆر ژنەكە توانیوێتی وا لە شیرین بكات بكەوێتە قسە ئینجا زانیوێتی كە زۆر نەخۆشە و پێویستی بە چارەسەری خێرای پزیشكی هەیە.
دەبوو شیرین و ئەو ژنە(١٣٠)كیلۆمەتر ببڕن بۆ ئەوەی بگەنە موسڵ، بۆیە دوای ئەوەی ژنەكە پرسی بە مێردەكەی كردووە و ئەویش بە ئەمیرەكەی وتووە، ئەمیر رازی بووە بەو مەرجەی چەكدارێكی داعشیان لە گەڵدا بێت نەوەك شیرین ڕابكات.
لە ناوەڕاستی موسڵ هەردووكیان پێكەوە چوونە لای پزیشكێكی ژنانە و پزیشكەكە ئەم چیرۆكەی بۆ نیقاش گێڕایەوە وەك ئەوەی لە ژنەكەی بیستووە.
پزیشكەكە كە خۆی داوای كرد بە مەروە ناوی ببرێت وتی كچەكە رەنگی تێكچوبوو ئازارێكی زۆریشی هەبوو، لە رووی دەرونیشەوە رووخابوو، بەڵام حاڵی زۆر لەو رفێندراوانەی تر باشتربوو كە لە نەخۆشخانە بینیومن، چونكە زۆریان بە سەختی لێیان درابوو لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون خۆیان بدەن بەدەستەوە.
لە نەخۆشخانەی كۆماری موسڵ كارمەندانی تەندروستی مامەڵە لە گەڵ ژنێكی رووسی دەكەن كە سەر بە داعشە و سەرپەرشتی چارەسەری ئێزیدیەكان دەكات.

## تراژیدیای (٣٢)

## باران کوا؟

ناو و نازناو: باران دەروێش جردو
تەمەن: ١٨ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"باران" کچە ١٨ساڵەی کوردی ئێزیدی کە لەلایەن داعشەوە رفێندراوەو ئێستا وەك کەنیزە فرۆشراوە، دایکی"باران"ناسنامەی کچەکەی لەبەردەم هەواڵنێری ڕۆژنامەکاندا دەگرێتە دەستو بەرز دەکاتەوە و لە سەر ناسنامەکە نوسراووە:

لاسم: باران
الاسم الاب والجد: درویش جردو
اللقب: .....
الاسم الام والجد: خوخە تمر
الجنس: انثی
وێنەی باران لە لای راستی نانسامەکەوە بوو.
تا ئێستاش نازانرێ باران کوا و لە کوێیە؟!

## تراژیدیای (٣٣)

## سێ جار لە لایەن داعشەوە فرۆشرا

ناو و نازناو: لوزینا
تەمەن: ١٧ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"لوزینا"ی (١٧) ساڵان، (٦٩) ڕۆژی پڕ لە نەهامەتی لە ژێر دەستی داعشدا بەسەر برد، کاتێك "لوزینا" ڕفێندرا تەنها چوار مانگ بوو هاوسەرگیری کردبوو لە گەڵ (کەمال).
"لوزینا" دەڵێت:"ئێمەیان لە سنونێ دەستگیر کرد دواتر گوێزراینەوە بۆ خانەسۆر لە وێ لە خانویەکدا دەست بەسەر کراین و دەرگاکان لە سەرمان داخران، دواتر ئێمەیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر دواتریش گواسترانیەوە بۆ موسڵ لەوێش بۆ حەمام علی...".
ئەو ئافرەتە گەنجە سێ جار فرۆشراوە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە جارێکیشیان وەك دیاری پێشکەش بە ئەمیری داعش کراوە.
"لوزینا"درێژە بە قسەکانی دا و وتی:" سێ جار من فرۆشراوم و گواستراومەتەوە دواجار فرۆشرام بە هاوڵاتیەکی عەرەبی میهرەبان ئەو پیاوە رێز و حورمەتی گرتم و هاوکاری کردم، ئەبوو دارا لە رێگەی کاك مەحمودەوە منیان رزگار کرد لە ژێر دەستی چەکدارانی داعش".
"لوزینا" و هاوسەرەکەی (کمال) سەردانی لالشیان کرد، بۆ ئەوەی دوعا و نزا بکەن و هەم دووبارە سۆز و پەیمانی خۆیان نوێ و توند و تۆڵتر بکەنەوە.
"کمال"ی هاوسەری بێگومانە لەوەی کە ژیانی داهاتوو بە خۆشیەوە لە گەڵ "لوزینا" بەسەر دەبات.
"کمال" وتی:"وەك پێشووە لە لایەن من وەك جاران خۆشم دەوێت لوزینا بە زۆری رفێندراوە و فرۆشراوە، بە بێ رەزامەندی ئەو، زۆرداری لێکراوە...".
زۆر ئاستەنگ و گرفت هەبوونە تاکو "لوزینا" لە حمام علی لە موسڵ گەیەندراوەتە سنووری کەرکوك و ناوچە ئارامەکان.
"بابا چاوش" رۆڵی ئەو کەسانە بەرز و پیرۆز دەنرخێنێت کە هاوکاری "لوزینا" یان کردووە بۆ رزگاربوونی.

"بـــابه شــێخ" وتی:"هەرکەســێك هاوکـــاری میلەتـــی ئــێمە بکـــات ئــێمە سوپازگوزاریانین سوپاسی هەڵوێستی هەموو خەڵکی مرۆڤ دۆست ئەکەین کە لە دەسـت پێکـی داگیرکردنـی شـنگال و ئاوارەبوونمـان هاوکـار و یـارمەتی دەرمان بوونە لە موسوڵمان و مەسیحی و هەموو کوردێك".

دیسـان وەك جـاران بگـرە زیـاتریش هەڵسـوکەوت و رەفتـار و میهرەبـانی و خۆشەویســـتی بەرامـــبەر بە "لوزینـــا" دەکـــرایەوە لە لایەن "کمـــال" و خانەوادەکەی.

"بابە شێخ" وتی:"دوو جۆر رفاندن هەن یەکێکیان بە ئارەزومەندانە لە نێوان ئێمەدا ئەوانەی بە ئارەزوی خۆیان دەڕۆن گەڕانەوەیان نیە، بەڵام ئەوانەی بە زۆری رفێنـدراون لە لایەن چەکـدارنی داعشــەوە، قەدر و قیمەتـــی لەوانەی ماون زیاترە و بە هەموو شێوەیەك رێز و شکۆی بۆ دەگەڕێنینەوە ئێمە ئەو ئافرەتـانەی رزگاریـان بـووە لە دەست چەکدارانی داعش وەك شـتێکی پیرۆز سەیریان دەکەین لە ناو جڤاتی ئێزیدیاتی".

رزگـاربوونی "لوزینـا" بە هەوڵ و هیمەتـی نوسینگەی سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری شنگال بووە.

"لوزینـا" لە لالـش دوعـا و نـزای دەکـرد بـۆ ئەوەی ژیـانی پێشـوتری بـۆ بگەڕێتەوە لە گەڵ هاوسەری لە داهاتوو بەختەوەربن.

## تراژیدیای (٣٤)

## کچە کوردە ئێزیدیەکان چۆن ئازاد دەبن؟

لە ماوەی دوو مانگدا ١٢٧ کوردی ئێزیدی رفێندرا و لە دەست داعش، بە ئۆپەراسیۆنی تایبەت رزگارکراون و گەیشتوونەتە دهۆك، لەو ژمارەیەش ٢٦ کەسیان پیاون و ٦٣ کەسیان کچن و ٣٨ یشیان منداڵن، هەروەها ٦٢ خێزانی موسڵمان و کورد بە شێوازی جیاتر لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعشەوە گواستراونەتەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان، کە دەکاتە ٣٩٧ کەس.

رزگارکەری ئەو کوردە رفێنراوانە دەڵێت ١٧ کچی کوردی ئێزیدی دیکەش لە شاری رەققە-ی پایتەختی خەلافەتەکەی داعش توانیویانە خۆیان بگەیەننە شوێنێ دوور لە مەترسی و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا دەگەنەوە دهۆك، ئەو رزگارکەرانە دوو کوردی موسڵمانن و حکومەتی کوردستان بە پارە هاوکارییان دەکات لەو کارەیاندا.

**نووسینگەی رزگارکردن**

لە نێوجەرگەی شاری دهۆکدا دوو پیاوی شنگالی موسڵمان شەو و ڕۆژ سەرقاڵی وەڵامدانەوەی تەلەفۆنن، ئەوان لە ناو مۆڵێکدا نووسینگەیەکیان داناوە نووسینگەیەك کە کاری بازرگانی ناکات و لە جیاتی ئەوەی پارە قازانج بکات ڕۆژ بە ڕۆژ خاوەنەکەی قەرزدارتر دەکات. سەیفەدین شنگالی و د. مەحموود ماردینی دەستیان داوەتە کارێکی جیاواز، ئەوان بە دەنگی بەرز وەڵامی تەلەفۆنەکانیان دەدەنەوە: "نەگەیشت؟ دە باشە، خۆ سبەی دەگات؟" ئەو کەسانەی لە تەلەفۆنەکەوە قسە دەکەن ئەو قاچاخچییانەن کە کچان و کوڕانی کوردی ئێزیدی رفێندراو دەگەیەننە ڕۆژئاوا یان باشووری کوردستان، لە بەرامبەریشدا نزیکەی ٤ هەزار دۆلار وەردەگرن.

بازرگانییەکی بەرهەمهێن بۆ قاچاخچییەکان و کارێکی خێرخوازانە بۆ سەیفەدین و مەحموود.

چالاکی بەردەوامیش بۆ (رێکخراوی سەیفۆ بۆ رزگارکردنی کوردانی ئێزیدی)، کە مەحموود و سەیفەدین دروستیان کردووە.

سەیفەدین کادێرێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستانە، کەسێکی دەوڵەمەندەو ئەو باڵەخانەیەی نووسینگەکەی تێدایە موڵکی خۆیەتی، د. مەحموود، پسپۆڕی

مێژووی خەلافەتی عوسمانییە. ئەو یاریدەدەری بەڕێوەبەری دەستەی ئەرشیفی عوسمانییە لە حکومەتی تورکیا، بەڵام لەوەتەی شەڕی داعش روویداوە نەگەڕاوەتەوە ئیستەنبوڵ و خەریکی رزگارکردنی خەڵکە.

**چیرۆکی کچە یازدە ساڵەکە**

ناو و نازناو: دلڤین
تەمەن: ...
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

لە نووسینگەکەدا ژمارەیەکی زۆر کچی رزگارکراو دانیشتوون، چیرۆکی هەریەکێکیان تەنیا لەوەدا لەوەی دیکەیان دەچێت کە رفێندراون و بوونەتە نێچیری ئەمیر و چەکدارانی داعش. ئەوان شەرم دەکەن لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەرکەون، تکادەکەن وێنەیان نەگیرێت، بەزەحمەتیش چیرۆکەکانیان دەگێڕنەوە، هەرچەندە بابەشێخ خرتۆ، سەرۆکی جڤاتی رۆحانی کوردانی ئێزیدی، فەتوای داوە کە ئەو کچانە گوناهیان نییە ئەگەر لە ماوەی رفاندنەکەیاندا هەرچییەکیان بەسەرهاتبێت، بەڵام کچەکان لە ڕووی دەروونییەوە ئازار دەچێژن و نایانەوێ کەس بیانناسێتەوە، یەکێك لەو کچانە ناوی "دلڤین"ە، چاو و برۆیەکی گەورەی هەیە و بە کوردییەکی شنگالی رەوان قسە دەکات، "دلڤین "ناوی خوازراویەتی. ئەو دوای ئەوەی دەکەوێتە دەست داعش، دەبردرێتە باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی لە ناو شاری مووسڵ، لەو باڵەخانەیەدا بە دەیان کچی کوردی ئێزیدی لێن، "دلڤین" باسی ئەو ڕۆژانە دەکات کە لەوێ دەربازی کردووە و دەڵێت:"ڕۆژانە یەك نانیان دەداینێ، هەندێك ڕۆژ هەر نانیشیان نەدەداینێ. هەندێکمان لە برسان دەبووراینەوە، بەڵام لێمان تووڕە دەبوون و دەیانگوت درۆ دەکەن"، ڕۆژێك پیرە پیاوێکی حەفتا ساڵەی ریش درێژ دێت و لە نێو هەموو کچەکاندا "دلڤین"هەڵدەبژێرێت، لە گەڵ خۆیدا دەیباتە ماڵی خۆی، ئەو پیاوە ئەمیرێکی داعش بووە و ژنی نەبووە، بەڵام چوار کچی کوردی ئێزیدی دیکەشی لە ماڵەکەیدا داناوە:"پیاوێکی دڵ ڕەق و توند بوو، زۆر ئازاری دەداین، ڕۆژێکیان کچێکی تەمەن یازدە ساڵ بۆی گێڕامەوە کە شەوی پێشتر ئەو پیاوە دەستدرێژی کردووەتە سەری، ئەمە

زۆر ترساندمی، بیرم لەوە کردەوە خۆم بکوژم، بەڵام نەمدەتوانی، چونکە هیچ ڕێگەیەك بۆ خۆکوشتن نەبوو".

## ژنە داعشەکان کێشەیان نەبوو

ناو و نازناو: سارا
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"سارا"، کە ناوی خوازراوی کچێکی دیکەی رزگارکراوە، باش لە بیریەتی کە چەکدارێکی داعش هاتووە و ئەوی کڕیوە و لە گەڵ خۆیدا بردوویەتیە ماڵەوە، چەکدارەکە خەڵکی مووسڵ بووە، ژنی هەبووە و منداڵیشی هەبوون، ژنی چەکدارەکە بە تووڕەییەوە بە سارای گوتووە:"ئێوە کافرن و مێردەکەم کارێکی باشی کرد کە تۆی هێنایەوە".
"سارا"بەچاوی پڕ لەفرمێسکەوە بەردەوام دەبێت: "منداڵەکانی جوێنیان پێدەدام و سووکایەتییان پێدەکردم. هەر دەیانگوت تۆ ئێزیدی و کافری، دایکیشیان دەستی نەدەگرتن و هیچی نەدەگوت". ڕۆژێك پیاوێك دێت و "سارا" لە چەکدارەکەی داعش دەکڕێتەوە، توومەز ئەو پیاوە رزگارکەرەکەی بووە و لە گەڵ مەحموود و سەیفەدین هەماهەنگی هەبووە.

## ئەمیری رزگارکەر

ناو و نازناو: نارین
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

"نارین"، کە ناوێکی خوازراوە، لە گوندێکی ناوچەی شنگال خراوەتە ماڵێکەوە و دەرگای لە سەر داخراوە، ئەو گوندە پێشتر کوردی ئێزیدی تێدا ژیاون و دانیشتوانەکەی کۆمەڵکوژکراون، "نارین" لە گەڵ سێ کچی دیکەدا لەو ماڵەدا بووە، بەردەوام خواردنی باشی دراوەتێ و زۆر خزمەتی کراوە:"ئەو شوێنەی

ئێمەی لێ بووین بارەگای دەزگای هەواڵگری داعشی لێ بوو، فەرماندە هەواڵگرییەکانی داعش لەوێ بوون و ئەوان دەهاتنە لامان، دانیشتوانی هیچ ماڵێك ئاگای لە ماڵەکەی تەنیشتی نەبوو". "نارین" بەردەوام دەبێت:"جارجارە دەهاتینە حەوشە، لەوێ خۆرمان دەدیت، فڕۆکەشمان بە ئاسمانەوە دەدیت، هیوامان دەخواست بۆمباران بکرێین و بمرین، لەبەر کەرامەتی خۆمان ئەو هیوایەمان دەخواست".

"نارین" چیرۆکی رزگاربوونەکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:"شەوێك ئەمیرێکی داعش هات و لە خەو هەڵیساندم، گوتی هەستە با بڕۆین، هاتووم رزگارت بکەم، زۆر ترسام و بڕوام نەدەکرد، بەڵام ئومێدێکی زۆر بچووکم هەبوو کە ڕاست بکات، نەمهێشت هیچیەك لە کچەکان لەخەو هەستن و لە ماڵەکە دەرکەوتین".

"نارین"دەڵێت ئەمیرەکەی داعش دەیتوانی تەنیا یەك کەس لە گەڵ خۆی بهێنێتە دەرەوە و بیانووی ئەوە بهێنێتەوە کە حەزی لەو کچە کردووە، "بۆیە نەمتوانی کچەکانی دیکە لە گەڵ خۆمدا رزگار بکەم".

"نارین" ئێستاش بڕوا ناکات چۆن ئەو ئەمیرەی داعش بە پارە رازی کراوە کە رزگاری بکات.

**کاڵبوونەوەی سنوور**

د. مەحموود ماردینی چاوەڕوانی ئەوەیە لە ڕۆژانی داهاتوودا ١٧ کچی دیکە کەلەناو شاری رەققەی سووریاوە ڕایانکردووە، بگەنەوە کوردستان. دەربارەی دەستکەوتی خۆی و سەیفەدین شنگالی لەو کارەی دەیکەن، دەڵێت: "ئێمە ئێستا خاوەنی دڵی زۆرتر لە هەزار مرۆڤین. هیچ دەستکەوتێك لەوە گەورەتر نییە". ئەوان ڕۆژێك لە کەرکوکن و ڕۆژێك لە قامشلۆن و ڕۆژێکی دیکەش دەچنە سەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان. د. مەحموود بە پێکەنینەوە دەڵێت: "کوردستانمان کردووەتە یەکپارچە. من بە بنەچە باکووریم، دەچمە ڕۆژئاوا و لەوێ کچە کوردێکی رفێندراوی باشووری رزگار دەکەم. لە کەیسی شنگالییەکاندا سنوورەکان هیچ مانایەکیان نەماوە".

## تراژیدیای (٣٥)

## لە گوندی (کۆچۆ)وە بۆ هەولێر

ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ٢١ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: کۆچۆ

پاڵەوانی چیرۆکەکە، کچە کوردێکی ئێزیدی گوندی کۆچۆیە، تەمەنی ٢١ ساڵە، دوای(٧٠) ڕۆژ دەستگیرکردنی لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە، گەیشتە کوردستان دوای دووجار شکستهێنان لە هەوڵدانی هەڵهاتن. کچەکە داوای کرد، ناو و ناسنامەکەی ئاشکرا نەکرێ، باسی کۆمەڵکوژییەکەی کرد کە بە سەر خەڵکی گوندی کۆچۆ هات و ئەو مەرگەساتەی کە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو مانگ تیایدا ژیا، ئەو ماوەیەی لە لایەن داعشەوە دەستبەسەر کرابوو.
لە دوای داگیرکردنی قەزای شنگال (١٢٠ کیلۆمەتر باشووری ڕۆژهەڵاتی موسڵ) لە لایەن تیرۆرستانی داعشەوە، خەڵکی گوندی (کۆچۆ) لە گوندەکەیان مانەوە، دوای ئەوەی کە ژمارەیەک لە شێخەکانی هۆزی (البومتیوت) و یەکێک لە ئەمیرەکانی داعش بەڵێنیاندا کە سەلامەت ئەبن و چەکدارەکان هیچیان لێ ناکەن، بەڵام دوای چەند هەفتەیەک لە دەستبەسەراگرتنی شنگال یەکێک لە ئەمیرەکانی داعش هات بۆ گوندەکە و هەرەشەی لێیان کرد کە یان ئەبێ ببنە موسڵمان یان ڕووبەڕووی مەرگ ببنەوە، دوای تەواوبوونی مۆڵەتی سێ ڕۆژ، کە گرووپی داعش دابووی بە خەڵکی گوندەکە و خەڵکی گوندەکە ئامادە نەبوون واز لە ئاینیان بهێنن، تیرۆرستانی داعش پیاوان و گەنجانیان لە ناوچەی سولاخ (چەند ناوچەیەکی تر)ی باشووری ڕۆژئاوای شنگال کومەڵکوژکرد و ئافرەتەکانیان بردن.
کچە رزگاربووەکەی بەندیخانەکانی داعش دەڵێت:"نزیکەی (٦٠) کچ و ژن بووین بردیانین بۆ شاری موسڵ، لە ماڵێکدا دەستبەسەر کراین لە کەلوپەلەکان دیاربوو کە ماڵەکە هی مەسیحی بوو کە داعش دەستی بەسەر ماڵەکانیاندا گرتبوو، بۆ ڕۆژی دواتر بەیانیەکەی ئێمەیان دابەش کرد بۆ چەند گرووپێک، هەر گرووپێ لە ٤ ئافرەت پێکهاتبوو، هەر گرووپێکیان بردە ماڵێک لە شارەکە".

درێژەی بە قسەکەیدا و وتی:"من و سێ ئافرەتی تریان بردە ماڵێک نزیک بازار لە موسڵ، دوای چوار ڕۆژ بڕیارماندا هەڵبێین، نزیکەی کاتژمێر (١٠)ی شەو توانیمان پاسەوانەکان بێ ئاگا بکەین و چوینە لای خێزانێک لە موسڵ، خاوەن ماڵەکە بە سنگێکی فراوانەوە پێشوازی لێ کردین، بەڵام دوای دوو کاتژمێر بە هاوەڵی چەکدارێکی داعش گەڕایەوە و ئێمەی رادەستیان کرد بۆ ئەوەی بمانگەڕێننەوە بۆ ئەو ماڵەی کە لێی هەڵهاتین".
بەردەوام بوو، وتی:"دەستیان کردە ئەشکەنجەدان و لێدانمان، هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردین ئەگەر نەبینە موسوڵمان، بەڵام ئێمە رازی نەبووین بە گۆڕینی ئاینمان، بەرگەی ئەو ئەشکەنجە و لێدانەمان گرت، دوای دوو ڕۆژ لەو ئەشکەنجە وەحشییانە دوو لەو ئافرەتانەی لە گەڵمان بوون بردیانن، من و ژنێکیتر ماینەوە، دوای (١٠) ڕۆژ منیان بردە ماڵێکیتر".
درێژەی پێدا و وتی:"دوای دوو ڕۆژ لە ئەشکەنجەدان و هەڕەشە، ئەو کێبڵەیان کردەوە کە منیان پێی بەستبوو، بە سودفە توانیم مۆبایلێک لەو ماڵە بدۆزمەوە، پەیوەندیم بە مامموە کرد، زۆر دڵخۆش بوو کە گوێبیستی دەنگم بوو، پێیم ڕاگەیاند کە من هەڵدێم هەرچییەک بێت ئەنجامەکەی، دواتر توانیم هەڵبێم، تیرۆرستەکان دوام کەوتن بەڵام منیان ون کرد چونکە ماڵەکە لە بازار بوو قەرەباڵغ بوو".
وتی:"لە بازار داوام لە پیاوێک کرد پارێزگاریم لێ بکات، کە زانی من لای داعش دەستبەسەر کرابووم، داوای لێم کرد لە گەڵی سەرکەومە ئۆتۆمبێلەکە، بردمی بۆ ماڵی خۆی، منی بە خێزانەکەی ناساند کە پێکهاتبوون لە ژنەکەی و کچێکی و کوڕێکی، پرسیاریان لێ کردم کە چەند ڕۆژ دەستبەسەر کرابووم لە لایەن داعش، پێیانم وت دوو مانگ و ١٠ ڕۆژە".
درێژەی بە قسەکەی دا و وتی:"داوام لێ کردن کە هاوکاریم بکەن بۆ ئەوەی بگەمە هەولێر، سەرەتا ترسان لەوەی کە تۆمەتباریان بکەن بەوەی کە لە گەڵ داعشن، بەڵام دوای ئەوەی کە دڵنیایانم کردەوە کە بە لایەنە ئەمنییەکان رائەگەینم کە یارمەتییان داوم بۆ ئەوەی رزگارم بێت لە دەستی داعش، خاوەن ماڵەکە توانی بە بیانووی نەخۆشی سەفەر بکا بۆ هەولێر، دوای دەرچوونمان لەو سنوورانەی کە بە دەستی داعشەوە بوو پیاوەکە پەیوەندی بە مامموە کرد و شوینەکەی پێی وت و مامم بە پەلە هات و منی بردە هەولێر".

## تراژیدیای (٣٦)

## چیرۆکی چەند کچێکی ئێزیدی کە لە دەستی داعش هەڵهاتوون

ناو و نازناو: حەنان
تەمەن: ١٨ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کەسی دووەم
ناو و نازناو: خوما
تەمەن: ٣٠ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندێکی دەوروبەری شنگال

کەسی سێیەم
ناو و نازناو: چنار
تەمەن: ٢٠ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کەناڵی"بی بی سی"چاوپێکەوتنی لە گەڵ چەند ئافرەتێکی ئێزیدی سازکردووە، کە پاش کۆنترۆڵکردنی شنگال لە لایەن تیرۆستانی داعشەوە کەوتوونەتە دەست ئەو تیرۆرستانە. ئەو ئافرەتانە باسی ئەو نەهامەتییانە دەکەن کە لە ژێر دەستی داعش بەسەریان هاتووە.

**زیاتر لە ٣٥٠٠ ئافرەت و کچی ئێزیدی لای داعشن**

کوردانی ئێزیدی ئاماژە بەوە دەکەن کە زیاتر لە ٣٥٠٠ ئافرەت و کچیان تا ئێستایش لە دەستی تیرۆرستانی داعشدان و ژمارەیەکی زۆر لەوانەیش وەکو کۆیلەی جنسی مامەڵەیان لە گەڵ دەکرێت.

ژمارەیەك لەو ئافرەتانەی کە توانیویانە لە دەست تیرۆرستانی داعش هەڵبێن، چیرۆکی ئەو گرفتارییەی خۆیان بۆ "پۆڵ وود" پەیامنێری "بی بی سی" دەگێڕنەوە.

**ڕۆژێکی گەرم**

ڕۆژێکی گەرمی هاوین، خانەوادەکەی حەنان وەکو هەموو خانەوادەکانی دیکەی دانشتووی شنگال غافڵگیر بوون لە هێرشی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر شارەکەیان.

حەنان ئاماژە بەوە دەکات؛ کە لەو ڕۆژەدا ئەوەی کە توانی بار و بنەی خۆی پێچایەوە و لە شار ڕایکرد، ئەو ڕۆژە هەموو لە شەقامەکاندا ڕایان دەکرد و هاواریان دەکرد و دەنگی تەقەش لە هەموو شوێنێکەوە دەبیسترا.

حەنان ناوی ڕاستەقینەی ئەو نییە، هیچ یەکێك لەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە پێشتر دیلی داعش بوون، ئامادە نەبوون بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوە بۆ(بی بی سی) قسە بکەن.

حەنان دەڵێت:"ئەو ڕۆژە داعش هەموو شەقامەکانی شنگالیان گرتبوو و هەموو خەڵکیان گەڕاندەوە ناو شاری شنگال و هەر لەوێشدا ژن و پیاویان لە یەکتری جیاکردەوە".

حەنان هەروەها دەڵێت:"تیرۆرستانی داعش ٢٠ کەس بوون، کە ڕیشێکی درێژیان هەبوو و چەکیان بە دەستەوە بوو، گوتیان دەتانبەین بۆ موسڵ، ئێمەیش ڕازی نەبووین، بەڵام بە زۆر سواری ئۆتۆمبێلیان کردین و بردینیان بۆ موسڵ".

**بازاڕی فرۆشتنی کۆیلەکان**

حەنان دەڵێت:"لە موسڵ بردینیانە سالۆنێکی وەرزشی، کە چەندین ئافرەتی دیکەی تێدابوو، پاشان ئێمەیان بردە هۆڵێکی ئاهەنگ گێڕان کە ٢٠٠ ئافرەتی دیکەی تیا کۆکرابووەوە، ئەوێ بازاڕی فرۆشتنی کۆیلەکان بوو، ئەندامانی داعش دەهاتن و ئافرەتیان هەڵدەبژارد".

حەنان هەروەها دەڵێت:"ئێمە نەماندەتوانی سەیری دەموچاویان بکەین، زۆر ترسابووین، بۆ ئەوەی ئێمە بترسێنن دەستیان بە تەقەکردن دەکرد. زۆر هەوڵماندا خۆمان بکوژین، بەڵام ڕێگایەکمان بۆ ئەو کارە نەدۆزییەوە، بەڵام یەکێك لە کچەکان خۆی کوشت".

**پەنجەرەی ڕاکردن**

بە گوتەی حەنان؛ لە ناو داعشدا ژمارەیەك کەسی بیانی هەبوون، بەڵام زۆربەیان لە سوننەکانی ناوچەکە بوون، حەنان یەکێك لەوانەی ناسیبووەوە و گوتی؛ ئەو کەسە لە شنگال دوکانێکی مۆبایل فرۆشتنی هەبوو.

حەنان دەڵێت:"ئەو کەسە پێیگوتین، ئێزیدیەکان کافرن، ئێستا ئێوە بڕیارە موسڵمان بن و ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەشیان لە گەڵ خۆیان دا دەبردەوە بۆ ئەوەی سەرجێیان لە گەڵ بکەن".
بە گوتەی حەنان؛ داعش بەردەوام جێگای ئەو ئافرەتە ئێزیدیانەی دەگۆڕی، جارێکیان ئافرەتەکان پیاوەکانی خۆیانیان بینی کە سمێڵی هەموویانیان تاشیبوو، چونکە بەلای داعشەوە سمێڵ کارێکی نا ئیسلامییە.
بە گوتەی حەنان؛ داعش ئافرەتە جوانەکانی زووتر دەبرد، ژمارەیەکی زۆریان دەبردنە ڕەقەی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی و لە دواجاریشدا نۆرەی حەنان هات.

**دەرفەتی ڕاکردن**
حەنان ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ژوورەی ئەوانی تیا بوو پاسەوانی هەبوو، بەڵام پەنجەرەیەکی تیا بوو کە پلاستیکی بوو و شەوێکیان دوای ماندووبوونێکی زۆر توانیان پلاستیکەکە بشکێنن.
حەنان دەڵێت:"یەکە یەکە لە پەنجەرەکانەوە چووینە خوارەوە، من پێنجەم کەس بووم، چاوەڕێی کچە مامەکەمم دەکرد، بەڵام بینیم گڵۆپەکە داگیرسا، نەمتوانی لەوە زیاتر چاوەڕێی بکەم، لە دیوارەکەوە خۆم فرێدایە خوارەوە و ڕامکرد".
حەنانی ١٨ ساڵ دەیویست ببێتە پەرستار، ئارەزوویەك کە لە گەڵ هێرشەکەی داعش دا بە باچوو.

**خوما بە ٣ هەزار دۆلار کڕرایەوە**
خوما، یەکێکی دیکە بوو لەو ئافرەتە ئێزیدیانەی کە لە یەکێك لە کۆمەڵگەکان دا دەژیا و پاش داگیرکردنی شنگالیش داعش وەکو کۆیلە دەستگیری کرد و ناردییە ڕەقە.
خوما ڕاینەکرد، بەڵام دواجار خانەوادەکەی بە بڕی ٣ هەزار دۆلار ئازادی کچەکەی خۆیان لە داعش کڕییەوە.
خومای تەمەن سی ساڵە، شەرم و ترسی ئەو ڕۆژەی کە ئەوی تیا فرۆشراوە وەکو کۆیلە لە نێوچاوانیدا هێشتا مابوو، تەنانەت ئەو بڕە پارەیەش کە ئەوی پێ فرۆشرابوو لە بیری مابوو.

**پۆل پۆل دەهاتن**

خوما دەڵێت:"پۆل پۆل بۆ کڕینی ئافرەتەکان دەهاتن، نەماندەتوانی بە تەواوی بخەوین، چونکە کاتی بۆ نەبوو لە هەموو کاتێکی شەو و ڕۆژدا بۆمان دەهاتن و زۆرجاریش کچەکانیان بێزار دەکرد پاشان دەیانگەڕاندنەوە و کە چاك دەبوونەوە دووبارە دەیانفرۆشتنەوە".

**پاڕانەوە دادی نەدان**

حەنان هەروەها دەڵێت:"گریان و پاڕانەوە هیچ کاریگەرییەکی نەبوو، ئەوان پارەی کڕینی ئێمەیان لە شێخێکی داعش وەردەگرت، یەکێك لەوان ڕۆژێك ١٥ هەزار دینار واتە ١٣ دۆلاری ئەمەریکی پیشان داین و گوتی ئێوە هەرئەوەندە دەکەن".

خوما و کچە پوورەکەی، کەسێك بردنی کە پاسپۆرتەکەی بیانی بوو. ئەو پێنج کچ و ژنی دیکەی ئێزیدی لە ماڵەکەی دابوون، ئەو خێزانداربوو و خێزانەکەیشی لە گەڵیدا دەژیا و دەیویست لە گەڵ ٢ ئافرەتی دیکەی دەستگیرکراوی ئێزیدی زەواج بکات و ئەوانی دیکەیش کە خوما یەکێك بوو لەوان، وەك کەنیزەك لە ماڵەکەیدا بمێننەوە.

**خێزانەکەی ناڕازی بوو**

خوما دەڵێت:"هاوسەری ئەو پیاوە ناڕازی بوو، ڕۆژێکیان یەکێك لە دراوسێکانی هات و گوتی ناتوانی هەموو ئەو کچانە لە ماڵەکەت دا بهێڵیتەوە، ئەبوبەکر بەغدادی فەرمانی کردووە کە دەبێت لە هەر ماڵێك دا ئافرەتێك لەوانەی زیاتر تیا نەبێت".

**کچە تەمەن ١١ ساڵەکە**

چنار، کچێکی دیکەی ٢٠ ساڵەیە و دەڵێت:"یەکێك لە کچەکان تەمەنی ١١ ساڵ بوو، بەردەوام لێیان دەدا، سەرەتا ئەویان دایە داعشێك لە موسڵ و پاشان گەڕاندیانەوە و دواتر دایانەوە بە داعشێکی دیکە، بەڵام دوای ماوەیەك بیستم کە خۆی کوشتووە".

**لە خانەوادەکەی چنار ٩ کەسی دیکە، کە سێیانیان کچ بوون، هێشتا لە لای داعشن.**

چنار، كه له ته‌نیشت خوشكه ١٣ ساڵه‌كه‌ی دانیشتبوو، گوتی:"كاتێك كه له موسڵ بووین زۆر هه‌وڵیان دا ئێمه له گه‌ڵ خۆشكه‌كانم له یه‌كتری جیا بكه‌نه‌وه، به‌ڵام نه‌مانهێشت ئه‌و كاره بكه‌ن".

**ئه‌میره‌كه‌ی داعش پێشتر كرێكاربوو**

ئه‌و هه‌روه‌ها ده‌ڵێت:"ئه‌و كه‌سه‌ی كه ده‌یویست ئێمه بكڕێت ده‌مناسی، پێش هێرشه‌كانی داعش ئه‌و كرێكار بوو، چه‌ندین جار هاتبووه ماڵمان، به‌ڵام له موسڵ بووبووه ئه‌میر، ئێمه داوامان لێكرد كه ئێمه له یه‌كتری جیانه‌كاته‌وه و ئه‌ویش ڕازی بوو، وه‌كو داعشه‌كانی دیكه خراپ نه‌بوو، به‌ڵام هه‌ر خراپ بوو، خۆزگه ده‌متوانی هه‌موویان له‌ت له‌ت بكه‌م".

**سڕینه‌وه‌ی كه‌لتوور و فه‌رهه‌نگی ئێزیدییه‌كان**

خه‌یزه‌ر دلمه، چالاكوانێكی ئێزیدی بوو، خه‌یزه‌ر كه ئه‌و ئافره‌تانه‌ی ڕازیكردبوو چیرۆكه‌كانی خۆیان بۆ ‘‘بی بی سی’’ بگێڕنه‌وه، داعشی به‌وه تۆمه‌تبار كردبوو كه داعش هه‌ر له سه‌ره‌تاوه به‌رنامه‌ی بۆ پاكسازی فه‌رهه‌نگی و مه‌زهه‌بی له‌ناوبردنی ئێزیدییه‌كان دانابوو.
ئه‌و ده‌ڵێت:"ژنه‌كانی ئێمه‌یان له شوێنێك كۆ ده‌كرده‌وه و وه‌كو غه‌نیمه‌تی شه‌ڕ به‌سه‌ر خۆیان دا دابه‌شیان ده‌كردن و سه‌ره‌تایش بۆ چه‌كداره بیانییه‌كان و پاشان بۆ سه‌ركرده ناوخۆییه‌كان".

## تراژیدیای (٣٧)

## کچە ئێزیدییەك باسی دڕەندەیی‌و دەستدرێژی سێکسی داعش دەکات

ناو و نازناو: جەنە
تەمەن: ١٩ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: کۆچۆ

ئەو کچە ئێزیدییە کە ناوێکی خوازراوی هەیە"جەنە" چیرۆکی ژیانی خۆی و کچە ئێزیدیەکان و دەست درێژی کردنە سەریان دەگێڕێتەوە و دەڵێ، لە دوای بردنی کچەکانی گەنجەکان، چەکدارێکی تەمەن ١٧ ساڵی داعش منی هەڵبژارد و بردمییە ژورێك و بە زۆری تفەنگ ویستی بمکاتە مسوڵمان.
"جەنە"، کە ناوی خوازراوی کچە ئێزیدیەکەیە، تەمەنی ١٩ ساڵە و لە پۆلی ١٢ ئامادەییە و ئومێدی ئەوە بووە ببێتە پزیشك، بەڵام لە مانگی هەشتی ئەم ساڵ چەکدارانی داعش دەدەن بەسەر گوندەکەیان و هەرچیان هەبووە بردوویانە و دەست درێژیان کردووەتە سەر کچەکان.
"جەنە" کە خەڵکی گوندی کۆچۆیە، ئاوها باسی ڕووداوەکەیان دەکات: "کاتێك داعش هاتنە گوندەکەمان پێیان وتین، دەبێت ببنە ئیسلام یان دەتان کوژین".
هەروەها دەڵێ: "چەکدارەکان چونە ماڵەکان و هەرچی پارە و زێڕ و زیو هەبوو بردیان، دواتر ژن و پیاو و کچەکانیان لە یەکتر جیاکردەوە و پیاوەکانیان کوشت و ئەو کچانەی تەمەنیان لە سەروو ١٠ ساڵەوە بوو برد".
"جەنە" باس لەوەش دەکات، تەنانەت ژنەکانیشیان لە یەکتر جیاکردەوە ئەوانەی کە منداڵیان هەبوو بە جیا و پیرەکان لە شوێنێکی تر و ئەوانەشی کە گەنج بوون بە جیا دایان ناین لە ماڵێکدا کە سەدان کچ دەبوو".
"جەنە"زیاتر دوا و دەڵێ:"دوای جیاکردنەوەمان کچە ئێزیدیەکان گواسترانەوە بۆ شاری موسڵ و لەوێ دەست درێژی سێکسی کراوەتە سەرمان و هەندێکیان وەك کۆیلە فرۆشراون و براون بۆ شارەکانی وڵاتی سوریا".
"جەنە" دەشڵێت:"چەکدارەکان دەهاتنە ژوورەوە و کچەکانیان هەڵدەبژارد و دەیان بردن و کچەکانیش تەنها دەگریان".

ئەو دەڵێ:"ئەو کوڕەی کە منی هەڵبژارد تەمەنی ١٧ ساڵ بوو بردمیە خانووەکەیەوە. پێش من چوار کچی تری ئێزیدی لەوێ بوون، لێیان دەدان و خواردنیان وەك پێویست نەبوو".

ئەوەش ئاشکرا دەکات:"کوڕەکە منی بردە ژوورەکەیەوە و تفەنگی خستە سەر سەرم ئەو کاتەی لە زەویەکەدا کەوتبووم. پێی وتم ئەو کوژم ئەگەر نەبیت بە ئیسلام، لەوێدا کچێکی ١١ ساڵ هات و وتی دەستدرێژی سێکسیم کراوەتە سەر."

**تراژیدیای (٣٨)**

**لەیلا**

ناو و نازناو: لەیلا
تەمەن: ٢٩ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندی زۆراڤا

زۆر جار لە فیلمەکان دەبینین کاتێك کەسێك دەکەوێتە بەر دەستڕێژی گوڵلە کەسێك خۆی دەخاتەبەر بۆ ئەوەی خۆی فیدای کەسەکەی تر بکات ئەمانە فیلمن، بەڵام لە شنگال هەمان ڕووداو دووبارە بوونەوە، ئەمجارەیان ڕاستین و نمایشکردنی سیناریۆ و فیلم نیە، "لەیلا خەلەف" ژنە کوردێکی ئێزیدی دووایین کەس دەبن لە گوندەکەی ڕابکەن چونکە ڕەوشی تەندروستی هاوسەرەکەی باش نەبوو، بەڵام لە دەروازەی گوندەکە خاڵی پشکنینی چەکدارانی داعش دانرابوو.
**چوون دەتوانن رزگاریان بێت؟ برای هاوسەرەکەی ئەبێ چی بکات تاکو ناموس و کەرامەتی براکەی بپارێزێت و نەبنە قوربانی دەستی چەکدرانی داعش؟**
"لەیلا" نیشتەجێی گوندی زۆراڤا سەر بە ناحیەی سنونێ بوون لەبەر ئەوەی هاوسەرەکەی نەخۆش بوو جەڵتەی لێدابوو، بۆیە دوواهەمین کەس بوون لە گوندی زۆراڤا بەرەو چیا ڕابکەن لە ڕێگادا کەوتنە بۆسەی چەکدارانی داعش.
"لەیلا" دەڵێت:"داعش سنوون و خانسۆریان داگیر کرد گەنجەکانمان هاتنە گوند و وتیان ڕابکەن چەکدارانی داعش نزیك بوونەتەوە و گوندەکەش داگیر دەکەن ئێوەش دەست بەسەر دەکرێن ئێمەی ئافرەتیش زۆر ترساین".
بەردەوام دەبێت و دەڵێت:"ئێمە بە تراکتۆر بەرەو چیا ڕۆیشتین من و هاوسەر و برای هاوسەرەکەم بە ناوچەی زۆر سەختدا ڕۆیشتین، بەڵام کاتێك گەیشتینە سەر شەقامی گشتی چەکدارانی داعشمان بینی، ئێمە بەردەوام بووین لە هەوڵی خۆ رزگارکردن کۆڵمان نەدا و خۆمان نەدایە دەستەوە و ئێمە ڕۆیشتین بەڵام ئەوان ئێمەیان خستە بەر دەستڕێژی گوڵلە.
برای هاوسەرەکەم خۆی دایە بەر من وەک (قەلغان) بۆ ئەوەی کوڵلەم بەرنەکەوێ، بەڵام من هەر بریندار بووم ئەویش بریندار بوو".

"لەیلا" لە نزیکەوە چەکدارانی داعشی بینی و لە ترسی چەکدارانی داعش بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستیان لەم چرکە ساتەدا دووجار هەوڵی خۆکوشتنی داوە.
"لەیلا" دەڵێت:" کاتێك چەکدارانی داعش بەرەو رووومان هاتن (٥) کەس بوون، بە برای هاوسەرەکەمم وت من خۆم ئەخەمە ژێر تایەی (تراکتۆرە)کە و کۆتایی بە ژیانم دەهێنم، بەڵام نابێت بکەومە ژێر دەستی ئەم تیرۆرستانە، من هەوڵم دا خۆم بخەمە ژێر تایەی تراکتۆرەکە برای هاوسەرەکەم دەستی توند گرتم و وتی نابێت ئەم کارە بکەیت، من پارێزگاریت لێ دەکەم ئەگەر من توانای بەرگریم نەما و کەوتمە دەستیان و منیان کوشت ئەو کاتە ئەمە ئەنجام بدە". بەڵام ئەوان توانیان بەم برینە سەختەوە خۆیان لە دەست چەکدارانی داعش رزگار بکەن و خۆیان گەیاندە چیای شنگال.
برای هاوسەرەکەی "لەیلا"، کە چەند کوڵلەیەکی بەر کەوتبوو هەموو هەوڵێکی دا بۆ ئەوەی براژنی و شەرەف و ناموس و کەرامەتی بپارێزێت بەڵام بە هۆی سەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا لە چیای شنگال.
"لەیلا" وتی:"بەیانیەك لە چیای شنگال خەسوو و خەزورم وتیان لەیلا کورەکەمان فرحان بە هۆی سەختی برینەکەی وەزعی خراپە و ئەترسین بمرێت کاتێك بینیمان برینەکەی زۆر دژوار بوو و هیچ پێداویستی و چارەسەری تەندروستی نەبوو، بە داخەوە لە کاتژمێر ٨:١٥ ڕۆژی هەینی لە چیای شنگال بە هۆی کاریگەری برینەکەی گیانی لەدەستدا".
"لەیلا" و هاوسەری و برای هاوسەرەکەی توانیان لە دەست چەکدارانی داعش خۆیان رزگار بکەن بەڵام لە چیا بە هۆی نەبوونی ئاو و خواردن و پێداویستی تەندروستی "فەرحان"ی برای هاوسەری "لەیلا" بە هۆی سەختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا.
سەرەڕای بریندار بوون لەیلا و گیان لەدەستدانی "فرحان" و برایەکی تری هاوسەری "لەیلا" کە ناوی(حیدر حجی خەلەف)بوو لە چیای شنگال ون بووە، چارەنووسی دیار نیە.
هاوسەری "لەیلا"ی رزگاربوو، کە ماوەی دووساڵ بوو دووچاری جەڵتە ببوو لاڵ بووە و توانای قسەکردنی نەبوو و نەخۆش و پەککەوتەیە، لە خانەوادەیەکی(٧) کەسی تەنیا "لەیلا"ی بریندار بە دوو کوڵلە و هاوسەرە نەخۆش و لاڵەکەی و خەسووە پەککەوتەکەی ماون و ئەوانی تر چارەنووسی هەریەکەیان بە جۆرێ بووە.

### تراژیدیای (٣٩)
## سامیەی فرۆشراو چۆن رزگاری بوو
ناو و نازناو: سامیە
تەمەن: ....
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: تەل عوزێر

بە زمانی "سامیە" خۆی:"من لە تەل عوزێر بووم دەوروبەری کاتژمێر (١١) داعش دەستی بەسەر گوندەکەماندا گرت، ژن و پیاوەکان جودا کران و دواتر پیاوەکانی کوڵلەباران کران، برام تاقانە و زاوای شەش مانگی بوو، ئەویش لە پێش چاوم دەستگیر کرا، کچ و ژنەکانیان رفاند، من و براژنم و چەند ئافرەتێکی تر گواسترابنەوە بۆ (سیبا شێخ خدر) پاش کاتژمێرێك لەوێش بە ئۆتۆمبێلی گەورە قەلاب و لۆری گواسترابنەوە بۆ (بەعاج) دواتر گواسترابنەوە بۆ (تەلەعفەر) پاشانیش بۆ (موسل) کاتژمێر (١٢)ی شەو گەیشتینە (موسل) لەوێ زۆر کچ و ژنی تری لێ بوو، هەمووومان کۆکراینەوە وتیان پێویستە قورئان بخوێنن، هەندێك لە کچ و ژنە خوێندەوارەکان ناچار بوون قورئانیان خوێند، ئێمە نزیکەی (١٠) دە ڕۆژ لەوێ ماینەوە، خواردن و خواردنەوە زۆر کەم بوو، بارودۆخ و باری دەروونمان زۆر خراپ بوو، پاشان ئێمەیان بە ئۆتۆمبێلی نەفەر هەڵگری جۆری کۆستەر گواستەوە بۆ خانوویەکی گەورەی سێ نهۆمی لە شوێنەکەی پێشووتریشمان تەنیا سێ ئافرەتی بەتەمەن و جل و بەرگ سپی لەوێ بەجێهێلران، دوای ماوەیەک هەندێك ئافرەتی تریش هێنرانە لامان، ئەمیرەکەیان هات و ئێمەیان ناونووس کرد و کچێکی جوانیشی هەلبژارد و بۆ خۆی برد و ئەوانی تریش دابەش کران بەسەر هاورێیان و چەکدارانی تری داعش، من و هاورێیەکم فرۆشراین و بەرەو (فەلوجە) براین، ئێمەیان لە نێو بیابانێکدا برد و چەند دۆڵ و گردولەیەك لەوێ هەبوون بە نێویاندا تێپەرین و ڕێگایەکی سەخت و ناخۆش و دژوار مەترسیدار بوو، تا گەیشتینە (فەلوجە) و حەفتەیەك لەوێ بووین، ڕوژێکیان دەرفەتمان بۆ رەخسا من و هاورێکەم (سەمیرە) دەرگامان شکاند و چووین هانامان بۆ ماڵێکی عەرەب برد، لەوێ ئۆتۆمبێلی جۆری تاکسی مان گرت چووین بەرەو بەغدا و دواتریش گەراینەوە نێو کەسوکارمان.
لە کەسوکارەکانمان (٧)کەس گوڵلەباران کرابوون، من لە مافی خۆم و مافی براکەم خۆش نابم هەرگیز خۆش نابم".

## تراژیدیای (٤٠)

# چیرۆکی دوو خوشکی ئێزیدی کە داعش کڕین و فرۆشتنیان پێوە کردوون

ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ١٨ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کەسی دووەم
ناو و نازناو: (پارێزراو)
تەمەن: ١٦ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کچان و ژنانی ئێزیدی قوربانی یەکەمن، ئەوان ئێستا لە ژیانێکی سەخت و پڕ لە مەرگەساتدا ژیان دەگوزەرێنن، بوونەتە نێچیری دەستی داعش و هەر ڕۆژە و چیرۆکێك دەبیستین لەو کچانەی کە هەڵاتوون لە چنکی داعش، دوو کچی ئێزیدی لە لایەن کەسوکاریانەوە بە بڕێك پارە کڕابوونەوە.
"مامەڵەکردنی داعش لە گەڵ ژن و کچانی ئێزیدی دا لەسەر بنەمای بوون بە موسلمان و هاوسەرگیرییە، کڕین و فرۆشتنیش هەر لەسەر ئەم بنەمایەیە".
ئەمە وتەی یەکێکە لەو دوو خوشکەی کە لە ژێر دەستی داعشدا رزگاریان بوو، یەکێك لەو دوو کچە دەڵێت:"داعشێکی ئوسترالی کە نازناوی(ابو زرقاوی) لە خۆی نابوو، بە (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دیناری عێراقی کریویەتی تا ئەویش بە ئەمیرەکان بفرۆشێتەوە".
ئەو کچە دەڵێت:"تکایە هاوکاری ئەو کچانەی لە ژێر دەستی داعش دا بکەن و با رزگاریان بێت، من دەمەوێ کچانی ئێزیدی و هاورێکەم رزگاریان بێت"، ئەو دەستی بە گریان کرد گریانێك کە سەدان بیرهاتنی بە ئازاری بە دواوە بوو، بە هەنسکی گریانەوە دەستی بە قسەکردن کردەوە وتی:"هاورێیانم تا ئازاد نەبن من هەرگیز هەست بە ئاسودەیی و رزگاربوونی خۆم ناکەم، کچەکانیان دەبردن هەر ماڵێکی داعش یەك دوو کچی بۆ خۆی بردووە،

چەندین کچیان بە زۆری هاوسەرگیریان پێ کردوون، بە ئێمەیان دەگوت ئەبێ موسلمان بن و نوێژ بکەن".
ئەو کچە تەمەنی هەر (١٨) ساڵان دەبوو، خوشکەکەی تری کە تەمەنی (١٦) ساڵانە لە دوای داگیرکردنی شنگال لە شەقامێکدا داعش دەستگیریانی کردووە، کە ژمارەیان (١٥٠) کەس بووە، دواتر (١٥) کەسیان لەمانە جودا کراونەتەوە و بە داعشێکی سعودی فرۆشران، ئەو کچە دەڵێت:"هەر کچێك بە (١٥٠٠٠) دیناری عێراقی دەفرۆشران و دابەش دەکران لە هەمان شوێن کە وەك گازینۆ وابوو، بە ئێمەیان وت موسلمان بن، ئێمەش رەتمان کردەوە".
ئەو دوو خوشکە کە بە جیا دەستگیرکراون و بە جیا ڕزگاریان بووە روویان کردووەتە تورکیا، کەس و کاریان یەکێکیانی بە (٥٠٠٠) هەزار دۆلار کریوەتەوە، ئەوەی تریان بە (٣١٠٠) دۆلار کریوەتەوە ئەوان لە شاری سلێمانی لە گەڵ کەس و کاریان دەژین دایك و برا و براژنێکی ئەو دووخوشکە لە ژێر دەستی داعش دان، ئەم دوو کچە ئێزیدیە یەکێك لەو هەزاران کچەی لە ژێر دەستی داعش دان، ئەوان دەڵێن:"داعش ئێمەیان تەنیا بۆ هاوسەرگیری دەوێت و کڕین و فرۆشتنیان بە ئێمەوە دەکرد، بارودۆخی کچانی ئێزیدی زۆر خراپە".

## تراژیدیای (٤١)
## ژنە ئێزیدییەك چیرۆكی نامرۆڤانەی چەكدارانی داعش دەگێڕێتەوە

ناو و نازناو: شەڕۆ ساڵح
تەمەن: .... ( ئافرەتێکی بە ساڵاچوو)
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

شەڕۆ ساڵح، دوای دڵەڕاوكێ و نیگەرانییەكی زۆر، دڵنیا بووەوە لەوەی ئێستا لە سنووری دەسەڵاتی پێشمەرگەدایە. ئەو ژنە لە گەڵ ٣٠٠ كوردی ئێزیدی تر،لە ناوەراستی مانگی یەكی ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن چەكدارانی داعشەوە ئازاد كران.
ئەوان لە بازگەی مەكتەب خالیدی باشووری كەركووكەوە هاتنە نێو شارەكە و لە لایەن هێزی پێشمەرگە و ئاسایشەوە پێشوازییان لێ كرا، دواتر رەوانەی شارەدێی پردێ كران و لەوێ پشكنینی پزیشكییان بۆ كرا.
رەنگە هەموو ئەو ٣٠٠ كەسە، چیرۆكی هاوبەشی زۆریان لە گەڵ شەڕۆ ساڵحدا هەبێت. ئەو یەكێك لە دانیشتووانی شنگال بوو كە لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە رفێندرا.
شەڕۆ، دەگێڕێتەوە كە دوای ئەوەی چەكدارانی داعش چوونە ناو شنگالەوە، گەنجەكانیان گرتن و لە شوێنێك كۆیان كردنەوە، دواتریش داوایان لێ كردن بچنە سەر ئاینی ئیسلام. ئەو دەڵێ:"بە ناچاری بەشێك لە ئێزیدییەكان چوونە سەر ئاینی ئیسلام، ئەوانەیش كە قبووڵیان نەكرد، بۆ شوێنێكی تر بردران و ئێمە نەمانزانی چارەنووسیان چی لێ هات".
دوای ڕۆژێك، ئەوان بەرەو موسڵ گواسترانەوە و لە بەندیخانەیەك بەند كران، وەك ئەو ژنە دەگێڕێتەوە، ڕۆژانە لە نێو بەندیخانەكەدا بە شێوەی جیاواز لە لایەن ئەو پاسەوانانەی بەزمانی عەرەبی قسەیان دەكرد، سەركۆنە و ئەشكەنجە دەكران.
شەڕۆ دەڵێ:"دواتر كچ و كوڕە گەنجەكانیان لە ئێمە جیا كردەوە و تەنانەت منداڵی یەك ساڵانەشیان لە گەڵ خۆیان برد، ئێستە نازانین چارەنووسی ئەو ڕۆڵانەمان چییە، بەڵام ئەوەی لە خۆیانمان بیست، گوایە كچەكانمانیان بۆ سووریا گواستووەتەوە".

داعش ئەو ٣٠١ کوردە ئێزیدییەی چەند ڕۆژ پێش لە ئازادکردنیان بۆ شوێنێکی نادیار گواستووەتەوە.
شەڕۆ ساڵح دەڵێ:"ئێمە نەمانزانی ئەو شوێنە کوێیە، هەمووومان لە چاوەڕوانی مردندا بووین و پێمان وانەبوو ڕۆژێك ئازادمان دەکەن. دواتر چووینە شوێنێك و گوتیان ئێرە شارۆچکەی حەویجەی سەر بە کەرکوکە".
لەو کاتەدا چەکدارەکانی داعش بەو کوردانەیان گوتووە کە لە بازگەی پێشمەرگە نزیکن. ئەوان لە راستی قسەی چەکدارانی داعش دڵنیا نەبوونە، بەڵام دوای سەعاتێك هێزی پێشمەرگە بەرەو پیلیان دەچێت و بۆ ناو کەرکوك و لەوێشەوە بەرەو شارەدێی پردێ دەیانگوازێتەوە.
شەڕۆ ساڵح دەڵێ:"لە ٣ ڕۆژ پێش لە ئازادکردنمانەوە نانمان نەخواردبوو، مامەڵەی چەکدارانی داعش دژی مرۆڤایەتی بوو و دەیانویست بە هەر شێوەیەك بێت، بمرین، بەڵام خوا ئێمەی لە دەست ئەو داعشانە رزگار کرد".

**تراژیدیای (٤٢)**

**کچێکی ئێزیدی، دوای رزگاربوونی لە دەستی داعش بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێك لەو زیندانە بووم، سەرەتا بیرم لە خۆکوشتن کردەوە، پاشان بڕیارمدا ڕابکەم**

ناو و نازناو: ( د . أ )
تەمەن: ١٥ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: گوندێکی دەوروبەری شنگال

کەسی دووەم
ناو و نازناو: (پارێزراوە)
تەمەن: ١٩ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: دەوروبەری شنگال

کچێك وەستابوو کە تەمەنی لە پانزە ساڵ زیاتر نەدەبوو دەگریا و نیشانەکانی ترسێکی زۆری پێوە دیار بوو، ئامادە نەبوو ئەو دەستەی کە بە توندی دەستی خوشکەکەی گرتبوو شلی بکاتەوە، چەکدارانی داعش ئەو دوو کچەیان لە کەسوکاریان جیاکردبووەوە و ئێستاش دەیانویست لێکیان جیابکەنەوە تاوەکو وەکو دەستکەوتەکانی جەنگ دابەشیان بکەن.
ئەو چەکدارە توندڕەوەی کچە پانزە ساڵەکەی هەڵبژاردبوو چەکەکەی ئاراستەی سەری کردو هەڕەشەی کوشتنی لێکرد، بەڵام رازی نەبوو دەستی خوشکەکەی بەربدات تا چەکدارێکیتر چەقۆیەکی کردە سەر ملی خوشکە نۆزدە ساڵانەکەی، ئیتر ئەوە بوو بردییە قۆناغێکی ترەوە لەو داستانە ڕەشەی کە بریتییە لە ڕفاندن و دەستدرێژیکردنە سەر لە لایەن داعشەوە.

**چیرۆکەکانی کۆیلایەتی**

ئەو دوو کچە لە نێو هەزاران کچە منداڵ و لاوی سەر بە کەمینەی ئێزیدی بوون کە لەسەر دەستی چەکدارانی داعش لە باکووری عێراق (باشووری کوردستان) لە سەرەتای مانگی ئابدا رفێندرابوون، هەروەها ئەو کچە ١٥

ساڵە لە نێو کۆمەڵێکی بچووکی ئەو قوربانییانەدا بوو کە توانیبوویان هەڵبێن، تاوەکو چیرۆکەکانیان لە بارەی دروستکردنی کۆیلایەتی کە بە خوێنێکی ساردەوە دەکرێت بگێڕنەوە.
قوربانییەکان چەندین چیرۆکیان لە بارەی کچە منداڵ و لاو دەگێڕنەوە کە لە خێزانەکانیان جیابوونەتەوە و دابەشکراون یان فرۆشراون بە پیاوانی داعش و بە زۆرکراون بە موسوڵمان‌و بە زۆر بەشوو دراون‌و چەندینجار رووبەڕووی لاقەکردن بوونەتەوە، هەرچەندە چەندین قوربانی بە بەردەوامی هەیە لە ناوچەکانی باکوور یان ڕۆژئاوای عێراق کە لە ژێر دەستی داعشدان، بەڵام چەندانیان نێردراون بۆ سوریا یان دەوڵەتانی تر، ئەوەش بە پێی وتەی قوربانییەکان بێت لە گەڵ ئەوانەی بەرگریان لێدەکەن.
پێنج کچ لەوانەی توانیویانە لە دەستی داعش هەڵبێن ئامادە بوون چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا بکەین ئەوەش لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەمی ئەمساڵدا بوو، چواریان لە گوندی خانکێ سەر بە ئەوپەڕی باکووری عێراق (باشووری کوردستان) بوون، بەڵام پێنجەمیان لە شاری دهۆك بوو، کە دەیان هەزار ئێزیدی روویان لەو ناوچەیە کردووە، کە لە کەمپی سەربازی گەورە و ماڵی خزمانیان دەژین، دوای ئەوەی لە گوندەکانی خۆیان لە دەوروبەری شاخی شنگال هەڵاتوون.
کچەکان رازیبوون قسە بکەن و قسەکانیان بڵاوبکرێتەوە بە مەرجێك ناویان نەهێنرێت لە ترسی تۆڵەسەندنەوەی داعش لە خزمەکانیان، جێگەی ئاماژەیە سەرەتا کچە پانزە ساڵەکە بە پێچەوانەوەی ئەوانی ترەوە وتی "دەمەوێت ناوم بهێنرێت، چونکە کاتێك چەکدارەکانی داعش دەیخوێننەوە واهەستدەکەم تۆڵەی خۆمم کردۆتەوە" بەڵام دوای ئەوە پەشیمان بووەوە ئەویش لەسەر ئامۆژگاری پارێزەرێکی ئێزیدی کە لە گەڵیدا بوو، بۆیە رازیبوو تەنیا دوو پیتی یەکەمی ناوەکی بوترێت کە ئەویش (د.أ)ئەو کچە روونی کردەوە کە چەکدارانی داعش تا ئێستا نزیکترین ئەندامانی خێزانەکەیان دەستگیرکردووە و وەکو داعش خۆیان دانیان بەوەدا ناوە و رایانگەیاندووە کە کچ و ژنەکان ئێزیدییە کانیان کردووە بە کۆیلە.

**کراون بە کەنیزەك**

لە وتارێکدا کە لە گۆڤاری(دابق) ئەویش گۆڤارێکی ئەلیکترۆنییە و بە زمانی ئینگلیزییە،داعش دەریدەکات باس لەوە کراوە ئەو گرووپە پێنج یەکی کۆیلەکان بۆ دەسەڵاتی داعش گوازراوەتەوە بۆ ئەوەی دابەشبکرێن بە پێی ئەوەی ئەوان

پێنج یەکن کە ئەویش باجێکە لەسەر دەستکەوتەکانی جەنگ دادەنرێت، بەڵام ئەوانی تر دابەشکراون بەسەر ئەو چەکدارانەی لە کردەوەکەی شنگالدا بەشدارییان کردووە، ئەو وتارە باسی لەوەش کردووە کە کچ و ژنە ئێزیدییەکان ناچار کراون شوو بە چەکدارانی داعش بکەن و ببن بە کەنیزەك بەو بیانووەی وەکو گرووپەکە باسی کردووە بۆ ئەوەی رێگە لە چەکدارانی بگرێت تووشی زینا ببن.
بە پێی وتەی ماسیۆ باربر ئەندامی ئیدارەکردنی قەیرانی شنگال بێت کە کۆمەڵەیەکی فشارە سەرژمێری خێزانە ئێزیدیە ئاوارەکانیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە کە ٥ هەزار ئێزیدی و رەنگە ٧ هەزاریش بن، زۆربەیان ژن و کچن لە لایەن داعشەوە رفێندراون.
هەروەها رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لە راپۆرتێکی خۆیدا بڵاویان کردۆتەوە کە (کارەکانی رفاندن و دەستدرێژی و کوشتنی رێکخراو بەرامبەر بە ئێزیدییەکان رەنگە بگاتە ئاستی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی) لە لای خۆیەوە ئەمینە سەعید ئەندام پەرلەمانی عێراقی پێشوو کە ئێزیدییەو بەرگری لە رفێندراوەکان دەکات جەختی لەوە کردەوە کە (هەموومان لە حاڵەتی وادا ژیاوین).

**قەیرانی ئێزیدییەکان**

قەیرانی ئێزیدییەکان لە (٣) ئابی ٢٠١٤ دەستی پێکرد کاتێك داعش هێرشی کردە سەر گوندەکانی ناوچەی شنگال، ئەوەش وای لە هەزاران ئێزیدی کرد ڕابکەنە شاخەکانی دەوروبەری ئەو ناوچەیە، ئەو کاتە ئەو کچە کە ناوی (د.أ) یە بەشێك بووە لەو کۆمەڵەیەی ڕایانکردووە، کاتێك بە ئۆتۆمبێلێك لە گەڵ دایك و باوك و هەر پێنج خوشك و کچە خوشکێکی ڕایانکردووە، بەڵام چەکدارانی داعش رێگەیان لێگرتوون و دەستگیریان کردوون لە نێو بینایەك لە شاری شنگال، پاشان ڕۆژی دوایی کچەکان و ئەو ژنانەی مێردیان نییە لە ڕفێندراوەکانی تریان جیاکردوونەتەوە ئەوەش بە پێی وتەکان ئەو کچە بێت.
ئەو کچە لەسەر وتەکانی بەردەوام بوو کاتێك لە یەکێك لەماڵە خزمەکانی لە خانکێ چاوپێکەوتنمان لە گەڵ کرد کە گوندێکی ئێزیدییە و لە نزیك دەریاچەی بەنداوی موسڵە"دەگریام و توند دەستی دایکم گرتبوو بەڵام یەکێك لە چەکدارانی داعش هات و چەکەکەی خستە سەر سەرم، بۆیە دایکم پێی وتم دەبێت بڕۆم تاوەکو ژیانم رزگار بکەم".
لەگەڵ دەیان کچی تردا(د.أ)گوازرایەوە لەگەڵ دوو خوشکی خۆیدا کە تەمەنیان (١٩،١٢)ساڵ دەبن، بە سێ پاس بەرەو موسڵیان دەبەن بۆ شوێنگەی داعش

هەر بە گەیشتنیان(د.أ)و دوو خوشکەکەی لە ماڵێك بۆ ماوەی٩ ڕۆژ بەند دەکرێن لە گەڵ کچ و ژنی تردا کە لەگوندی دەوروبەری شنگالەوە رفێندارون، پاشان دەیانگوازنەوە بۆ بینایەکی سێ نهۆمی کە پڕە لە دەستبەسەر، ئەو ماڵە وەکو شوێنێك بەکارهاتووە کە چەکدارانی داعش لەوێ لادەدەن و کچان و ژنانی لێ هەڵدەبژێرن بۆ خۆیان، هەندێکیان تەنیا یەك دانەیان هەڵدەبژارد، ئەوەش بەپێی ئەو پلەیەی تێیدابوون بەڵام هەندێکی تریان زیاتریان بەردەکەوت ئەوەش بە پێی وتەکانی (د.أ ) لە گەڵ کچە هەڵاتووەکانی تر.
(د.أ)ئاماژەی بۆ ئەوە کرد ئەو پیاوەی ئەوی هەڵبژاردووە"ریشی هەبووە، بەڵام ریشی درێژ نەبووە و قژیشی زۆر درێژ نەبووە" سەرەتا رەتیکردۆتەوە لەگەڵیدا بچێت و توند دەستی خوشکەکەی گرتووە، بەڵام بینینی خەنجەرێك لەسەر ملی خوشکەکەی وایلێکردووە رازیبێت و دەستەوەستان بێت، بەڵام خوشکە ١٢ساڵەکەی بە سەرسوڕمانەوە هەر تەماشای کردووە.
سەبارەت بەوە (د.أ) دەڵێت:"قسەی نەدەکرد و نەدەگریا، وەکو ئەوەی توانای هەستکردنی لەدەست دابێ"ئەو جارە دواجار بووە کە خوشکەکانی تێدا بینووە.

**بازنەیەکی بازرگانییان دروست کردووە**

دوای چەند هەفتەیەك لە شوێنێکەوە گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر بە لایەنی کەمەوە ٨ جار و هەموو جارێك چۆتە لای کۆمەڵێکی بچووکتر لە کچان و لە سنوورەوە گوازراوەتەوە بۆ سوریا، شەوی لەماڵێکی سپی لەنزیك دەریاچەیەك لەشاری رەقە لە سوریا بەسەر بردووە، کە چەکدارانی داعشی تێیدا بازنەیەکی بازرگانی نوێیان دروستکردووە و لە بارەی کچەکانەوە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد بە وتەی "وەکو زیادکردنێکی ئاشکرا وابوو".
لەناو ماڵەکەدا کچەکان ناچار کراون جلەکانیان دابکەنن و خۆیان بشۆن و جلی باڵاپۆش لەبەر بکەن، تەمەنی هەندێکیان ١١ساڵ دەبوو، لە خاڵێکدا و لە کاتی زیندانیدا (د.أ) لە گەڵ پێنج کچی تردا هەوڵیداوە ڕابکات، بەڵام هەوڵەکەیان شکستی هێناوە و (د.أ) بەوە تاوانبار کراوە کە ئەو سەرۆکایەتی ئەو پیلانەی کردووە، بۆیە لێیانداوە و بەندیان کردووە، پاشان چۆتە لای چەکدارێکی تر لە ماڵێکی تر لەگەڵ چەند کچێکی تردا.
چەکدارەکە پێی وتوون کە لە کۆتایی هەفتەدا ناچاریان دەکات شووی پێبکەن، کاتێك لەوێ بووە ئەوان دەیانتوانی گوێیان لە دەنگی کچانی تر بێت کە لە بەشێکی تری ماڵەکەدا دەژین و کاتێك جار جار دەیانگوێزنەوە بۆ سێکس کردن لە گەڵیاندا.

هیچ کام لەو پێنج کچەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا کراوە باسیان لەوە نەکردووە کەلە ماوەی زیندانیکردنیاندا دەستدرێژی سێکسیان کراوەتەسەر، بەڵام یەکێکیان باسی لەوە کردووە کە دژی پیاوێك وەستاوەتەوە کاتێك ویستویێتی لاقەی بکات، زۆربەیان باسیان لەوە کردووە کە کچی تریان بینیوە کە لاقەکراون و هەندێکجاریش لە لایەن چەند پیاوێکەوە وایان لێکراوە.

**هەوڵی خۆکوشتن بدەن**

زۆربەی ئەوانەی گرنگی دەدەن بە بەرگیرکردن لەو کچە رفێنداراوانە دەڵێن:"ئەگەر ئەو کچانە دەستدرێژی سێکسیشیان کرابێتە سەر هەرگیز دانیپێدانانێن، بە تایبەتی لەبەردەم کەسێکی نە ناسراودا" هەندێکیشیان باسیان لەوە کردووە کە ئەو کچانەی قوربانی لاقەکردنن بە هۆی هەستکردنیان بە ئابرووچوون ڕەنگە هەوڵی خۆکوشتن بدەن، هەرچەندە ئەمینە سەعید و ژمارەیەك لە سەرکردە ئێزیدییەکان جەختیان لەوە کردۆتەوە کە هیچ جۆرێك لە هەوڵی خۆکوشتن لە نێو هەڵاتووە ئێزیدییەکانی لە دەستی داعش هەڵاتوون و ژمارەیان ١٥٠ کەس دەبن رووی نەداوە.

هەڕەشەی بە زۆر بە شوودان وای لە(د.أ) کردووە بیر لە خۆکوشتن بکاتەوە، بەڵام دوای ئەوە بڕیاریداوە جارێکی تر هەوڵی هەڵاتن بداتەوە، لە درەنگ وەختێکی شەودا خۆی و کچێکی تر لە پەنجەرەیەکی بچووکەوە لە ژێر تاریکی شەودا ڕادەکەن تا دەگەنە ماڵێك لە گوندێك، بە ترسەوە لە دەرگا دەدەن کە نەوەکا ماڵی داعشێك دەربچێت، بەڵام گەنجێکی عەرەب کە سیمای پیاوچاکی پێوە دیاربووە دەرگایان لێدەکاتەوە.

هەر وابووە و ئەو دەیانبات بۆ لای خێزانێکی کورد و لەوێوە (د.أ) تەلەفۆن بۆ برایەکی دەکات و هەوڵی بە یەك گەیاندنیان ڕێکدەخەن لە ناوچەیەك لە سوریا، خێزانی هەر کچێکیان ڕێکدەکەون بەوەی هەر یەکێکیان بڕی (٣,٧٠٠) دۆلار بدەنە پیاوە عەرەبەکە لە بەرامبەر هاوکاریکردنی ئەو کچانەدا، بەڵام دەربارەی چۆنییەتی ڕێککەوتنەکە و ڕێگەی هێنانەوەی(د.أ)و رزگاربوونی لەژێر ناوچەی دەسەڵاتی داعشیان لەو چاوپێکەوتنەدا شاردەوە و باسیان نەکرد ئەوەش بۆ پارێزگاریکردن لەو کەسەی یارمەتی داون.

چیرۆکەکانی کچە هەڵاتووەکانی تر ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە پیشەیەك سەریهەڵداوە کەسانێك قازانجی ماددی دەکەن لە بەرامبەر هێنانەوەی کچە ئێزیدییە رفێندراوەکان، وەکو کچە ئێزیدییەکی تەمەن١٩ساڵ کە باوکی پۆلیسە

باسی لەوە کرد کە خێزانەکەی بڕی ١٥ هەزار دۆلاریان داوە بە قاچاغچییەك بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لە ناوچەی حەلەب لە سوریا هەڵبێت.
تا ئێستا دایك و باوکی (د.أ) خوشك و خوشکەزاکەی ژێردەستەی دەستی داعشن ئەگەر تا ئێستا لە ژیاندا مابن، هەروەها (د.أ) جەختی لەوە کردۆتەوە کە دووری ئەوان تووشی ئازاری کردووە، لە ڕۆژدا خۆی بە خزمەکانی و کارمەندانی فریاکەوتن و تەلەفزیۆنەوە دەخڵافێنێت، بەڵام کە شەو دادێت و ماڵ بێدەنگ دەبێت و تەنیا دەبێت لە گەڵ خۆی و بیرکردنەوەکانیدا ئەو کاتە ئازارەکە دەگاتە بەرزترین پلەکانی.

## تراژیدیای (٤٣)

## بە پیاوێکی دواکەوتووی چڵکنیان فرۆشتووم، تکایە فریام بکەون کچێکی کوردی ڕفێندراو بە دەستی داعش لە سعودییەوە

ناو و نازناو: ( ش )
تەمەن: ١٩ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: کۆچۆ

چیرۆکی ئەمجارەمان، لە چیرۆکەکانی تر جیاوازەو لەوانیش سەرنجڕاکێشترە باسی رفاندن و ژان و ئازار و چارەنووسی نادیاری(ش)، کچە شۆخ و شەنگە نۆزدە ساڵانەکەی گوندی"کۆچۆ"ی باشووری شنگال دەکەین، چیرۆکەکەش لە زاری دڵخوازەکەیەوە، (ب)، ئەو کوڕە هاوگوندییەی (ش) کە وا ڕێك کەوتبوون، پاش چەند مانگێکی تر ببنە هاوسەری یەکتری لە گەرمەی خۆشەویستی و خەیاڵی ڕۆژگاری خۆشی پێکەوەبوونی ئەو دوو ئاشقەی کۆچۆدا، تیرۆریستانی دڕندە و نامەرد هاتن. (ب) کەوتە ژیانی ئاوارەیی نێو هەیکەلێکی دهۆك و (ش)ی خێر لە خۆ نەدیویش، پاش زیاتر لە سێ مانگ، بواری بۆ ڕەخسا تەلەفۆن بۆ (ب) بکات.
(ب) پێی گوتین: ماوەیەك لەمەوبەر، لە نێو هەیکەلە ساردوسڕەکەی لە گەڵ خێزانەکەم تێیدا دەژیم، نقوومی خەیاڵی (ش) و شنگال و کۆچۆ بووبووم، لە ناکاو، زەنگی مۆبایلەکەم ڕای چەڵەکاندم؛ ژمارەیەکی غەریبە!! بەڵێ (ب) گیان چۆنی لە خوا بەزیاد بێت ماوی... (ش) بە کوڵ گریا و منیش دەمم چووە کلیلە و تاسام. دیار ئەو وریاتر و بەهۆشتر بوو لە من. خێرا هاتەوە هۆش و گوتی: گیانەکەم من لە سعوودییەوە قسان دەکەم، ئەمەش ژمارەی ئەو پیاوە ناقۆڵا و هیچوپووچەیە کە لە گەڵیدا دەژیم. قسەکانم پێ بڕی: سعوودییەی چی بۆ خاتری خوا؟ بەڵێ سعوودییە، بەڵام یەکەم تازە هاتووم، دووەم ناهێڵن بستێك بچمە دەرەوە، لەبەر ئەوە نازانم لە کام شار و گوند و ناوچەیەم، هێندە دەزانم سعوودیەیە و تەواو. خەریك بوو قسان بکەم، گوتی: قسان مەکە نەوەك ئەو پیاوە بێتەوە، ئەگەر بێنە سعوودیە دەتوانن بە هۆی ئەم ژمارەیەوە بمدۆزنەوە، نەکەی تەلەفۆن بکەی تکایە. (ب) گیان فریام بکەون وەختە شێت بم، گەر فریام نەکەون خۆم دەکوژم ناچارم، گوتم تکایە نەکەی تکایە! گوتی

ئاخر ئەگەر دەزانیت لە چ ژیانێك و لە گەڵ چ پیاوێکی نامەردی جاهیلی چڵکندا دەژیم، لە گەڵ چ خێزانێکی بێسەروبەری دواکەوتوودا هەڵدەکەم و ڕۆژانە چەند جار سووکایەتی بە هەموو کورد و کوردستان دەکەن، ئێستا باڵ دەگریت و دەگەیتە ئێرە، دیسان ویستم قسان بکەم نەیهێشت: قسان مەکە با بەخێرایی پێت بڵێم چۆن گەیشتوومەتە ئێرە، ئەوجا بە هیوای ئەوەی وریا بیت و غیرەت بتانگرێت و ڕزگارمان بکەن، بە (ب)م گوت: ئێ (ش) گوتی چی؟

ئەو ڕۆژەی ئەو دڕندانە بەرەو گوندەکەمان هاتن، پێش ئەوەی نزیك ببنەوە، لە گەڵ خێزانەکەم (دایك و باوك و حەوت منداڵ و براژن و سێ منداڵی براگەورە) بەرەو ماڵی خاڵوانم لە کۆنە گوندی سیبا شێخ خدرێ. گەشتینە وێندەر، تەماشا دەکەین کۆمەڵێك خێزانی تریش لە باخەکەی ماڵی خاڵمدا گردبوونەتەوە. بۆ سبەی گوتیان داعش بەرەو لای ئێمە دێن، ناچار هەمووان بڕیاریان دا، هەرچی زووترە هەموو کچەکان کۆ بینەوە و خۆمان بگەیەنینە چیای شنگال، ١٢ کچ بووین کەوتینە ڕێ لە بێبەختی ئێمە کاتێکمان زانی پێش ئەوەی نزیکی چیا بینەوە دوو ترۆمبێلی تیرۆریستان گەیشتنە سەرمان و دەوریان گرتین. یەکێکی ناشرینیان لێمان نزیك بووەوە و گوتی: کافرینە بۆ کوێ ڕادەکەن؟ کچێکمان وەڵامی دایەوە: ئێمە کافر نین، ڕاشناکەین، دەچینە چیا بۆ لای خزمەکانمان، گوتی: دەزانم لێرە ڕادەکەن ئەدی لەو دنیا چ دەکەن؟ من هەڵمدایە: خوا ئێمەی ئەوها خەڵق کردووە و هەر ئەوهاش دەچینەوە بەردەمی، یەکسەر گوتی: بەسە کافرینە، یەڵا سەرکەون، هەمووانیان لە ترۆمبێلێکی گەورەی سەربازی سوارکرد کە دیاربوو ترۆمبێلی سوپای عێراق بوو، ترۆمبێلەکەی ئێمە و ئەوی تریش بە دوامانەوە بەرەو خوار بەڕێکەوتن و تا بەعاج نەوەستان. لەوێ بردیانین بۆ قوتابخانەیەك پڕ بوو لە خێزانی تری کورد، من و یانزە کچەکەی تریان کردە ژوورێکەوە، هێندەمان زانی، درەنگانێکی شەو، داعشێکی ڕەزاگران لێمان بە ژوور کەوت و بێ سێ و دوو بێشەرمانە گوتی: ئەمیرێکمان هەیە زۆر ماندووە و دەیەوێت ئەمشەو کەمێك پشوو بدات و شەوێکی خۆش بەسەر بەرێت، دەتوانن ئەمشەوی خۆش بکەن و خوای گەورەش پاداشتی خێرتان دەداتەوە وەك چۆن پاداشتی ئەو کچە موجاهیدانە دەداتەوە کە برایانی موجاهید دەحەسێننەوە، خۆم پێ ڕانەگیرا و لێم پرسی: چۆن چۆنی ئەو (برا موجاهیدە) بحەسێنینەوە؟ یەکەوڕاست گوتی: دەچیت ئەمشەو لە گەڵیدا وەك هاوسەر دەخەویت بە گوێرەی سوننەتی خوا و پێغەمبەری خوا دواتر تەڵاقت دەدات و ئیتر بە ئاسایی دەژیت، خەمیشت نەبێت ئەگەر عەرەبییەکەشت باش نەبێت، ئەویش کوردە و خزمی خۆتانە و

ماندوو نابیت، کە وای گوت خەریك بوو لە پێستی خۆم بێمە دەرێ، بەڵام نەموێرا چیتر لە گەڵ ئەو بێشەرەفانەدا بیکێڵم و بێدەنگ بووم، داعشەکە بێ ئەوەی یەك وشەی تری گوێ لێ بێت ڕۆیشت. هەر هێندەمان بینی داعشییەکی تر هاتە ژوورەوە و ئەوەی پێشووشی لە گەڵدا بوو، تەمەنی دەوروبەری سی ساڵێك دەبوو، دەستی بە قسان کرد بەکوردی، هیچی لێ نەگەیشتین، خێرا کچێکمان پێی گوت: ئێمە تێتناگەین، مادامەکی هەر بوویتە عەرەب، بە عەرەبی قسان بکە تا تێبگەین، پێکەنی و بە عەرەبییە شەقوشڕەکەی دەستی بە قسەکانی کرد، ئەلسەلام عەلەیکم ئەی کچە جوانە شۆخە خۆشەکان. هەر گوێمان لەو قسانە بوو، زانیمان ئاستی چەندە و خاوەنی چ ئەخلاقێکە، خێرا قسەکانم پێ بڕی و گوتم: جوانی چی، ئێمە پێشتر جوان بووین، لێرە و لای ئێوە جوانی چی و حاڵی چی؟ گوتی: بەسە بێدەنگ بن، با خۆمتان پێ بناسێنم. من ئەبو عەمار کوردیم و خەڵکی هەڵەبجەم، گوتم: هەڵەبجەی شەهید؟ بەلاقرتێیەکەوە گوتی: دەڵێی فێری زمانی حزبەکەی بارزانی بوویت، بۆچی بە شنگالیش بڵێن، شنگالی شەهید،
یەکسەر گوتی: ماندووم و تاقەتی ئەو قسانەم نییە با یەکێکتان ببەم لە گەڵ خۆم. وای گوت و چاوێکی زۆر سەرسەرییانەی بەناوماندا گێڕا، (باوەڕ بکەن لەو چرکانەدا وامدەزانی لە نێو یانەیەکی شەوانەداین، نەك لە ناو خەڵکێکدا سەری زمان و بنی زمانیان خوا و ئایین و ئەخلاقە)، هێندەی نەبرد دەستی کچێکی منداڵی گرت و گوتی هەستە کچە جوانەکە، کچە، چەند گریا و هاواری کرد، بە زۆر بردی و ڕۆیشت و ئیتر کچەم تا ئەمڕۆ نەبینیوەتەوە. بۆ بەیانی دەرگایان کردەوە و گوتیان وەرن سواری ئەو ترۆمبێلانە بن. گوتمان ئەدی کەسوکارمان، بە پێکەنینەوە دەیانگوت سەرکەون کەسوکاری چی؟ گوتمان ئەدی دەستە خوشکەکەمان کە شەو ئەمیرەکەتان بردی؟ گوتیان خوا لە گوناحی خۆش بێت، دەی سەرکەون دەتانبەین بۆ قەڵای موجاهیدان، بۆ پایتەختی موسڵمانان. سواری پاسێکی سەربازییان کردین و ترۆمبێلێکی تریش پاسەوانی ناشرین ناشرین بە دوامانەوە بوو، هەر ڕۆیشتین و نەگەیشتین، زۆر ماندوو بووین، پاش نازانم چەند سەعات، کاتێکمان زانی گەیشتینە شاری ڕقە، لەوێ لە بەردەم هۆڵێکی گەورە دایانبەزاندین. پرسیمان ئێرە کوێیە؟ داعشێك بە شێوەزارەکەیدا سوورییایی بوو، وەڵامی دایەوە: ئێرە مەخزەنی کچانە (مخزن الصبایا)، کە چووینە ژوورەوە، شەش کچی کوردی تریش لەوێ بوون. نزیکەی دوو مانگ لەو هۆڵە بووین ژیانی سووکایەتی و کولەمەرگیمان چێشت. هەموو خواردنەکەمان، نان و ماست و چا و خورما بوو. ڕۆژێك

تەنەقەوییەك هاتە ژوورەوە و داعشێكی گولی لە گەڵدا بوو، داعشییەكە گوتی، ئەمە موشتەرییە و سێ كچی جوانی دەوێت. كابرای تەنگەقەویش چاوی بە هەمووماندا گێڕا و سێ كچی هەڵبژارد و بە زۆر و گریانەوە بردیانن و ئیتر نەمانبینینەوە. پاش چوار ڕۆژی تر، بەیانییەك پیاوێكی چڵكنی ناشرین وەژوور كەوت، بە سەروفەساڵیدا دیار بوو خەلیجی بوو، یەكسەر دەستی دایە دەستی من و چەند خۆم ڕاپسكاند و هاوارم كرد بردمیە دەرەوە و لە ژوورێكی تەنیشت هۆڵەكە بە بەرچاوی خۆمەوە لەسەر ١٧٠ دۆلار ڕێككەوتن و فرۆشتیانم، سواری سەیارەیەكی بەرزی جام تاریكیان كردم و ڕۆیشتین. هەر ڕۆیشتین و هیچم لێ دیار نەبوو، نەمدەزانی سەعات چەندە و بۆ كوێ دەچین. لە ئاكام پاش چەند سەعاتێكی زۆر ترۆمبێلیان وەستاند و پیاوە پیسەكە گوتی دابەزە. دابەزیم، سارایەكی چۆڵ یەك ژووری لێ بوو. بە هەڵسوكەوتیاندا زانیم ئەمانەی ژوورەكەش قاچاخچین و لەوێ پیاوە بە ئەوانی فرۆشتم، نازانم بە چەند، بەڵام گوێم لێ بوو گوتی دەیبەم بۆ سعودییە، لەوێ بازاڕی ئەمانە گەرمە سواری ترۆمبێلێكی دیكەیان كردم سێ كەس بوون، یەكێكیان دەرزییەكیان لێدام، هەر هێندە ئاگادار بووم، ئیتر كاتێك چاوم كردەوە، لە ژوورێكدا بووم بە تەنیا، پاش ماوەیەك، كابرایەك لە سێیانەكەی نێو ترۆمبێلەكە هاتە ژوورەوە گوتی هەستە با بڕۆین. بردیانم بۆ ماڵێكی پیس كە ماڵی كابرا بوو، ژنەكەی و پێنج منداڵی هەبوو، تا بڵێی بێ ئسووڵ و جاهیل بوون، ژینگەیەكی زۆر ناخۆش و غەریب بوو، وەك دیل مامەڵەیان دەكردم و زۆریان سووكایەتی پێ دەكردم.
ئاقیبەت، پاش سیانزە ڕۆژ لەو ماڵەدا، بەیانییەك، پیاوێكی سعودی هات و مەلایەكی لە گەڵدا بوو، هەر دەمودەست مارەیان بڕیم لەو پیاوە بێ ئەوەی پرسیشم پێ بكەن و ئێستا لە گەڵ ئەو پیاوەدا دەژیم، پیاو چ پیاو، جاهیل، دەمپیس، دڵپیس و چڵكن، لە ناو خێزانێكدا ڕۆژگار بەسەر دەبەم، هەرگیز مەزەندەم نەكردووە لە دنیادا خەڵكی وا دواكەوتوو مابێت. تو خودێ، (ب) گیان ئەگەر ڕۆژێك منت خۆشویستووە، هەرچۆنێك بووە ڕزگارم بكە توخوا مردم شێت بووم. تو خودێ ئەم چیرۆكەش بۆ هەموو كورد بگێڕەوە، بەڵكوو ئەمە خوایە بیرێكمان لێ بكەنەوە.
(ب) هەرچۆنێك بوو، چیرۆكی دڵخوازە وندابووەكەی و دڵدارییە ناكامەكەی دەستی داعشی گێڕایەوە. بوارم نەدا بگری و گوتم: بەس خۆشەویستەكەت داوای لێكردیت فریای بكەویت؟ هەناسەیەكی هەڵكێشاو گوتی: ئەگەر بمتوانیایە

له چاوترووکانێکدا دەچوومە سعوودیە و یارە نازدارەکەمم دەهێنایەوە، بەڵام وەزعی من و خێزانەکەم دەبینی، چۆن بچم و بە چی بچم؟
گوتم: کاکە (ب)، (ش) و هەموو ئەو کچە کوردانەی تیرۆریستانی دڕندەی داعش ڕفاندوویانن، ڕاستە چاویان لە خۆشەویست و برا و باب و خزمەکانیانە، بەڵام چاوی یەکەمیان لە میللەتەکەیانە، کورد نابێت ئەو نامەردییەی داعش و داعشییەکان لەسەر خۆی قەبووڵ بکات. دوا گوتەم بۆ تۆ کاکە (ب) بۆ هەموو کوردیش ئەوەیە، تکایە ئەوە بەڵگە وا لەبەردەستاندا، تکایە هەر ئەمڕۆ و لێرە تاقیبی کچەکانمان بکەن، ئێستا کورد نوێنەرایەتی و پەیوەندی لە گەڵ هەموو دنیا هەیە، بە تایبەتی سعودییە و کەنداو و هەموو ئەم دەوڵەتانە، تکایە زوو بجووڵێن، با مەسەلەی ڕاستەقینەی هەزاران کچی ڕفێندراومان وەك هەژدە کچەکەی ئەنفالی لێنەیەت کە گوایە دەگووترێ نێردراون بۆ میسر و ئێستاش نەمانزانی ڕاستە یان نا، با هەر لە ئێستەوە مشوورێکی کچەکانمان بخۆین. با خەمێك لە نامووسی بریندارکراوی نەتەوەکەمان بخۆین.

## تراژیدیای (٤٤)

## بەتەمەنەکانیان لە ئۆتۆمبێلەکان فرێدایە خوارەوە

ناو و نازناو: (ف. ح. ت)
تەمەن: ٣٣ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: خانسوور

بەزمانی خۆی:
لە کاتژمێر چواری ئێوارە کۆبووینەوە لە خانسور، ناحیەی شمال، هەندێکیان دواکەوتن بە هۆی براکانیان یان کەسێک لە ئەندامانی خێزانیان بۆ ئەوەی بە ئۆتۆمبێل هەموویان پێکەوە دەرچن، لەوکاتەدا داعشەکان هاتنە ناو کۆمەڵگەکەوە، دەستیان گرت بەسەر خێزانەکەمان و پێنج خێزانی تر لە خزمەکانمان، ناچاربووین بە دوایاندا برۆین لە نێوان ناحیەی سنوونێ و خانسور، بەتەمەنەکانیان لە ئۆتۆمبێلەکان فرێدایە خوارەوە، بەرەو ناوچەی (باری و شلو) چووین، دوای خاڵی پشکنینی خانسور لە گەڵ خەڵکی گوندی حەردان کۆبووینەوە، کۆی گشتی بووە (٣٠٤)کەس، لەوێوە گەشتینە سوریا ناوچەیەک بە ناوی (هولا سوری)، چووینە ناو بینایەیەک لە بینایەی قوتابخانە دەچوو، پیاوانیان لە ئافرەتان جیاکردەوە، پیاوەکانیان بردە ژوورەکانەوە ئافرەتەکانیش لە حەوشە مانەوە، پێیان وتین (شایەتمان) ئەڵێینەوە ئێوەش بە دواماندا بیڵێنەوە بەم شێوەیە دەبنە موسوڵمان، ئێمەیان کردە موسوڵمان بە زۆری، پیاوانیان دەرکردە حەوشە و داوایان لێ کردن بە شێوەی بازنەیی بوەستن هەر بازنەیەک لە ١٠ کەس پێکبێت، دوای دە خولەک نانی عیشایان بۆ هێناین، یەکێکیان وتی ئەگەر ڕەتتان بکردایەوە ببنە موسوڵمان هەمووتانمان لەم بینایە دەکوشت، ٤ پیاو بە دەمامکی ڕەشەوە لای دەرگاکە وەستابوون وتی ئەمانە خۆیان ئامادە کردبوو بە چەکەکانیان بتانکوژن، بەڵام شوکر خوا ئەکەین کە وازتان لە دابونەریتتان هێنا و بوونە موسوڵمان و لە ئاگری دۆزەخ رزگارتان بوو.
حەوت ڕۆژ ماینەوە، دواتر بە حەوت ئۆتۆمبێلی گەورە لە جۆری(منشات) گواسترابنەوە بۆ موسڵ، کە گەشتینە شارۆچکەی شنگال ئۆتۆمبێلی پیاوەکان لە ئێمە جیا کرایەوە، لە ناو شاری موسڵ ئۆتۆمبێلی ژنەکان بۆ شوێنێکیتر

چوو، بەڵام ئێمەی کچان کە شوومان نەکردبوو ماینەوە چووینە ماڵێکەوە کە لە ٤ نهۆم پێکهاتبوو، دواتر کۆمەڵێک کچی خەڵکی شنگال هاتن، سێ ڕۆژ ماینەوە، جوانەکانیان بە زەبری هێز هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیانفرۆشنە پیاوانی داعش، بەڵام ئەوانەی کە ماینەوە بە دوو ئۆتۆمبێلی گەورە گواستراینەوە بۆ تەلەعفەر، هەر ئۆتۆمبێلێک نزیکەی ٨٠ کچی تیا بوو، لەسەر هەر دوو کورسییەک ٣ کەس دادەنیشت، زۆربەیان لە ناوەندی ئۆتۆمبێلەکە بە پێوە وەستابوون، لەسەر سەیارەکە بە گەورەیی نووسرابوو (للاسری)، بۆ ئەوەی ئەم ئۆتۆمبێلانە لە خاڵی پشکنین نەوەستێنن، (١٤) ڕۆژ لە قوتابخانەیەک ماینەوە لە تەلەعفەر، لە بارودۆخێکدا بووین لاواندنەوەی دەویست، دوو کەسمان شێت بوون.

کەسێک هات بۆ ئەوەی خێزانی هاورێکەم ببات، لە قوتابخانەکە بە بەرپرسی بەندیخانەکەی وت، (ف) پورمە لە گەڵ خۆم ئەیبەمە گوندی (کسر المحراب)، دوای حەوت ڕۆژ ناوی کچەکانیان نووسی کە شوویان نەکردبوو لە گەڵ ئەو ژنانەی هاوسەرەکانیان لەدەستدابوو، ئیتر زانیمان کە ئەمانفرۆشن، ئێمە کە پێکهاتبووین لە (٤ ئافرەت و ٣ منداڵ) ڕێککەوتین کە هەڵبێین، بۆ شەو لە (کسر المحراب) دەرچووین، بە شەو ڕێمان دەکرد و بە ڕۆژیش لە دۆڵەکان خۆمان حەشار دەدا، بۆ شەوی ٨-٩-٢٠١٤ گەشتینە چیا لە (بیری ئاورا ) دواتر بەرەو مزاری شەرفەدین چووین.

بەڵام رزگارکراو (ز. س. ت) لە دایکبووی ساڵی (٢٠٠١) کچی خوشکی (ف) بوو، لە گەڵی بوو بەڵام لە قوتابخانەکەی تەلەعفەر لە یەک جیا کرانەوە، لە بەعاج نیشتەجێیان کرد، لە بەعاج لە گەڵ چوار کچیتر هەڵهات، لە ڕێگای گوندی (رمبوسی) ڕووی لە چیا کرد.

## تراژیدیای (٤٥)

## دوای ئەزیەت کێشانێکی زۆر لە مردن هەڵهاتم

ناو و نازناو: ( خ. ح. س)
تەمەن: ....
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

(خ -ح - س) دووگیان بوو بە منداڵی یەکەمی کە شەش مانگ بوو، لە گەڵ خێزانەکەی بوو کاتێ تیرۆریستەکان کۆمەڵگەکانیان کۆنترۆڵ کرد سەر بە قەزای شنگال، "لە بەرواری ٣-٨-٢٠١٤ دوای هەڵهاتنیان لە ناحیەی قەحتانیە چوونە ماڵێک نزیک بیری ئیرتیوازی لەسەر ڕێگای گشتی نێوان شنگال و شلو، لەوێ دەستیان بەسەراگیرا لە لایەن کۆمەڵێ چەکداری توندڕەو، چەکدارانی داعش دەستیان کرد بە کوشتنی هەموو پیاو و گەنجەکان و هەوڵیاندا بەتەمەنەکانیش بسوتێنن، بەڵام بە جێیانیان هێشتن لە گەڵ تەرمی زوڵملێکراوەکان، هەموو ئافرەتەکانیان بردە کۆمەڵگەی جزیرە نزیکەی ١٠٠ کەس بوون کە ئافرەت و منداڵ بوون بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر گواسترانەوە بۆ بەعاج، ژمارەیەکی زۆر ئافرەت و منداڵی تیابوو، دوای دوو کاتژمێر گواسترانەوە بۆ موسڵ، لەوێ ١٣ ڕۆژ لە ژێر ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی مانەوە، کاری سەرەکییان ئەوە بوو کە کچەکان ببەن و زەواج لە گەڵ چەکدارە داعشەکان بکەن" .
-خ - درێژەی پێدا و وتی:"لە کچەکانیان دەدا و زۆریان لێیان دەکرد کە واز لە بیروباوەڕیان بێنن لە ژێر هەڕەشەی کوشتن و دەستدرێژی کردنە سەریان لە پێش چاوی هەموو رفێندراوان، بەڵام منداڵەکان زیاتر ئەزیەتیان دەکێشا خواردن نەبوو دایکەکان نانی کەڕوویان لە ماڵە نزیکەکان کۆیان دەکردەوە و ئەیاندا بە منداڵەکانیان بێ جل و بەرگ و پێخەفی خەوتن بوون، لە پارێزگای موسڵ، کچ و ژنەکانیان برد بۆ شوێنێکی نادیار، زانیمان بە توندڕەوەکان فرۆشراون بە ٢٠ دۆلار یان کەمتر، ژنە دووگیانەکان و ئەوانەی منداڵیان هەبوو دەستبەسەر مانەوە لە نێوان دیواری ماڵەکان و هۆڵەکان.
بەردەوام ئەیانگواستینەوە لە موسڵەوە بۆ تەلەعفەر بۆ گوند و کۆمەڵگەکان و لە هەر کۆمەڵگەیەک یان شوێنی گواستنەوەیان زۆریان لێ ئەکرا واز لە

بیروباوەڕیان بهێنن و ئەشکەنجەی ئەوانە ئەدرا کە داواکاریەکەیانیان جێبەجێ نەدەکرد"، بەردەوام بوو و وتی:" لە شوێنێکی نزیک تەلەعفەر ژمارەیەکی زور رفێدراو هەبوو کە زۆربەیان ئافرەت و منداڵ بوون، کەسێک لە کۆتاییە ناچار بووە موسوڵمان و قورئانی فێریان دەکرد، کەسێک هەوڵیدا هەڵبێت لە پێش چاوی هەمووان کوشتیان".

دەربارەی هەڵهاتنیان لە دەستی داعش وتی:"پارەیەکی زۆرمان دانێ هەتا گەشتینە هەرێمی کوردستان".

## تراژیدیای (٤٦)

## کچە کوردێکی ئێزیدی چیرۆکی بە جارییەکردنی کچان دەگێڕێتەوە

ناو و نازناو: (ل. س)
تەمەن: ٢٦ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

کچە کوردێکی ئێزیدی تەمەن ٢٦ ساڵ چیرۆکی هەڵهاتنی لە دەستی داعش و بە جارییەکردنی کچان باس دەکات. ئەو خۆی بە (ل. س) ناساند و گوتی:" بەرەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە لە پەنجەرەیەکی کراوەی ماڵێکەوە کە تێیدا لە گەڵ کچە هاوڕێکانم بەندکرابووین هەڵهاتم، لە گفتوگۆی چەکدارانی داعشەوە بۆم روونبووەوە کە ئێمە لە ناوچەیەکین لە باشووری موسڵ و نزیکین لە پردێک".
ئەو بە تەنها هەڵهاتووە و ئاگاداری چارەنووسی ئەو کچانە نییە کە پێکەوە رفێندرابوون، ئەو دەڵێت:"ئەو شوێنەی ئێمەی تێیدابووین زیاتر لە ٣٠ ژنە ئێزیدی تێدابوون،بەشێکیان منداڵەکانیشیان پێبوون،چەکدارانیداعش هەوڵیاندەدا کچەکان لە چەکدارەکانی خۆیان مارە بکەن، یان بیانفرۆشنەوە، هەروەها ئەوانەی بەدڵیان نەبوون، بە ئۆتۆمبێلی تایبەت رەوانەی سووریایان دەکردن".
زۆربەی ئەو ئافرەتانەی دەکەونە دەست چەکدارانی داعش رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی راستەوخۆ دەبنەوە، ئەوان دوای ئەنجامدانی ئەو کارانە لە بازاڕەکان دەیانفرۆشنەوە، لە موسڵ و ئەلرەقە.
هەر کەسێک مل بۆ دەستدرێژی سێکسی نەدات رووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە (ل. س) وا دەڵێت:"هەموو کچ و ژنانی ئێزیدی رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی دەبنەوە، ئەوانەی ئەو کارەیان رەتبکردبایەوە رووبەڕووی کوشتن دەبوونەوە، هەمان شت ئەگەر ئیسلامبوونت رەتکردبایەوە، چەندین ژنیان بە بەرچاوی منداڵەکانیانەوە کوشتن".
هەوڵی هەڵهاتنی ئەو کچانە یەکەمجار نەبووە،وەک(ل. س) باسی دەکات:"بەر لە سێ مانگ هەوڵی هەڵهاتنم دا لە چنگی چەکدارانی داعش، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم و دەستگیرکرام، ئەوان هەڕەشەی کوشتنیان لێکردم ئەگەر دووبارە هەوڵی لەو جۆرە بدەمەوە".

ئەو هۆکاری هەڵهاتنەکەی بۆ بە زۆر بەشوودانی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:" دوای ئەوەی زانیم کە ئەوان دەیانەوێت نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە بە زۆر بمدەنە کەسێک، بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ هەڵهاتم، کاتێک ئەو بڕیارەشمدا گوێم بە ئەنجامەکەی نەدا، چونکە مردن زۆر ئەهوەنترە لە کارێکی لەو جۆرە".
چەکدارانی داعش نووسینگەیەکیان بۆ فرۆشتنی جارییەکان لە موسڵ کردووەتەوە، هەر کەسێک ئارەزووی بە جارییەکردن و کڕینەوەیانی هەبووایە دەیتوانی لە بەرامبەر بڕە پارەیەك کچێک بۆ خۆی دیاری بکات.
ئەم کچە لە لایەن دەستە خوشکەکانی دیکەیەوە یارمەتیدراوە بۆ هەڵهاتن لەو ماڵەی تێیدا دەستبەسەر کرابوو، دوای هەڵهاتنی بەرەو ناوچەیەکی پیشەسازی رۆیشتووە، لەوێ چیرۆکی خۆی لە گەڵ بازرگانێک باسکردووە و داوای لێکردووە بیکوژێت نەک رادەستی چەکدارانی داعشی بکاتەوە.
(ل. س)دەڵێت:"ئەو بازرگانە رزگاری کردم و منی خستە نێو سندووقی ئۆتۆمبێلەکەیەوە و بەرەو ناوچەیەکی بردم لە باکووری موسڵ، ئێستا من لە گەڵ خانەوادەکەی ئەو دەژیم، لە چاوەڕێی رزگارکردنی ئەو ناوچانەم تاوەکو بگەڕێمەوە لای کەسوکارەکەم کە وەک زانیومە لە چیای شنگالن".
هێزەکانی پێشمەرگە بە سەرپەرشتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ئالای کوردستان (١٧-١٢-٢٠١٤ ) توانیان کۆنترۆڵی چیای شنگال بکەنەوە و لە ماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٢٧٠٠ کیلۆمەتریان لە چەکدارانی داعش  لە میحوەری رەبیعەوە تا دەگاتە زوومار و چیای شنگال پاککردەوە و شەڕ و پێکدادانیش گەیشتووەتە ناو شنگال.
ئەمە یەکەم تاوان نییە بەسەر ئێزیدییەکان دێت، ئەوان دەیان جاری دیکە رووبەڕووی بوونەتەوە، شێخ بابا عەلی، رابەری رۆحی ئێزیدییەکان دەڵێت:" ئێمە بە درێژایی مێژوو رووبەڕووی ٧٣ کوشتار و نەهامەتی و کارەسات بووینەتەوە، بەڵام ئەمەی دوایین لە هەموویان خراپتر بوو".

## تراژیدیای (٤٧)

## چیرۆکی سوتاندنی زهور

ناو و نازناو: زهور سیدو کسر
تەمەن: ٢٣ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

زهور دوور لە کەسوکاری ماڵ ئاوایی لە ژیان کرد، دوور لە خوشکەکانی کە بازرگانییان پێوە کرا وەک جارییە و سەبایا.
"سبوتنيك"ی روسی باس لە وردەکاری چیرۆکی سوتاندن و ئەشکەنجەدانی زهور دەکات کە داعش رفاندی لەگەڵ چوار خوشکەکەی لە گوندی کۆچۆ کە زۆربەی دانیشتوانی ئێزیدین لە ناوەراستی مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٤ دوای ئەوەی هەموو پیاوەکانیان سەربڕدران(کەمۆڵکوژکران)لە پێش چاویان، ئەم جارییانە بە زەبری دەستدرێژی سێکسی کرانە موسڵمان. ..
ئەبو ئوسامەی ٤٠ ساڵ کە رەگەزنامەی سعودی بوو یەکێک بوو لە ئەندامانی گروپی داعش لە نزیک شاری حەلەب لە سوریا، زهوری لە بازاری نەخاسە کری.
سەرەڕای سوتاندنی و بێ هۆشی لە نەخۆشخانەی تورکی کە تایبەتە بە سووتان زهور بەهێزبوو ململانێی بوو بۆ ئەوەی لە ژیان بمێنێ بۆ بینینی یەکێک لە خوشکەکانی کە ماوەیەکی کورتە لە دەستی داعش رزگاری بووە، لە قۆناغێکی مەترسیدارە گیانی سپارد بێ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ ئەڵمانیا کە ببوایە یەکەم ئێزیدی بۆ چارەسەر بڕواتە ئەڵمانیا.
میرزا حسن دنایی، سەرۆکی رێکخراوی(Luftbrücke Irak e.v)، کە کچە ئێزیدیەکەی لە ئەستۆ گرتبوو کە لەسەر مەرگدا بوو لە لێدوانێکیدا بۆ"سبوتنيك"روسی دەڵێت:"هەموو وەرەقەی و رێوشوێنی گواستنەوەمان بۆ ئەڵمانیا ئامادە کردبوو بۆ چارەسەری پزیشکی لە شاری شتوتغارت بە سەرپەرشتی سەرۆک وەزیران بادن فورتنبیرک، بەڵام قەدەر نەیهێشت و زهور گیانی سپارد".

ئەڵمانیا هات بە دەنگی داواکارییەکەی میرزا دنایی بۆ رزگارکردنی زهور، رێککەوتن کرا لەگەڵ سەرکردایەتی ئەڵمانیا بۆ گواستنەوەی ئەم کچە بە فڕۆکەی تایبەت.
دنایی قسەکانی زهوری ئەوتەوە"کەی ئەمگوازنەوە بۆ ئەڵمانیا" ئەو ئەیویست بژێ سەرەڕای هەموو ئازارەکانی و دەستدرێژیکردنە سەری و فرۆشتنی زیاتر لە چوارجار لە نێوان ئەندامانی داعش کە دواجار بە ناشرینترین شێوە گیانی لەدەستدا.
زهور لە خێزانەکەی تەنها خوشکێکی رزگاری ببو لە دەستی داعش لە شاری ڕقە لە سوریا(پایتەختی خەلافەتی داعش) پەیوەندی بە کەسوکاریەوە کرد کاتێ لە حەلەب بوو هەتا (ئەبو شوجاع) گەشتە لای .
زهورە سیدو کسر لە دایکبووی ١٩٩٢ خەڵکی گوندی کۆچۆیە، هەموو خێزانەکەی لە دەستدا و بە بێ رەزامەندی خۆی دەستدرێژی سێکسی کرایە سەری و کرین و فروشتنی پێوە کراوە.
خلف حمد، لە دایکبووی ١٩٥٠ لە خێوەتگەی (چەم مشکۆ) نیشتەجێیە لە زاخۆ کە دەکاتە مامی باسی لە چیرۆکەکەی کرد و وتی:
قسەم لەگەڵ زهورکرد کاتێ لە نەخۆشخانە بوو، بەم شێوەیە باسی لە چیرۆکەکەی کرد و وتی:"دوای ئەوەی کە گەشتینە گرتووخانەی رەقە لە سوریا لەگەڵ کۆمەڵێ کچی شنگال بووم و دابەش کراین بەسەر چەکدارەکانی داعشدا، منیش لەگەڵ ئەبو ئوسامەی ٤٠ ساڵ بە ڕەگەز سعودی بووم، زۆر رقم لێی بوو بە هەموو شێوەیە ئەمویست لێی رزگارم بێت، بەڵام هەوڵەکانم بێ سوود بوون، لە کۆتاییە پێش چەند ڕۆژێک زۆر ساردبوو سۆپاکەم پڕکردبوو لە بانزین لە جیاتی نەوت، دوای داگیرساندنی ئەو ناوە گڕی گرت و ئەو تاوانبارە سوتا و مرد، منیش بە سەختی بریندار بووم بەڵام بە بەتانی خۆم پاراست.
لە ماڵ دەرچووم بەڵام لە جادەی گشتی کەوتم، دوای ئەوەی داعشەکان زانییان چەکدارە داعشەکەیان مرد و منیش لە بارێکی مەترسیداردام، منیان فڕێدایە دەرەوەی شار بۆ ئەوەی لەوێ بمرم، بەڵام دوای گەڕانەوەیان هەوڵمدا بگەمە جادەی گشتی، بە زەحمەتی ڕێم ئەکرد و ئازار هەبوو بە هۆی سوتاندنەکەمەوە و کەش و هەواش زۆر ساردبوو ئەگەر بەتانیەکەم پێ نەبوایە هەر لە کاتی رووداوەکە دەمردم، کاتێ کە گەشتمە جادەی گشتی تاکسییەک وەستا پێم وت: من سوتاوم تکا ئەکەم بمگەیەنیتە نەخۆشخانە لەسەر سنوور، مستیلەیە زێرم دایە کە لە پەنجەم بوو بۆ کرێی تەکسییەکە، کاتێ کە گەشتمە

نەخۆشخانەی ملاتیای تورکی کە ئەکەوێتە دووری ٧٠٠کم لەسەر سنووری عێراق پەیوەندیم بە کوری මاممەوە کرد(رەعد) باسی چیرۆکەکەمم بۆی کرد ئەویش بە ئەبو شوجاعی وت لە کۆتاییە یەکێک لە خزمەکانی نارده لام بۆ نەخۆشخانە".
بە پێی راپۆرتی پزیشکی سوتاندنەکەی زیاتر لە ٨٠% بوو، پێش ماڵئاوایی کۆتا قسەی ئەمە بوو
(ها من ماڵئاواییتان لێ ئەکەم....ئەوەی دەستدرێژی کردە سەر ژیان و شەرەفم بە دەستی خۆم کوشتم و سوتاندم)

**تراژیدیای (٤٨)**

**بووکە دوو مانگییەکە**

ناو و نازناو: (ف ع ع)
تەمەن: ١٧ ساڵ
باری خێزانداری: خێزاندار
شوێنی نیشتەجێبوون: دەوروبەری شنگال

ڕزگاربوو (ف ع ع) لە دایکبووی ساڵی(١٩٩٩) بووکی دوو مانگی بوو، باس لە بەسەرهاتەکانی دەکات و دەڵێت:"بەشێک لە خێزانەکەمان بەو ئۆتۆمبێلەی کە هەمانبوو دەرچوون و من و مێردەکەم و دایک و باوکی لە گرزرک ماینەوە لە ڕۆژی ٣-٨، ئۆتۆمبێلێکمان هەبوولەو بڕوایەدا بووین کە هیچ ترسێکمان لەسەر نییە و داعش ناتوانێ نزیکمان کەوێ و کەسانێک هەن کە پارێزگاریمان لێ ئەکەن، لە کاتژمێر هەشت و نیوی بەیانی لە ماڵ دەرچووین، ئۆتۆمبێلی داعشەکانمان بینی بەرەو ڕوومان دەهاتن، گوڵلە بارانیان کردین بە بێ هیچ پرسیارێ، یەکێک لە گوڵلەکان بەر سکی مێردەکەم کەوت و دایان لەسەر باوکی و راستەوخۆ کەوت و هەردووکیان گیانیان لە دەستدا، منیش بریندار بووم و خەسووشم گوڵلەیەک بەر لێوەکانی کەوت، هێزم نەما بە هۆی زۆری خوێن بەربوونی برینەکەم و دیمەنی مێردەکەم و باوکی بە کوژراوی لە پێش چاوم خوێنیان لێ دەچوو و خەسووشم هاواری بوو بە هۆی ژانی برینەکەیەوە بۆیە هەستم بە خۆم نەکرد و چاوم کردەوە لە نەخۆشخانەی بەعاج بووم و کاتژمێر هەشتی شەو بوو.
لەنەخۆشخانە مامەڵەیان زۆر خراپ بوو دکتۆرەکان داعش بوون خواردنەکان پیس بوون، برینەکەم زۆر سەخت بوو گوڵلەکە لە دواوە لێمی دابوو لە پێشەوە دەرچووبوو، ١٧ ڕۆژ لە پێ کەوتم و جێگای خەسووم لە تەنیشت جێگاکەی من بوو، زۆر برینداری خەڵکی شنگالی لێبوو، دواتر وتیان بریندارەکان لە سێدارە دەدرێن و کاتژمێر ٩:٣٠ی بەیانی ڕۆژی ٢٠-٨-٢٠١٤یان دیاری کردبوو و خەڵکی ناوچەکەش ئامادە دەبن، زۆربەیان کەم ئەندام ببوون، داعشەکان ناتوانن ئافرەتە بریندار و کەم ئەندامەکان بفرۆشن، بۆیە لێژنەی سەرپەرشتیار بڕیاریدا لە سێدارەمان بدەن بۆ ئەوەی رزگاریان بێت لێمان، ئامادەکاری سێدارەکەریان کرد و ناوەکانیان تۆمار کرد و نووسراویان نارد بۆ

خەلیفەکەیان بۆ رەزامەندی بە هۆی زۆری ژمارەمانەوە، لەو ڕۆژەدا ئامادەیان کردین بۆ لە سێدارەدان، گریان سوودی نەبوو، ژمارەمان زۆربوو، وەڵامی خەلیفەکە ئەمەبوو(هەرکەسێ موسوڵمانبوون خۆی ڕا بگەیەنی و واز لە بیروباوەڕی بهێنێ ئەوە خۆی رزگار دەکات لە لەسێدارەدانەکە)، زانای ئاینی موسوڵمانی داعشی ئەمەی پێ وتین لە بەعاج".
درێژەی بە قسەکەی دا و وتی:"تەنها ئەوەتان لەسەرە شایەتمان بهێننەوە و لە دوای منا بیڵێنەوە، ئێمەش تەنها لێومان دەجوڵاندەوە، دوای تەواو بوونی و ڕۆشتنی بەنەفرەتمان کرد، بۆیە بڕیاری لەسێدارەدانی بە کۆمەڵ هەڵوەشایەوە.
چووینە تەل بەنات و ٧ ڕۆژ لەوێ ماینەوە، دواتر بۆ گوندی کۆچۆ و ٢ مانگ ماینەوە، کۆچۆ پڕ بوو لەخەڵک کۆکرابوونەوە لە هەموو کۆمەڵگە ئێزیدیەکان، ڕۆژی سێ جار پیاوەکانیان دەژمارد لە دەرگای مزگەوت، هەرکێ ئامادە نەبوایە و نوێژی بە کۆمەڵی نەکردایە بە هەڵگەڕاو دایاندەنا، چارەنووسی هەڵگەڕاو کوشتن بوو، منداڵانیش هەموو ڕۆژ لە مزگەوت فێر ئاینی موسوڵمان دەکران، دیوەخانەکەی ئەحمەد جاسۆیان کردبووە مزگەوت بۆ نوێژکردن، لە حاڵێتێکدا بووین ناخی دەهەژاند، هەموو بەتەمەنەکانیان لە هەردوو ڕەگەز لە ماڵێکدا کۆکردەوە و ژمارەیان ٣٨ کەس بوو، زۆر بە توندی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرا باس ناکرێ و باسکردنی زور ئەستەمە، پاسەوانە داعشەکان هەموو ڕۆژ دەچوونە ئەم ماڵەو و میزیان دەکرد بەسەر ئەم بەتەمەنانەوە، بۆیە کەس نەیدەتوانی لێیان نزیک ببێتەوە بە هۆی بۆنی ناخۆشیان، کەس بۆی نەبوو رەتی بکاتەوە میز بەسەریا بکرێ چونکە لێیان دەدا و بە زۆر میزیان دەکرد بەسەریا، ئەم جۆرە ئەشکەنجەدانە لە هیچ مێژوویەکدا نەکراوە.
نەماندەتوانی هەڵبێین لە کۆچۆ بە هۆی زۆری پاسەوانەکان لە دەوری گوند، ٨ خاڵی پاسەوانی هەبوو لە هەر خاڵێک چەند کەسێک هەبوون، پڕ لە چەک و پێداویستیە سەربازییەکانی تر و دووربینی شەوانە.
لە گوند شوێنی کۆمەڵکوژییەکەم بینی کە داعش ئەنجامی دابوو و بۆنی مردوی لێ دەهات، لە نزیک ماڵی ئەحمەد جاسۆ گۆڕێکی گەورەی بەکۆمەڵمان بینی، بە تەواوی نە ناشتبوویان بەشێک لە تەرمەکان دیاربوون وەک قاچ و دەست و سەگەکان لەوێ خۆیان تێر دەکرد و دەرەچوون، پاسەوانەکە وتی هەموو خەڵکی کۆچۆمان کوشتووە لەبەر ئەوەی رەتیان کردەوە واز لە بیروباوەڕیان بهێنن.

مەلا ئەبو بەکر ڕەتی کردەوە کچەکان بە ئەندامانی داعش بفرۆشێ هەرچەن زۆریش ئیلحاحیان دەکرد چونکە گرێبەستی لەگەڵ بازرگانە قەتەرییەکان کردبوو کە بە کۆ پێیانی بفرۆشێ، ئەو پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی قەتەر و بازرگانەکانی هەبوو، هەموو پێداویستییەکانمان لە قەتەرەوە بۆمان دەهات هەتاکو بوتڵێ غازەکانیش لە قەتەرەوە بۆمان دەهات لەسەری نووسرابوو (صنع في قطر).
سەیری تیڤیمان دەکرد و ڕێگریبیان لێ نەدەکردین زۆربەی کاتەکانیش سەیری کەناڵی (ڕووداو)مان دەکرد کە بە زمانی کوردی پەخشی دەکات لە هەولێرەوە لە پایتەختی کوردستان، لە پەیوەندی بەردەوامدابووم لەگەڵ براکەم لە دهۆک بە مۆبایل کە لە نێوان قژم دەمشارتەوە، هەموو کات دەمکوژاندەوە و بە شەو دەرم دەکرد و کاتژمێرێ تەواو لەگەڵ براکەم و باوکم قسەم دەکرد.
دیاربوو کە مەلا ئەبو بەکر نەیتوانیبوو بە کۆ بمانفرۆشێت، بۆیە هەر کۆمەڵەیەکی دەناردە ناوچەیەکی دیاریکراو وەک دیاری بۆ چەکدارەکان، من و هاوڕێکەم(ب)بەختمان(ڕەقە) بوو لە سووریا، پێش خۆرئاوابوون گەشتینە شاری شنگال و لەوێ ١٥ داعشمان لەگەڵ بوو کاریان ئەوەبوو بمانگەیەننە گرتووخانەی (السبايا) لە ڕەقە و خۆیان بڕۆنە لای چەکدارەکان لەوێ، کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارە لە یەکێک لە ژوورەکان دەستیان کردە نوێژی بە کۆمەڵ، جگە لە ئینتیحار هیچمان بۆ نەمایەوە، وتمان: (ئەگەر خوا ڕزگارمانی کرد ئەوە ژیان ئەبەینەوە، ئەگەر کوشتیشیانین ئەوە خۆمان هەر بەرەو مردنێکی لەسەر خۆ ئەڕۆین)، پێڵاوەکەم لە پێش دەرگای ژوورەکە دانا بۆ ئەوەی نەزانن دەرچووینە کاتێ لە نوێژ تەواو ئەبن، لایتێکیشمان برد، هەڵهاتین بە هەموو ئەو خێراییەی خوا پێی بەخشیوین، لە نێو ماڵ و جادەکانەوە و پێمان پەتی بوو، دوای مەودایەک بینیمان بە دوامانا ڕادەکەن و گوللەبارانیان دەکردین، بەڵام شەوەکەی زۆر تاریک بوو بۆیە نەیانتوانی بمانپێکن، بەرەو چیا چووین بۆ ماوەی کاتژمێرێ تەواو ڕامان کرد بێ ترس و خۆڕادەستکردن و بە هاوڕێکەمم دەوت مەترسە و ڕاکە ئەویش هەمان ڕستەی دووبارە دەکردەوە و گوللەکان وەک باران بەسەرمانا دەکرا، ڕووناکیمان دەبینی لە چیاکەوە و بەرەو ئەو ڕووناکییە دەچووین و بە هۆی زۆر گوللەکانەوە ئەو هێزەی بەرگری لە چیاکە دەکرد هەستی پێکرد کە داعش هێرشی کردووەتە سەریان ئەوانیش دەستیان کردە گوللەباران کردنیان، کەوتینە نێوان دوو ئاگرەوە گوللەکان لە پێش و لە پاش دەهاتن و ئێمەش هەر بەردەوامبووین لە ڕاکردن، داعشەکان نەیانتوانی زیاتر پێشڕەوی بکەن بەرەو

چیا، جەنگاوەرە ئێزیدیەکان ئێمەیان بە دووربینی شەوانە بینی بۆیە کۆمەڵێک بەرەو لامان هاتن هەتا گەشتینە لایان، ڕاکردنەکە دوو کاتژمێری خایاند لە ژێر گوڵلە باران کردن، چوار ڕۆژ لە چیاماینەوە و دواتریش بە فڕۆکە گواسترانیەوە بۆ دهۆک.

## تراژیدیای (٤٩)

## به هۆی قژە کورتەکەیەوە نەدەزانرا کچە

ناو و نازناو: لەیلا
تەمەن: ١٤ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

له ڕێگادا بۆ ناوچەی رمێلانی سوری(رۆژئاوای کوردستان) هاوسنووری عێراق (باشووری کوردستان)، "لەیلا"ی(١٤)ساڵان له سەر کردۆڵکەیەك وەستاو زۆربەی دەموچاوی بە تەپوتۆز داپۆشرابوو، بەهۆی قژە کورتەکەیەوە بە زەحمەت دەزانرا کچە.
"لەیلا" پەرتەوازبوو لە کاتی تەماشاکردنی کاروانی ئەوانەی لە چیا دەهاتنە خوارەوە و بە دوای خۆیاندا تەپوتۆزیان دەکرد.
چەکدارێك کە یارمەتی رزگاربووانی دەدا بۆ سەرکەوتنی ئۆتۆمبێلێکی بچووك، لەیلا وتی:"من چەندین کاتژمێرە لێرەم و ناچم تا باوکم دێت، ئێمە وامانزانی ئەو کوڕە، بەڵام ئەو خێزانەی ئەمی لە گەڵ هاتبوو رونیانکردەوە کە دایك و باوکی پەلکەکانیان قرتاندوە و کورتیان کردوەتەوە بۆ ئەوەی لە چاوی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بە دوور بێت"، تەنیا بە دەنگیەوە ئەزانرا کچە.
ئەم کچە بەدەنگێکی لەرزۆك وتی:"باوکم لە چیا لێم بزربوو، رۆشت ئاو بهێنێت و نەگەڕایەوە، نازانم چی بەسەرهات، لە گەڵ چەند خێزانێکیتر رۆشتم کە سێ ڕۆژی یەکەم لە گەڵمان بوون و نامەوێ بە بێ ئەو بچمە سوریا، پیاوێکی بەتەمەنە و ئەترسم جارێکیتر نەیبینمەوە".
دایکی "لەیلا"و براکانی پێش ئەو رۆشتبوونە چیاکەو ئەویش لە گەڵ باوکی بە دوایاندا رۆشتبوون هەمان شت لە گەڵ هەزاران خێزانیتر روویدا کە خێزانەکانیان پەرتەوازەبوون هەموو رایەڵێکی پەیوەندی لەنێوانیاندا بچڕابوو.
"لەیلا" تاقە کەس نییە بە ترس و لەرز و نیگەرانییەوە چاوەڕێی دیدارێك بکات کە رەنگە پێی شاد نەبێت، سەدانیتر هەمان چارەنووسیان هەیە.

**تراژیدیای (٥٠)**

**دەولەت خۆی خنکاند**

ناو و نازناو: دەولەت عەدنان
تەمەن: ٢٢ ساڵ
باری خێزانداری: سەڵت
شوێنی نیشتەجێبوون: شنگال

بۆچی من دەژیم کاتێك سەدان کچی وەك من بەدەست چەکدارانی داعشەوەبن؟ کاتێك کچانی ئێزیدی دەرفێندرێن و هەرچی کارێکی نەشیاوە بەرامبەریان دەکرێت و کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت لە بازارەکان.
ئەمانەو سەدان وشەو بیر و بۆچوونی تری لەم جۆرە، دەولەت عەدنانی دووچاری دڵەراوکێ و ترسێکی زۆر کرد و پاڵنەرن بوون، بو خنکاندنی، دەولەت ناوی ئەو کچە ئێزیدیەی تەمەن (٢٢)ساڵەبوو کە رێکەوتی ٢٠١٤/٨/٢١ لە غورفەیەکی سەرەوەی ماڵەوەیان بە گوریسێك خۆی خنکاند...
دەولەت دووچاری نەخۆشیەکانی دەروون و ترس و تۆقین ببوو بەهۆی ئەو زوڵم و زۆرداریيەی بەسەر کەسوکار و کچە ئێزیدییەکانی وەك ئەودا هاتن کاتێك بینی و بیستی سەدان کچی هاوتەمەنی ئەو وەك کاڵا کڕین و فرۆشتنیان پێ دەکرێت لە بازارەکان و دەستدرێژی سێکسی یان دەکرێتە سەر و هەموو پاکی و جوانیەکانیان لێ دەستەندرێتەوە لە لایەن چەکدارانی داعش، دەولەتی کچە ئێزیدی پەنای بردە بەر خۆ خنکاندن و خۆی خنکاند.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

(١) رووداونێت- عوبەید رەشاڤایی ، بە ( گرتەی ڤیدیوویەوە)
(٢) خەندان- نەبەرد فوئاد - سەرچاوە: واشنتۆن پۆست
(٣) رووداونێت، هەروەها( گرتە ڤیدیوویەکەمان لە لایە)
(٤) سایتی وار، کوردۆ رۆژهات، سەرچاوەی: Italian paper La Repubblica
هەروەها سەرچاوەی: The Telegraph
هەواڵ نیۆز، لە ئنگلیزیەوە: هاورێ خالید
(٥) باسنیوز، دیار عەزیز
(٦) گێرانەوەی گرتە ڤیدیوویی، هەروەها( گرتە ڤیدیوویەکەمان لە لایە)
(٧) ئاوێنەنیوز، شوان وەسانی، هەروەها( گرتە ڤیدیوویەکەمان لە لایە)
(٨) گیرانەوەی گرتەیەکی ڤیدیوویی.
(٩) راپورتێک لە کەناڵی ئاسمانی رووداو.
(١٠) ماڵپەری ئاوێنە
(١١) داود موراد خەتاری ، وەرگێران و دارشتنەوەی: تەها سلێمان ماڵپەری جینۆساسدی کورد، دەقە عەرەبیەکەشی لە ماڵپەری بەحزانی نێت.
(١٢) رووداونێت، شادیە رەسول
(١٣) کەناڵی دیکۆمێنتەری "٤"ی سویدی "هۆجیر هیرۆری" ئامادەی کردبوە
(١٤) لە چەندین سایت و ماڵپەری بڵاوکرایەوە.
(١٥) لە چەندین ماڵپەر بڵاوکرایەوە.
(١٦) بحزانی نێت، عائشە حسو/ح/ وەرگێران و دارشتنەوەی(ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)
(١٧) داود مراد ختاری، وەرگێران و دارشتنەوەی (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(١٨) مروان شلالا، ماڵپەری ایلاف، وەرگێران و دارشتنەوەی (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(١٩) سایتی خەندان و جینۆسایدی کورد
(٢٠) سایتی کەی ئێن ئێن و جینوسایدی کورد
(٢١) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر
(٢٢) رووداونێت، رەنگین شەر، دارشتنەوەی رێبوار رەمەزان بارزانی
(٢٣) سایتی رۆژنامەی ئەڤرو، لەزگین چوڤی
(٢٤) رووداونێت، دارشتنەوەی (رێبوار رەمەزان بارزانی)
(٢٥) لە چەندین سایت و ماڵپەر بڵاوکرایەوە.
(٢٦) شفق نیوز، وەرگێران و دارشتنەوەی (رێبوار رەمەزان بارزانی)
(٢٧) شفق نیوز، وەرگێران و دارشتنەوەی (رێبوار رەمەزان بارزانی)
(٢٨) سایتی خەندان
(٢٩) خەندان، نەبەرد فوئاد، سەرچاوە: دەیلی مەیل، ئاژانسی(ئەسۆشێتید پرێس)
(٣٠) ماڵپەری ئاوینە، سەلام خالید بەشداری کردوە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، هەروەها بە پشتیوانی تۆڕی ڕۆژنامەوانی (الإستقصائی) عێراقی (نیریج) ئامادە کراوە. راپۆرتی: سامان نوح
(٣١) سایتی NRT TV

(٣٢) وێنەو ناسنامەکەی کە بەدەستی دایکیەوە بوو لە تورەکۆمەڵایەتیەکان بڵاوبووە.
(٣٣)ڕووداونێت، کاروان علی، دارشتنەوەی (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٣٤) ڕووداو نێت، هێمن عەبدوڵڵا.
(٣٥)باسنیوز، وەرگێران و دارشتنەوەی ( ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٣٦)ئا:سەعد هەورامی، لە ماڵپەڕی ڕۆژنامەی هەولێر
(٣٧)سایتی کەناڵی CNN
(٣٨)تۆری میدیایی ڕووداو، ناصر علی
(٣٩) تیشك تی ڤی ئامادەکار، موسابابانی
(٤٠)کوردسات نیوز، هێمن قادر
(٤١)ماڵپەری وشە، هەژار رەشید
(٤٢)سەرچاوە: الانصات المرکزی، عدد (٦٠٣٨ )ڕۆزا دڵشاد مەریوانی، دارشتنەوەی (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٤٣) ماڵپەری باسنیوز، ڕیسالە شەرکانی
(٤٤) بەحزانی نێت، داود مراد ختاری وەرگێران (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٤٥)بەحزانی نێت، خیری علو حکو، وەرگێران (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٤٦)تۆری میدیایی ڕووداو، احمد محمود ، وەرگێران، هەڵۆ کاکەوەیس
(٤٧) بحزانی نیت، نازك محمد وەرگێران و دارشتنەوەی (ڕێبوار رەمەزان بارزانی)هەوەرها داود مراد ختاری وەرگێرانی( ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٤٨)داود مراد ختاری وەرگێران و دارشتنەوەی( ڕێبوار رەمەزان بارزانی)
(٤٩) ماڵپەری ئاوینە، سەلام خالید بەشداری کردوە لە ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، هەروەها بە پشتیوانی تۆڕی ڕۆژنامەوانی (الإستقصائی) عێراقی (نیریج) ئامادە کراوە، ڕاپۆرتی: سامان نوح
(٥٠) لەچەند کەنالێکی ڕاگەیاندن و چەندین سایت وەك هەواڵ بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی سێیەم
# چەند ڕاپۆرت توێژینەوەیەک لە بارەی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی

**(١)**

## داعش کچان دەکات بە کۆیلە و دەیانفرۆشێت

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دەڵێت داعش بێ شەرمانە ئەوە بڵاو دەکاتەوە کە کارەکانیان لە ئایندا ڕێگەپێدراوە، بەڵام داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات و سود بە ئیسلام ناگەیەنێت.
لە بەیاننامەیەکدا"جۆن کیری"وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ئاماژە بە کارە دڕندەکانی داعش دەکات لە بەرامبەر خەڵکی ئەو ناوچانەی هێرشی دەکاتە سەر و داگیری دەکات.
"کیری"هەروەها باسی لە فرۆشتنی کچان و ژنان وەک کۆیلە و رفاندنی کەسەکان لە لایەن ئەو ڕێکخراوەوە کرد و ئاشکرای کرد کە خراپترین مامەڵەی مرۆڤایەتیمان لە داعش بینیوە، ئێستاش لە بەرامبەر دژوارترین نمونەی خراپەکاری تاوانین لە لایەن داعشەوە.
وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی:"داعش ئەو کچانەی تەمەنیان دەبێ بە (١٢) ساڵ دەیان فرۆشێت، بە تایبەتی کچانی کەمایەتییەکانی وەک ئێزیدی، هەروەها بە زۆر هاوسەرگیریان پێدەکات و دەستدرێژیان دەکەنە سەر و دەیانکەن بە کۆیلە و سوودیان لێ وەردەگرن. ئەو ڕێکخراوە بێ شەرمانە دەڵێت کە ئەو کارانەیان لە ئایندا ڕێگەپێدراوە، داعش نوێنەرایەتی ئیسلام ناکات و سوود بە ئیسلام ناگەیەنێت، هەروەها ئیسلام چاوپۆشی لە کارە قێزەوەنەکانی ناکات، لە ڕاستیدا ئەو جۆرە چالاکیانە ئەوە دەسەلمێنێت کە داعش دوژمنی ئیسلامە".
"کیری" لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا ئاماژەی بە بیروڕای کەسانی ئایینی لە بەرامبەر داعش کرد، وتی:"سەرجەم کەسانی ئایینی سەرکۆنەی کردەوە و چالاکییەکانی داعش دەکەن، داوا لە سەرجەم وڵات و لایەنەکان دەکەم کردەوەکانی داعش بە تایبەت فرۆشتنی کچان و منداڵان سەرکۆنە بکەن".
وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وتی:"ئەمریکا بە وردی چاودێری کارە قێزەوەنەکان و دەستدرێژی و فرۆشتنی کچان و ژنان و منداڵان و رفاندن و هاوسەرگیری لە لایەن داعشەوە دەکەین، لەو بارەوە لە گەڵ حکومەتی عێراق هەماهەنگ دەبین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە".

**(٢)**

## دەستدرێژی سێکسی ستراتیجیەتێکی داعشە

شــارەزایەکی ئەڵمانیــایی دەســتدرێژی سێکســی لای چەکــدارانی رێکخــراوی داعش، بە تـایبەتی دەستدرێژی بە کۆمەڵ وەك ستراتیجییەتێکی شـەڕ وەسف دەکات کە لە ناوچەی تری ناکۆکی و ململانێ لە دنیا پێشتر روویان داوە.
"تۆماس فۆن دێر ئۆستن زاکن"سەرۆکی رێکخراوی(WADI) بۆ یارمەتی مرۆیی کە لە (١٩٩٠)ەوە لە عێراقە و رێکخراوەکە پاڵپشتی لە پڕۆژەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەتی لە ناو ئافرەت و منداڵ و لاوان دەکات، لەو بارەوە لە دیدارێکی کەناڵی(DW)ی ئەڵمانی دەڵێت:"ئەوان ئەو ستراتیجیەتە لە بەرامبەر ئێزیدی و مەسیحی و کەمینەکانی تر لە عێراق پەیڕەو دەکەن، ئەو کچانەشی تەمەنیان لە (٩) ساڵ بەسەرەوەیە نێچیری ئاسانی سێکسی چەکدارانی ئەو رێکخراوەن، ئەوەش بە پێی لێکدانەوەی خۆیان بۆ قورئان".
زیاتر گوتی:"مەبەستی ئەوان لەو کارەیان بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندنە لە سەر هەموو بوارێکدا، ئەوان لە پاڵ جۆرەکانی دەستدرێژی سێکسی سەری خەڵك دەبڕن و خەڵك بە کۆمەڵ دەکوژن".
"زاکن"روونی دەکاتەوە،"ئەوان بەو ستراتیجیەتە ترس لای هەموو ئەوکەسانە بڵاودەکەنەوە کە رێکخراوەکە بە دوژمنی خۆیان دەزانن بە پیشاندانی رووی وەحشیگەرانەیان، بۆیە ئەو دەستدرێژی سێکسییە بۆ سەر ئافرەتە ئێزیدی و بە پلەیەکی کەمتر مەسیحیەکان بە مەبەستی لەناوبردنی ئەو کەمینانەیە لە ناوەوە، لە کۆمەڵگەیەك کە ئافرەت و کچ تیایدا نیشانەی پاکین، بۆیە داعش دەیەوێت ئەو شەرەف و ئەو خێزانانە لەناو ببات".

**(٣)**

## داعش و بازرگانیکردن بە مرۆڤ

داعش مناڵانی ساوا لە عێراق و سوریاوە لە ڕێگەی چەند ناوەندێکەوە بۆ ناو تورکیا دەگوازێتەوە و لەوێشەوە بە بەستنی پەیوەندی لە گەڵ چەند دەڵاڵێکدا، بە مافیاییەکان دەفرۆشن و دواتر بۆ ئەو وڵاتەیان دەگوازنەوە.
پێشتر ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی بڵاویکردبووەوە کە داعش لە ڕێگەی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاتی دابین کردووە.
بە پێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە زیندانەکانی داعش دا زیاتر لە (٢٥) هەزار ژن و مناڵ زیندانی کراون و بەشێکیان بازرگانییان پێوە کراوە.
هاوکات لیژنەی باڵای مافی مرۆڤ ئەوەی ئاشکرا کردووە کە داعش لە گەڵ باندە مافیاکاندا کاری بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤەوە دەکات و بە پێی پێویستی لایەنی کڕیار، جەستەی مرۆڤ بە مافیاکان دەفرۆشێت.
پێشتر هەر جەستەیەک (٢٠) هەزار دۆلاری دەکرد بەڵام ئێستا مرۆڤێکی تەندروست بە(١٠) هەزار دۆلار دەفرۆشرێت.

(٤)
## گفتوگۆی ئەندامانی داعش دەربارەی کڕینی کچە ئێزیدییەکان وەکو کەنیزەك

گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر ناونیشانی" داعش کچی هۆزەکان لە بازاڕی کەنیزەکەکان لە موسڵ دەفرۆشێت"بڵاوکرایەوە، کە تێیدا چەند چەکدارێکی نێو رێکخراوی داعش دەردەکەون کە بە دیالێکتی سعودی دەربارەی کڕینی کچانی ئێزیدی لە کەسێکی خەڵکی شارەکە قسە دەکەن.
ئەمەش گفتوگۆکەیانە:
- ئەمڕۆ ڕۆژی کڕینی کەنیزەکەکانە، ئەمڕۆ ئەوەیە کە باوەڕتان پێیەتی، ئەمڕۆ ڕۆژی دابەشکردنی کەنیزەکەکانە.
- ئەمڕۆ کێبرکێیە لەسەر هەڵبژاردنی کەنیزەکەکان و هەموومان بەشی خۆمان دەبەینەوە.
- بەڵکو خوا یەکێکیان بە من بدات.
- بە پێکەنینەوە یەکێکی دیکەیان هاوار دەکات"کوا کەنیزە ئێزیدییەکەی من؟"
کێ دەیەوێت کەنیزەك بفرۆشێت من دەیکڕم، کێش دەیەوێت بە دیاری پێمببەخشێت ئەوە باشتریشە.
- من دەفرۆشم.
- بە ٣٠٠ دۆلار، ئەگەر چاویشی شینبێت ئەوا نرخی جیاوازە.
- دەکرێت بە دەمانچە بیگۆڕینەوە؟
- من پێنج دانە بە پشتم دادەکەم و لەگەڵ خۆمیان دەبەمەوە.
٥٠٠ دۆلار.
- بۆ من گرنگ نییە ئەگەر تەمەنی بچووك بێت و ددانی هەبێت یان نا، ئەگەر ددانی نەمابێت دەتوانی تاقمی بخەیتە دەمییەوە.
- من کەنیزەکێکی ئێزیدیم دەوێت، دەکرێت دوو دانە بکڕم؟
- بۆ ناکرێت ئەگەر پارەت هەبێت دەتوانین.
- من و"فاروق" نامەنەوێن.
- بچووکترین ئەندامی نێو گرووپەکەش لەو ژوورەدا کە لە سەرەتاکانی تەمەنی هەرزەکاریدایە بە پەنجەی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەویش کچێکی ئێزیدی دەوێت.
- ئەو کەسەی گرتە ڤیدیۆییەکە تۆمار دەکات دەڵێت"دەتوانیت هیچی لێبکەیت؟"
- بە پێکەنینەوە "ئەبو خالید"، "تۆش کەنیزەکێکت دەوێت؟"
- کەنیزەکە ئێزیدیەکەی تۆ مرد.

**(٥)**

## داعش ئافرەتان وەك سەرچاوەیەکی داهات بەکار دەهێنێت

ڕۆژنـامەیەکی بەریتانیـایی ڕای دەگەیەنێـت کە یەکێکـی تـر لە سـەرچاوەکانی داهاتی داعش و هاوکات ڕێگەیەکیش بۆ ڕاکێشانی شەڕوانان لە وڵاتـانی دنیـا، بازرگانی کردنە بە مرۆڤ بە تایبەتی ئافرەتان.

ڕۆژنامەی"تـایمز"ی بەریتانیـایی لە ژمـارەی ڕۆژی دووشـەممە ڕێکەوتـی (٦/١٠/٢٠١٤) لەو بارەوە دەڵێت"ڕێکخراوی داعش پشت بە بازرگانی کردن بە مرۆڤ دەبەستێت وەك یەکێك لە گرنگترین سەرچاوەکانی داهاتی".

زیـاتر دەڵێت"هەروەهـا بەو ڕێـگەیەش توانیـویەتی ژمـارەیەکی زۆر لە چەکـداران لە سەرانسـەری دنیـا بـۆ خـۆی ڕابکێشـێت لە ڕێـگەی دابینکردنـی ئـافرەت بۆیـان وەك کەنیـزەك و بەنـدە، هەر لە گەڵ گەیشـتنیان بـۆ ناوچەکـانی ژێر کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکە".

ڕۆژنامەکە ئاماژە دەکات؛ بۆ یەکەمجار ڕێکخراوەکە بناغەی ئەو بازرگانییەی لە ناوچەی قودس لە شاری موسڵ دانـا کە تیایدا ئـافرەت و منداڵ لە بەرامبەر پـارە مامەڵەیـان پێدەکرا و بەو جـۆرە سـەرچاوەیەکی داهـاتی دارایـی بـوو بـۆ ڕێکخراوەکە.

هەروەها ڕۆژنامەکە ئاماژە بۆ بوونی بـازاڕێکی تـر لە شـاری ڕەقە لە سـوریا دەکات کە تیایدا ئافرەتی ئێزیدی و کریستیان کڕین و فرۆشتنیان پـێ دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێـی سـەرنجە ئەوەیە کە نرخـی منـداڵ لەو بـازاڕانە تەنیـا(١٠) دۆلاری ئەمەریکاییە.

بە گشتی ئەو ئافرەت و منداڵانە بۆ ڕاکێشانی شەڕوانی نوێ بەکـار دەهێنـرێن، هەر چەکدارێك کاتێـك دێـتە ریزەکـانی داعش ئـافرەت و منـداڵی لە بەرامـبەر نرخێکی کەم بۆ دابین دەکرێت، کە ئەوەش پاڵنەرێکی باشە بۆ ئەوان.

**(٦)**

## UN خەمی کچانی ئێزیدی دەگێڕێتەوە

ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕاپۆرتێکیدا دەڵێت:کچانی ئێزیدی لەلایەن چەکدارانی داعش بەبارمتە گیراون، زۆربەیان تەمەنیان لە نێوان چواردە تا پانزە ساڵە و تەنانەت تەمەنی ژێر چواردەشیان لە ناودایە و کۆمەڵە کچێکیشیان خۆیان کوشتووە.
ئەو ڕاپۆرتەی ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێی ڕوانگە و گێڕانەوەی چیرۆکە تاڵەکانی کچە قوربانییەکان و خزم و کەسوکاریان ئامادەکراوە.
"دۆناتلا رۆرا"گەورە ڕاوێژکاری کاروباری کاردانەوەی خێرای ڕێکخراوی پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکان بە خەمەوە دەڕوانێتە ئەو کردەوە قیزەوەنانەی کچانی ئێزیدی کە تووشی بوونە و دەوڵەتە بەناو ئیسلامییەکەی داعش بە تاوانکاریجەنگیدادەنێت،دەڵێت:"ئەوەیداعش دەیکاتئاژەڵلێی شەرمەزارە".
بە گوتەی خاتوو"ڕۆرا"زۆربەی ئەو کچانە تەمەنیان لە نێوان چواردە تا پانزە ساڵە و تەنانەت بچووکتریشیان تێدایە و زۆربەشیان یان خۆیان کوشتووە و یانیش هەوڵی خۆکوشتنیان داوە.
هەڵبەت نە تەنیا چەکدارە داعشەکان، بەڵکوو لایەنگر و هەوادارانی ئەو تاقمە تیرۆریستەیش دەستدرێژی سێکسی کچانی کوردی ئێزیدیان کردووە".
"رندا" کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ کە لەلایەن پیاوێك و دوو براکەی دەستدرێژی کراوەتە سەر، بە ڕێکخراوی پاراستنی نەتەوە یەکگرتووەکانی گوتووە"ئەو جۆرەی لە ئێمە قەوما، یا ڕەب لە دوژمنیشت نەقەومێ، من و بنەماڵەکەم بە تەواوەتی فەوتاین".
"وەفا"ژنێکی تەمەن٢٧ساڵانی ئێزیدی هەوڵی خۆکوشتنی خۆی و خوشکەکەی دەگێڕێتەوە کە تێیدا سەرکەوتوو نەبوونە، بەڵام ڕۆژە ڕەشەکانی بەردەست داعش توانای قسەکردنی لەبەر بڕیبوو.
کچێکی تری کوردانی ئێزیدیش ڕووداوی کچێکی هاوبەندی خۆی گێڕایەوە و کاتێك فەرمانی خۆشووشتنیان پێ دابوون و جلی جوان و ڕازاوە لەبەر بکەن و خۆیان بۆ داعشە بۆگەنەکان ئامادە بکەن.
ئەو کچە خۆی توانیبووی لە دەست داعشەکانەوە ڕابکات و هاوبەندکراوکەی لەناو حەمامدا دەمارێکی خۆی دەبڕێت و خۆی بە دارەوە دەکات.

"وابزانم باش لەوە تێگەیشتبوو دوای چوونەدەر لەحەمام لەلایەن داعشە پیسەکانەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر".
بە گوتەی"رۆرا"ی گەورە ڕاوێژکاری نەتەوە یەکگرتووەکان، زۆربەی کچە بەدیلگیراوەکانی کوردانی ئێزیدی، لە لایەن داعشەکانەوە ئەشکەنجە دراون و بە زۆر دەستدرێژی سێکسیان لە گەڵ کراوە و وەکو کۆیلە هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا کراوە.

## کچانی ئێزیدی و کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی

هەواڵگەی فەرەنسا لە زمانی گەورە دەسەڵاتدارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەڵێت،"تەنانەت ئەو کچانەی کە لە دەست داعشەکانیش ڕزگاریان بووە، تووشی کێشەی دەروونی و تەنانەت کۆمەڵایەتیش بوونەتەوە".
ڕێکخراوی پاراستنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان دوای ئەو دەسکەوتە مەزنەی هێزی پێشمەرگە لە شنگال ئەو ڕاپۆرتەی بڵاو کردووەتەوە و لە ناو ڕاپۆرتەکەدا باس لە بوێری هێزی پێشمەرگە بەرامبەر بە دەوڵەتە بە ناو ئیسلامییەکەی داعش کراوە.
دوای ئەوەی داعش هێرشی کردە سەر موسڵی دووەم گەورەی شاری عێراق، ناوچەیەکی بەربڵاوی هەرێمی کوردستانیشی داگیر کرد و کوردانی ئێزیدی گەورەترین زەبری نامرۆڤانەی ئەو تاقمە تیرۆریستەیان بەرکەوت وبە کۆمەڵ ئاوارەی کێو و شار و گوندەکانی دەوروبەری شنگال بوون و خەڵکێکی زۆریشیان لێ بە دیل گیرا، پیاوەکانیان تووشی کۆمەڵکوژی بوون و کچ و ژنانی کوردانی ئێزیدیش وەکو کۆیلە هەڵسوکەوتیان لە گەڵدا کرا.
پێشووتریش نەتەوە یەکگرتووەکان چەند ڕاپۆرتێکی لەمەڕ بە کۆیلەکردنی کچ و ژنانی کوردانی ئێزیدی لە لایەن داعشەوە بڵاو کردبووەوە.

## ئەڵمانیا بە هانای کچە قوربانییەکانەوە دێت

"گێرد مولەر"وەزیری گەشەپێدان و هاوکاری ئابووری ئەڵمانیا بە ڕۆژنامەی بیلدی چاپی بەرلینی ڕاگەیاند"ئەڵمانیا سەد ژنی قوربانی دەست داعشەکان لە عێراق و سووریادا وەردەگرێت و لە گەشتەکەی بۆ عێراق لە نزیکەوە قسەی لە گەڵ پێنج کچی دەستدرێژیکراو لە لایەن داعشەوە کردووە کە توانیبوویان لە دەست ئەو تاقمە چەکدارە ڕابکەن".

وەزیرە ئەڵمانییەکە گوتی"ئێمە دەمانەوێ ناوەندێك بۆ ئەو کچ و ژنانە بکەینەوە و هەموو خزمەتگوزارییەکیشیان پێشکەش بکەین، بەڵام نابێ ژمارەیان لە سەد کەس زیاتر بێت".
"گێرد مولەر"لەو بارەیەوە گوتی"سێ لە کچەکان دووگیان بوونە و پێویستیان بە ئاگاداری و پاراستنی زیاتر بووە".
نەتەوە یەکگرتووەکان داعش بە تاوانکاری جەنگی دەزانێت و کچان و ژنانی کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان بەدیل دەگرێت، بە پیسترین شێوە هەڵسووکەوتیان لە گەڵدا دەکات.
ئەڵمانیا یەکێك لەو وڵاتانەیە کە پەنابەرێکی زۆر ڕووی تێدەکەن و پێشبینی ئەوە دەکرێ ژمارەی پەناخوازانی ئەو وڵاتە ٦٠% بەرز بووبێتەوە.
زۆربەی پەناخوازانی ئەڵمانیا خەڵکە ڕاکردووەکەی سووریا، عێراق و ئەفغانستانن کە ژیانیان بە دەست تاقمە چەکدارە تیرۆریستەکانەوە شێواوە.

(٧)

**راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی تاوانی کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی لە نێو دۆزەخی دەوڵەتی ئیسلامی داعشدا**

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لە ڕۆژی ٢٣ی سێپتەمبەر لە راپۆرتێکی ١٨ لاپەڕەیی بە ناونیشانی:(هەڵاتن لە دۆزەخ...ترس و تۆقاندن و بە کۆیلەکردنی سێکسی لە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراقدا) بڵاو کردۆتەوە، ئەم راپۆرتە هەر هەمووی تەرخانکراوە بۆ ژان و ئازاری کچان و ژنانی ئێزیدی، دوای ئەوەی لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیرکراون، یان رفێندراون. میتۆدی راپۆرتەکە لە سەر بنەمایەکی زانستی داڕێژراوە و لە سەر بنەمای قسەکردنی ٤٢ کچ و ژنی ئێزیدی نووسراوە کە توانیویانە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش هەڵبێن و پاشان لەناو کەمپی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی دیداری لە گەڵدا کردوون و قسەکانیان تۆمار کردوون.
لە سەر بنەمای ئەو قسانەی کە تۆماریان کردووە، تیمی ڕێکخراوەکە دوای پێشەکی و خستنەڕووی میتۆدی راپۆرتەکەیان، لێکۆڵینەوەکەیان دابەشکردووە بۆ چەند بەشێك کە بریتین لە:

١- هەتککردن و بە کۆیلەکردنی سێکسی.
٢- ناچاربوون بە خۆکوشتن.
٣- ئەنجامدەرانی تاوانەکان.
٤- ترس و تۆقاندن وەك چەکێك بۆ حوکمڕانی.
٥- ڕێگەیەکی سەخت و دژوار بۆ دووبارە ڕێکخستنەوەی ژیانی ئەوانەی بە کۆیلە کراون.
٦- رەفتاری دەوڵەتی ئیسلامی: تاوانی شەڕ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی.
٧- کۆباس و راسپاردەکان.

لەبەر ئەوەی راپۆرتێکی تێروتەسەلە ئێمەش پوختەیەکی لێ بڵاو دەکەینەوە.

**پاکیزەکانی کوردی ئێزیدی:**
**لێکیان جیاکردینەوە و هەتکیان کردین**

لەبەر ئەوەی رەفتاری وەحشیگەرانە و نامەردانەی داعش بەرامبەر کچان و ژنانی ئێزیدی هەموو سنوورەکانی زەوی و ئاسمانی بەزاندووە.

ئەوەی بەرامبەر یەکێك لەو ژن و کچانە کراوە، بەرامبەر ئەوانی دیکەش هەمان رەفتارکراوە، بۆیە راپۆرتەکە لە هەر بەشێکدا لێدوانی چەند کچ و ژنی ئێزیدی بڵاو کردۆتەوە:
"ئاروا"ی تەمەن ١٥ ساڵ کە لە سەرەتای مانگی ئاب لە هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر شنگال خۆی و دایکی و خوشکەکانی لە گەڵ ٦٢ کچ و ژن و منداڵی خزم و کەسوکاری و سەدان ئافرەتی دیکەی ئێزیدی لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە دەستگیر کراون، براونەتە سووریا و پاشان وەك کۆیلە مامەڵەیان لە گەڵ کردووە و بەمجۆرە بۆ رێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی قسەی کردووە:
«یەکەمجار ئێمەیان برد بۆ سووریا بۆ شوێنێك لە نزیکی حەسەکە، لەوێ لە ناو خانوویەکدا لە گەڵ ژمارەیەك کچی دیکە بەندیان کردین، پاش ١٠ ڕۆژ، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ گرووپێك لە ئێمەیان گواستەوە بۆ موسڵ لە عێراق، دوای ئەوە من و خوشکەکەم و لە گەڵ ژمارەیەك لە ئامۆزاکانم بردیانین بۆ بێجی، هەروەها چوار خوشکم و دوو لە ئامۆزاکانمیان برد بۆ سووریا، لە بێجی ئێمەیان لە دوو شوێنی جیاواز هێشتەوە و پاش سێ ڕۆژ من و ئامۆزا تەمەن ١٣ ساڵەکەمیان برد بۆ رامبوسی نزیکی شنگال، دایکم و خوشکیشمیان برد بۆ گوندێکی دیکە کە تا ئێستاش لە گەڵ خزمەکانمان هەر لەوێن.
لە رامبوسی لە خانوویەکیان داناین لە گەڵ پێنج کچی دیکە، لەوێ کچەکان لێیان دەپرسیم: چییان لێکردووم؟ ئایا هەتك کراوم؟ ئامۆزاکەم دەیویست لەوێ بمێنێتەوە و هەر لەوێ شوو بکات، بەڵام دواتر وازی لەو بیرکردنەوەیە هێنا و لە گەڵ من بەرنامەمان دارشت ڕابکەین، یەکێك لە کچەکانی نێو ئەو خانووەی ئێمەی تێدا بوو، دەیگووت: من هەتك نەکراوم، بەڵام گومان هەبوو لەوەی راست بکات، چونکە هەموویان هەتك کرابوون، ئەو پیاوانەی ئێمەیان هەتك کرد، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، ئەوان هەڕەشەی ئەوەیان لێدەکرین ئەگەر ئێمە خۆمان بکوژین، ئەوان هەموو کەسوکارمان کە لە لایان کۆیلە بوون، دەیکوژن».
لە راپۆرتەکەدا چیرۆکی"رەندە"ی تەمەن ١٦ساڵیش بڵاوکراوەتەوە، "رەندە" و دایك و باوکی و خوشك و براکانی لە ڕۆژی ٣ی ئاب لە گوندێکی خوار شنگال کەوتبوونە دەستی تیرۆریستانی داعش و ئەو یەکێکە لەو سەدان کچە فرۆشراوانە و کراوە بە دیاری بۆ پیاوێك کە ناوی (سەلوان)ـە و تەمەنی زۆر لە خۆی گەورەتر بووە،"رەندە" بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە:
«منیان برد بۆ موسڵ، بە درێژایی ئەو ماوەیە دەستبەسەر بووم، سەرەتا منیان بردە شوێنێك کە پێیان دەگوت: (مقەڕ) واتە بارەگایەکی تیرۆریستانی داعش،

ئێمه لەو شوێنه نزیکەی١٥٠کچ و پێنج ژن بووین، لەو مقەڕە پیاوێك که ناوی سەلوان بوو، من و ئامۆزا تەمەن١٣ساڵەکەمی برده ماڵێکی شپڕێو، لەو ماڵه پەلاماری دام، من خۆم به دەستەوه نەدا، زۆری لێدام و ملم بریندار بوو، بۆیه نەمتوانی له ژێر دەستی دەرباز بم، بەڵام نەیتوانی هیچ له ئامۆزاکەم بکات و نەیوست به زۆر ئەویش هەتك بکات، دوای ئەوه بەرنامەمان دانا و ڕامانکرد، دوای ئەوه سەردانی دکتۆرم کرد، دکتۆر گوتی دووگیان نەبوویت و هیچ نەخۆشیەکت نییه، بەڵام ناتوانم قەت ئەوەم له بیر بچێتەوه که تیرۆریستانی داعش بەسەریان هێنام، ئەوەی بەسەر من و خێزانەکەمیان هێناوه زۆر ئازاربەخشه، داعش هەموو ژیانی ئێمەی تێکدا، دایکم لەو کاته منداڵی بوو که کۆیله بوو لەبەر دەستی داعش له تەلەعفەر، ئێستا له موسڵ کۆیله کراوه له گەڵ خوشکه بچووکەکەم و کۆرپه تازه له دایکبووەکەی، براکەم که تەمەنی ١٠ساڵه له دایکمیان جیاکردۆتەوه ئێستا لای پوورمه له تەلەعفەر، من نازانم ئەوان چییان بەسەر هاتووه، نازانم جارێکی دیکه دەیانبینمەوه، یان نه؟»

چیرۆکی ئەو دوو پاکیزەیە(ئاروا و رەنده)دووسەد چیرۆکی هاوشێوەی دیکەیه که تیمی رێکخراوی نێودەوڵەتی له ٢٠٠ ئافرەتی دیکەی بیستووه، ئەویش چیرۆکی وەحشیگەری و رەفتاری نامەردانەی تیرۆریستانی داعشه که له گەڵ کچ و ژنه کۆیلەکانی کورد کردوویانه، ئەو دوو سەد چیرۆکه هەر یەکەیان چیرۆکی سەدان و هەزاران کچی کوردی ئێزیدییه که ئێستا له جوگرافیای دەوڵەتی ئیسلامی له سووریا و عێراق پەرتکراون و هەر ڕۆژه و به جۆرێك کەرامەتیان پێشێل و هەتك دەکرێت.

خاتوو"ئەلیسا" لەگەڵ منداڵەکانی توانیوویەتی هەڵبێت و لەچنگی تیرۆریستانی داعش رزگاریان بێت، ئێستا له هەرێمی کوردستانه، بەڵام بەشێکی زۆر له خزم و نزیکەکانی ئێستا له بەردەستی داعش بوونەته کۆیله. "ئەلیسا" له مانگی نۆڤەمبەر بەتیمەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی راگەیاندووه، بەم دواییه هەواڵی کچه برازاکەی که تەمەنی ١٦ ساڵه زانیوه و باسی ئەوەی کردووه که هەموویان کراون به کۆیله و به پووری گوتووه: هەموو کچ و ژنەکان یان به زۆر ماره کراون، یان هەتك کراون.

ئەگەر به تەنیا سەرنج له قسەکانی "ئاروا"بدەین، ئەوا به راشکاوانه ئەو پەیامه دەخوێنینەوه هەموو ئەو عەرەبه سوننانەی دوای داعش کەوتوون و خیانەتیان لەو پێکەوەژیانەی نێوان کورد و عەرەب کردووه، ئەوانەن که بەو جۆره کەرامەتی نەتەوەییمان دەشکێنن،"ئاروا"راشکاوانه به رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی راگەیاندووه، هەموویان عەرەبی عێراقی بوون، دیاره "ئاروا" که

خەڵكی شنگاله زمانی عەرەبی به ئاستێك دەزانێت كه به ئاسانی شێوازەكانی نەك نێوانی عەرەبی عێراق و سووریا، بەڵكو شێوه زارەكانی نێو عێراقیش جیادەكاتەوه.

**جیلان خۆی كوشت پێش ئەوەی سەمای پێبكەن و هەتكی بكەن**

باوكی"جیلان"لەمانگیئەیلوولبەرێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی راگەیاندووه كه پێش دوو هەفته هەواڵی ئەوەی بۆ هاتووه "جیلان"ی كچی خۆی كوشتووه، ئەم هەواڵه له مانگی نۆڤەمبەر ئەو كۆمەڵه كچه پشتڕاستیان كردۆتەوه كه توانیویانه پاشتر ڕابكەن، یەكێك لەو كچانه كه ناوی"لونا"یه بەمجۆره ئەم رووداوەی بۆ رێكخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پشتڕاست كردۆتەوه:

« ئێمه ٢١ كچ بووین، دووان له كچەكان تەمەنیان له نێوان ١٠-١٢ ساڵاندا بوو، ڕۆژێكیان هاتن جلیان داینێ وەك جلی راقیسه وابوو، پێیان وتین: بچن خۆتان بشۆن و ئەو جلانه لەبەر بكەن، جیلان كچێكی جوان بوو، ئەو دەیزانی كه دوای خۆشووشتن و لەبەركردنی ئەو جلانه هەتكی دەكەن، بۆیه كه چووه ناو حەمامەكه لەوێ وایەری دیواری حەمامەكەی لێكردبووەوه و به وایەرەكه خۆی كوشت».

هەر لەسەر ئەم بەسەرهاته دوو كچی دیكەش كه شاهیدحاڵی ئەو رووداوه بوون، یەكێكیان تەمەنی ١٧ و ئەوی دیكەشیان تەمەن ١٠ ساڵه زانیارییەكانی "لونایان" پشتڕاست كردۆتەوه. لەمەش زیاتر راپۆرتەكه چیرۆكی كچێكی دیكەی كوردی ئێزیدی تۆمار كردووه، چیرۆكی ئەوەیان چیرۆكی بڕیاردانی هەڵاتن، یان خۆكوشتن بووه و بەمجۆره گێڕاویەتیەوه:«لەبەر چاوی خۆم هەر سێ خوشكەكەم كه تەمەنیان ١٣ و ١٥ و ١٨ ساڵ بوون، بردیانن و هەتكیان كردن، بۆیه بیرم كردەوه خۆم بكوژم، لەبەر ئەوەی بەرگەی ئەوەم نەدەگرت كه دەمبینی، دەترسام منیش وەك ئەوان هەتك بكەن، ئامۆزاكەم تەمەنی ١٠ ساڵ بوو، ئەویش له گەڵ من بوو، بۆیه بەرنامەمان دانا و هەڵاتین، دوو خوشكه هەرزەكارەكەم كه تەمەنیان١٣و١٥ساڵه، جارێك تەلەفۆنیان بۆ باوكم كردووه و پێیان وتووه ئەوان له موسڵن و به زۆر مارەكراون، بەڵام هیچ هەواڵێكی خوشكه تەمەن ١٨ ساڵییەكەم نییه، بۆیه نازانین ماوه، یان مردووه».

**تاوانبارانی ئەم تاوانه تەنها داعش نین**

ئەو دیمەنانەی لە راپۆرتەکەی رێکخراوی نێودەوڵەتی زیاتر ئازاری هەر تاکێکی کوردستان دەدات، ئەوەیە کە ئەو تاوانە نامرۆڤانە و نامەردانەیەی بەرامبەر کەرامەتی نەتەوەییمان کراوە تەنها تیرۆریستانی داعش تێیدا بەشدار نەبوون، بەڵکو وەك ئەو راپۆرتە راستگۆیانە دیمەنەکانی تۆمارکردووە، کەسوکاری تیرۆریستانی داعشیش لەو تاوانانە بەشدار بوون، لەبەر ئەوەی ئەو عەرەبانەی سەدان ساڵە لەگەڵ کوردانی ئێزیدی پێکەوە دەژین و ئاگاداری مێژووی پێکەوەژیانی کورد و عەرەبن، بەوە رازیبوون کە دەیان هەزار کچ و ژنی ئێزیدی بکرێنەگرووپی ٤-٦ کەسیو لەنێو خەلافەتەکەی دەوڵەتی ئیسلامی داعش هاتووچۆیان پێبکرێت، رازیبوون کچەکانمان بکڕن و بیانکەنە ژنی خۆیان و بۆ ئەم کارەشیان ئایەتی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) بکەن بە پاکانە بۆیان، لەمەش خراپتر دانیشتووانی موسڵ و تەلەعفەر و تکریت ئەم دیاردەیە قبووڵ دەکەن و رێز لەو پیاوانە دەگرن کە بازرگانن و کچان و ژنانی ئێزیدییان کڕیوەتەوە.
راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بە پێی ئەو راستییانەی ئەو کچ و ژنانەی لە دۆزەخی داعش هەڵاتوون، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، ئەو پیاوانەی بەشداربوون لە هەتکردن و سووکایەتی پێکردن بە ژنان و کچانی ئێزیدی، عەرەبە سوننەکانی سووریاو عێراقنو لە گەڵ هەندێك لەو کڕیارانەی کچ و ژنەکانیان کڕیوە. راپۆرتەکە بۆ پشتڕاستکردنەوەی قسەی ئەو پاکیزانە قسەی لە گەڵ دانیشتووانی تەلەعفەر و موسڵ کردووە، ئەوان زۆر بێباکانە بە رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتییان راگەیاندووە"بەڵێ لە تەلەعفەر و موسڵ ئەو حاڵەتە هەیە کە عەرەبەکان کچان و ژنانی ئێزیدییان کڕیبێتو پاش ئەوەی ئایینەکەیان پێگۆڕیون و لەسەر شەرعی خوا مارەیان کردوون و ئێستا ژنی ئەو پیاوانەن، لەمەش زیاتر ئەو پیاوانە بەخێویان دەکەن و مامەڵەشیان زۆر باشە لە گەڵ ئەو کچ و ژنانە و پیاوەکانیش پیاوی بەڕێز و ماقووڵن لە ناو کۆمەڵگە! ".
ئەگەر سەرنج لە قسەی خەڵکی ئاسایی تەلەعفەر و موسڵ بدەین، ئەوان خۆیان بە شانازییەوە شەرعییەتی ئەو کارە نەك هەر بە تیرۆریستانی داعش دەدەن، بەڵکو خۆشیان کچان و ژنانی ئێزیدی وەك شمەك دەکڕن و لە خۆیانی مارە دەکەنو لەمەشزیاتر بە قوڕئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) شەرعییەتی پێدەدەن! لەسەر ئەم پرسە راپۆرتەکە وتەی یەکێك لە پاکیزەکانی دیکەی کوردی ئێزیدی بەناوی"فەوزیە"ی تەمەن١٨ ساڵ بڵاوکردۆتەوە کە بەمجۆرە باسی کردووە:

«لە١٠ڕۆژی یەکەمدا ئێمەیان لە خانوویەکدا دەستبەسەر کرد و لەو ماوەیە گێچەڵی سێکسییان پێنەدەگێڕاین، خواردنیان بۆ دەهێناین و بە تەنیابووین، دواتر پێیان وتین هەر یەك لەئێوە یەکێك لە تیرۆریستانی داعش هەڵبژێرن و مێردیان پێبکەن، هەتا ئەو کاتە ئێمە کە زیاتر لە ١٠٠کچ بووین، هەموو پێکەوە بووین، دوای ئەو ١٠ ڕۆژە ئینجا ئێمەیان دابەشکرد بۆ گرووپ، هەر گرووپێك شەش کچ و هەر گرووپێکیان بردە ماڵێك لە رامبوسی، لەو خانووەی من لێی بووم هەر کچێکیان دایە تیرۆریستێکی داعش، تیرۆریستەکانی داعش تەمەنیان لە نێوان ٣٠-٤٠ ساڵ بوو، کچەکانیش تەمەنیان لە نێوان ١٥-٢٠ ساڵ بوو، ئەو پیاوەی وەك ژنی خۆی منی برد، تەمەنی٣٠ ساڵ بوو، هەر وەك ژنی خۆیشی بۆ ماوەی چوار ڕۆژ لە گەڵم نووست، پاشان منی بردە موسڵ بۆ ماڵەکەی خۆی و منی بردە ژوورێك بۆ لای ژنەکەی پێشتری، دایك و باوکی ئەم تیرۆریستەش هەر لە ماڵەکەدا بوون، ئەوان هەقیان بەسەر کوڕەکەیانەوە نەبوو، بەڵام پێیان گوتم: ئەگەر ئایینەکەت نەگۆڕی بۆ ئیسلام، ئەوە تۆ ناتوانی ژنی کوڕەکەمان بیت و دەبێت بتفرۆشێت، پاشان من و ژنەکەی و منداڵەکانی لە گەڵ خۆی هێنا بۆ رامبووسی و ئەو تیرۆریستە بە منی گوت: کە گەڕاینەوە بە دیاری دەتبەم بۆ ئەمیر، لەوێش کۆمەڵێك کچی دیکەی لێبوو کە بە دیاری برابوون بۆ ئەمیر، بۆیە بەرنامەمان دانا و توانیمان هەڵبێین».

ئەمقسانە پێمان دەڵێت،تیرۆریستانیداعش بەرهەمیکەلتووریئەو کۆمەڵگەیەن کە قەومییەتی شۆڤێنی بەرامبەر نەتەوەی کورد بەرهەم هێناوە، بۆیە ئەوانەی بە وەحشیگەری داعش لە دژی کورد سەرسامن، زۆر زەحمەتە جارێکی دیکە بتوانین لە گەڵیاندا بژین.

**ترس و تۆقاندن وەك چەکێك**

لە ڕۆژی ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ ئامۆژگای برۆکینگز لقی دۆحە کۆڕێکی بۆ چوار پسپۆر و ئەکادیمی بە ناونیشانی:(سووریا و عێراق: ئاسۆی ئایندەی جیهادیزم - Syria and Iraq: The Future Prospects of Jihadism) گرێدا، کۆڕەکەش بە عەرەبی و ئینگلیزی بەم ناونیشانە لە یوتوب دانراوە، هەروەها ئەوانەی لەم کۆڕەشدا بەشداربوون بەشی هەرە زۆریان ئەو ئەکادیمییانەی عەرەب بوون، ئەم کۆڕە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بە شێوەیەکی راستەخۆ لە کەناڵی ئەلجەزیرە بۆ هەموو جیهان پەخشکراوە، لە خولەکی ٦٨ یەکێك لە ئەکادیمییەکانی عەرەب باسی لەوە کرد کە چەند ڕۆژێکە لە ئەڵمانیا گەڕاوەتەوە و رەخنەی لەوەش گرت کە پرسی

تیرۆریستانی داعش و خەلافەتە ئیسلامییەکەی زۆر گەورە کراوە و داعش لایەنی خراپی نییە، بەڵکو کاری زۆر باشیشی کردووە، ئەو کارە باشانەشی بریتین لە:

١- داعش توانی پڕۆژەی دەوڵەتی کوردستان تێکبدات.

٢- داعش توانی پڕۆژەی هیلالی شیعی رابگرێت.

٣- داعش لە ڕۆژی١٢ی ئاب ڕۆژنامەنووسە ئەمریکییەکەی سەربڕی، ئەوەش وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر ئەمریکا بووە کە لە ٨ی ئاب هێرشە ئاسمانییەکانی دەستپێکردووە.

٤- هەتا ئێستاش داعش هێندەی عەبدولفەتاح سیسی سەرۆکی میسر خەڵکی نەکوشتووە.

دیارە ئەم کۆڕە ئەکادیمییە ئاست بەرزە کە ئامۆژگای برۆکینگز سەرپەرشتی دەکات، هێمایە نەك بۆ بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی عەرەب، بەڵکو هیمایە بۆ ڕەگ و ریشەی شۆڤێنی عەرەبی و ئەو ژینگەیەی ئەو گوتارە شۆڤێنییەی بەرهەم هێناوە. تیرۆریستانی داعش لە خۆڕا نییە شانازی بە سەربڕین و بە کۆیلەکردن و هەتك کردن و کڕین و فرۆشتنی کچانی کوردی ئێزیدییەوە دەکەن، سەدامیش بە بێ بنەما کچانی ئەنفالکراوی کوردی نەفرۆشتووە، بۆیە وەك لە راپۆرتەکەی رێکخراوی نێودەوڵەتی هەوڵدراوە ئەم لایەنە شیکار بکرێت، راپۆرتەکە موناقەشەیەکی بڵاوکردۆتەوە کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لەسەر ئەم پرسەکراوە، هەستدەکەین عەرەبە ئەکادیمیستەکان لە کۆڕەکەی دۆحە چۆن قسەیان کردووە، تیرۆریستانی داعشیش هەمان قسەیان لە بڵاوکراوەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە، داعش بەمجۆرە تەفسیری مامەڵەی وەحشییانەی لە گەڵ کوردی ئێزیدی کردووە:

«جیاواز لە جوولەکە و کریستیان، لە ئیسلامدا جزیە ئێزیدی ناگرێتەوە، (واتە جزیە بدەن و لەسەر ئایینی خۆیان بن)، هەروەها دەبێت ژنەکانیشیان بکرێن بە کۆیلە دوای ئەوەی دەستگیر دەکرێن، بۆیە بە پێی شەریعەتی ئیسلام ئەو ژنان و کچانەی ئێزیدییەکان دوای ئەوەی پێنجیەکی لێ جیادەکرێتەوە بۆ خەلیفەی موسڵمانان، ئەوا ئەوانی دیکە بەسەر ئەو چەکدارانە دابەش دەکرێن کە بەشدارییان کردووە لەگرتنی شنگالو ئەو شوێنانە لەمەش زیاتر بە کۆیلەکردنی ژنی کافرەکان مامەڵە لە گەڵ کردنیان وەك سەبایا، ئەمە تەئکید کردنەوەیە لەسەر بنەماکانی شەریعەتی ئیسلام.»

ئەگەر سەرنج بدەین و قسەکانی بڵاوکراوەکەی داعش بەراورد بکەین بەو قسەیەی ئەکادیمیستێکی عەرەب کە بە ئینگلیزی و عەرەبی بۆ هەموو جیهان

بڵاوکراوە، هێشتا قسەکەی داعش ماقووڵترە بەرامبەر بە کورد وەك لە قسەی ئەو ئەکادیمستە عەرەبە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە لەو کۆڕەدا کە زیاتر لە ١٠٠ ئەکادیمی عەرەب بەشداری بوون، یەکێکیان رەخنەیان لە قسەکەی ئەو دکتۆرە عەرەبە نەگرت.

**چۆن ئەو کچ و ژنە دیلانە دووبارە قەرەبوو دەکرێنەوە؟**

لایەنێکی دیکەی راپۆرتەکەی رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، باسکردنە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی ئەو کچ و ژنانەی کە لە دوای ڕاکردنیان لە دۆزەخی داعش، دووچاری کۆمەڵێك گرفت بوونەتەوە و ئەگەر هاوکاری نەکرێن، زەحمەتە بەرگەی بگرن. سەبارەت بەم لایەنە راپۆرتەکە بەمجۆرە باسی لەو تاوانە کردووە کە بەسەر کچان و ژنانی کوردی ئێزیدی هاتووە:

١. ئەو کچ و ژنانەی هەڵاتوون، دیارە پێشتر کەسوکاریشیان دەست داعش کەوتوون، بۆیە ئەوان کە هاتوون، دایك و خوشك و کەس و کارەکانیان هەر لەبەر دەستی داعش کۆیلەن.

٢. راپۆرتەکە لە گەڵ ئەوەی ئاماژەی بە لێدوانێکی بابەشێخ (میری ئێزیدییان) داوە بەوەی لە ئابی ٢٠١٤ گوتوویەتی ئەوانەی بە زۆر کراون بە ئیسلام و ئەو کچ و ژنانەی بە کۆیلە کراون و دەستدرێژی سێکسییان لە گەڵ کراوە، ئەوانە هەموویان پێشوازییان لێدەکەین و دێنەوە ناو کۆمەڵگەی خۆمان و چاودێرییان دەکەین، هەروەها ئەو پیاوانەی ئێزیدیش کە کچان و ژنانی خزم و کەسوکاریان بە کۆیلە کراون لە لایەن داعشەوە و چاوپێکەوتنیان لە گەڵ میدیاکان کردووە، جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، وێڕای ئەو هەموو ئازار و ئەشکەنجانەی کە لە ماوەی کۆیلە بوونیان چەشتوویانە، بەڵام پاشەڕۆژی ئەو کچ و ژنانەیان فەوتاند، لەبەر ئەوەی ئەوان لە لایەن تیرۆریستانی داعشەوە هەتك کراون و ناتوانن هاوسەرگیری بکەن.

٣. هەندێك لەو کچانەی لە ماوەی کۆیلە بوونیان لای تیرۆریستانی داعش دەستدرێژی سێکسیان کراوەتە سەر، بەڵام باسی ناکەن و دەڵێن دەستدرێژی نەکراوەتە سەرمان، هۆکاری شاردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری ئایینی ئێزیدی کە شووکردن بە کەسێك لە دەرەوەی ئایینی ئێزیدی و سێکس لە دەرەوەی هاوسەرگیری قبووڵ ناکرێت، لە لایەکی دیکە ئەو کچانە کەسوکارە نزیکەکانیان ئێستا لای داعش کۆیلەن، بۆیە کەسێکی نزیك شك نابەن، هەتا بۆی باس بکەن.

٤. راپۆرتەکە بۆ پیشاندانی ئەو تاوانەی بەسەر ژنان و کچانی ئێزیدی هاتووە، ئاماژەی بەوە کردووە بارودۆخی ئەوان ئێستا(بارودۆخی Catch-٢٢ Situation)ـە، کە ئەم حاڵەتەش ناونیشانی رۆمانێکی جۆزیف هیلەرە کە لە ساڵی ١٩٥٢ لەسەر بارودۆخی ساڵانی ١٩٤٢- ١٩٤٤ی جەنگی دووەمی جیهانی نووسراوە. نووسەرانی ئەم راپۆرتە بۆ ئەوەی گەورەیی قەبارەی ئەم تاوانە بۆ جیهان بخەنەڕوو، ئەو ناونیشانەیان بۆ هەڵبژاردووە و خەڵکی ڕۆژئاواش بێگومان بەو رۆمانە ئاشنان، یان دەتوانن ئەو رۆمانە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بزانن ئەوەی ١٩٤٢ـ١٩٤٤ بەسەر هەموو مرۆڤایەتی هات، ئێستا ئەو تاوانە گەورەیە بەسەر کوردی ئێزیدی دووبارە بۆتەوە.

**داعش بەردەوامە لە ئەنجامدانی**
**تاوانی شەڕ و تاوانی دژە مرۆڤایەتی**

رەفتارە وەحشیگەرییەکانی تیرۆریستانی داعش تەنها تاوانی شەڕ نین، بەڵکو تاوانی دژ بە مرۆڤایەتیشن، هەر بۆیە ئەگەر داعش بە یاسای شەڕ قسەی لە گەڵ بکرێت، ئەوا هەموو تاوانەکانی جەنگی ئەنجامداوە، بە پێی ئەو یاسایەش دەبێت هەر کەسێك ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت، دەبێت دادگایی بکرێت، بە یاسای مرۆڤایەتیش (IHL) مامەڵەیان لە گەڵ بکرێت، ئەوا هەموو تاوانەکانی دژە مرۆڤایەتی وەك هەتک کردن، بەکارهێنانی توندوتیژی سێکسی وەك چەکێك لە شەڕەکەدا بەکارهێناوە، ئەمانە جگە لەوەی وەك تاوانی جەنگ و تاوانی مرۆڤایەتی حیساب دەکرێت، لە هەمان کاتدا وەك کارێکی سیستماتیك بۆ ئەنجامدانی جینۆساید لە قەڵەم دەدرێت.

**کۆباس و راسپاردەکان**

لە کۆتاییدا راپۆرتەکە ئاماژەی بەوە کردووە وێڕای ئەوەی رەفتارەکانی داعش لەسەر ئاستی جیهان زۆر بە فراوانی سەرکۆنە دەکرێت، بەڵام وەك دیارە تیرۆریستان نییەتی ئەوەیان نییە کۆتایی بە تاوانکاری بهێنن و لەسەر تاوانی مرۆیی و تاوانی شەڕ بەردەوامن.
ئەو ئافرەتە قوربانییانەی کە لە ژێر دەستی داعش هەڵاتوون و هەموویان دەستدرێژی سێکسییان کراوەتە سەر، بە ئاستێك رەفتاری دڕندانەیان بەرامبەر کراوە کە زمان ناتوانێت باسی بکات، لەمەش زیاتر ئەم راسپاردانەی لەسەر ئەو ژن و کچە ئێزیدییانە بڵاو کردۆتەوە:

١. حكومەتی هەرێمی کوردستان و ئاژانسی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە مرۆییەکان بە تەنگیانەوە چوون و لە شوێنێکدا دایناون، بەڵام دەبێت دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ ئەو قوربانییانە بە ئاستی پێویست بێت، هەروەها شوێنەکەشیان دەبێت لە رووی جوگرافی و داراییەوە ماقووڵ بێت.
٢. ئەو قوربانییانە پێویستیان بە کات و بە دووبارە ئامادەکردنەوە هەیە، دەبێت هەتا دەگەنەوە ئەو ئاستە بەردەوام بە زانیاری تازە مامەڵەیان لە گەڵدا بکرێت .
٣. دەبێت خزمەتگوزاری تەندروستی و دەروونی و کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکرێت، هەروەها دەبێت بەو زمانە بەردەوام قسەیان لە گەڵ بکرێت کە خۆیان بە باشی تێیدەگەن، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی باری ئاڵۆزی دەروونیان بەرەو ئارامی بچێت، هەروەها پێویستە ئەو قوربانییانە و ئەوانەی دیکەش کە لە دۆزەخی داعش هەڵدێن و دەگەنە ئەو ناوچانە پشکنینی تەواوی تەندروستییان بۆ بکرێت، بە تایبەتی پشکنینی ڤایرۆسی ئایدز(HIV).

## (٨)

## بەربەریەتی داعش بەرامبەر ژن
## بەکارهێنانی ژن وەك چەکێکی سایکۆلۆژی بۆ بە کۆیلەکردن و خەڵاتی شەڕ
## دامەزراندنی فیرقەی خەنسا بۆ جیهادی نیکاح

‘‘شەڕانگێزەکان ناتوانن جیهان کاول بکەن،
ئەوەی دنیا کاول دەکات،
بێدەنگبوونە بەرامبەر رەفتاری شەڕانگێزەکان’’
ئەلبێرت ئەنیشتاین

سەنتەری وۆردۆ ولسن نامیلکەیەکی بە ناونیشانی:« بەربەریانیزم: داعش وەك هەڕەشەیەکی توند بۆ سەر ژنان»بڵاو کردۆتەوە، ئەم نامیلکەیە لە ١١ کۆمێنت پێکهاتووە کە١١خانم لە سەرانسەری جیهان نووسیویانە و تیایدا خانمێکی کورد بەناوی زەکیە حەقی و خانمێکی عێراقی بەناوی سەفیە سوهێل بەشدارییان تێداکردووە، هەریەکەیان بەتێڕوانینی خۆی هەم شرۆڤەی سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتە ئیسلامییەکەی دەکەن، هەمیش زۆر راشکاوانە ئەو رەفتارانەی(داعش)یان خستۆتەڕوو کەبەرامبەر ژن کردوویەتی، بە تایبەتی دوای داگیرکردنی شنگال و بە کۆیلەکردن و فرۆشتنی کچان و ژنانی کوردانی ئێزیدی، شەبەك، تورکمان، کریستیان و عەرەب، هەروەها هەوڵدان بۆ گۆڕینی ئایین و مەزهەبەکانیان. بە گرنگمان زانی لەم پەرتووکەدا پوختەی هەندێك لەو بۆچوونانە بخەینەڕوو.

## بێدەنگی و بێ هەڵوێستی دەوڵەتانی عەرەبی جیهانی کەڕ کردووە



سەرەتا پرۆفیسۆر هالە ئەسفەندیار کە خانمێکی فارس زمانی خەڵکی ئێرانە و تۆێژەرە لە سەنتەری ناوبراو، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە دوای داگیرکردنی موسڵ لە لایەن داعشەوە، ئەبوبەکری بەغدادی لەسەر مینبەرەوە خەلافەتی ئیسلامی راگەیاندووە و لە ناو ئەم دەوڵەتی خەلافەتەدا سیستەمێك پەیڕەو دەکرێت کە لەسەر ئەم بنەمایانە دارێژراوە:« کۆمەڵکوژی، سەربڕین و لە سێدارەدان، گۆڕینی ئایین بە زۆر، دەرکردنی بە کۆمەڵ»، لەمەش زیاتر تیرۆریستەکانی ئەبوبکر بەغدادی شارەکان تاڵان دەکەن، مۆنۆمێنتەکان دەشکێنن، مەزارگە و کەنیسە و حوسەینییەی شیعەکان و دێر و شوێنی ئێزیدییەکان و هەر شتێك لە گەڵ بیروبۆچوونی ئایینی ئەوان نەگونجێت، دەیتەقێننەوە، بەڵام سەرباری هەموو ئەم کارە دڕندانانە رەفتارە وەحشییانە و بەربەرییەکانیان بەرامبەر بە ئافرەت شێوازێکی تایبەتییە و ئافرەت بە هەردوو شێوازی دیاری و ئامانج مامەڵەی لە گەڵدا دەکرێت. کاتێك تیرۆریستانی داعش شوێنەکان دەگرن، ئافرەت لە هەر تەمەنێکدا بێت، دەیگرن و پاشان وەك کۆیلە دەیانفرۆشن و وەك سەبایەش بەکاریاندەهێنن و ناچاریان دەکەن لە گەڵ تیرۆریستان سێکس بکەن، بۆیە ئافرەتان لە هەرتەمەنێکدا بووبن، لە بەردەستی داعش هەتك کراون، ژنە کریستیانەکان و ئێزیدییەکان ناچار کراون ئایینی خۆیان بگۆڕن.

دوای خستنەڕووی ئەم ڕاستییانە خاتوو هالە ئەسفەندیار ئاماژە بەوە دەکات خەلافەتی ئیسلامی داعش ئەو هەموو ڕەفتارە دڕندانە و وەحشیگەرییانەی ئەنجامداوە، کەچی وڵاتانی عەرەبی بەرادەیەك بێدەنگن لە بەرامبەر تاوانەکانی داعش کە بێدەنگییەکەیان کەڕی کردووین، بۆیە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین کە: ئەو حکومەتە عەرەبییانەی شانازییان بە خۆیانەوە دەکرد، بەوەی کە هێندە ژمارەی ژن لە قوتابخانە و زانکۆ و خوێندنی باڵا دەخوێنن و هێندە ژمارەیان لە حکومەت بەشدارن و هێندە ژمارەیان چالاکوانن لە بواری کۆمەڵایەتی، ئەو حکومەتانە هەموویان ئیمزایان لەسەر ڕێککەوتنە جیهانییەکان بۆ پاراستنی مافی ژن کردووە، ئیمزایان لەسەر مافەکانی مرۆڤ کردووە، بۆچی لە بەرامبەر بە کۆیلەکردنی ژنانی کریستیان و ئێزیدی و تەنانەت عەرەبیش بێدەنگییان هەڵبژاردووە؟ بێگومان ئەم بێدەنگییانەی دەوڵەتانی عەرەبی مانای ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت جیهان بگێڕنەوە بۆ سەدەی حەوتەمی زایینی و نیمچە دوورگەی عەرەبی، ئەو سەردەمەی کە کچی کۆرپەلەیان زیندەبەچاڵ دەکرد و شەرمیان لە بوونی کچ دەکرد.

**٦٠ هەزار ئافرەتی دووگیان لە ژێر هەڕەشەی داعشدان**



خاتوو ڕۆبین رایت کە ئەویش هەم توێژەرێکی بەتوانایە و هەمیش ڕۆژنامەنووسێکی ناسراوە، لە کۆمێنتەکەی خۆیدا ئاماژەی بەوە کردووە،

ئەوەی داعش بەرامبەر بە ژنان کردوویەتی و راپۆرتی لەسەر کراوە، وەك بە کۆیلەکردن و ئەوەی کە کڕین و فرۆشتنیان پێدەکات، ئەو راپۆرتانەن کە ناڕاستەوخۆ لەسەر زاری خەڵکانی دیکەوە وەرگیراون، لەمەدا رۆبین رایت ئەوەمان پێدەڵێت ئەو کۆمەڵگە تاریك و داخراوەی خەلافەتەکەی داعش دروستی کردووە، ڕێگا نادات ڕۆژنامەنووس و چالاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تەواوەتی راستی تاوانەکان و بەربەریەتی داعش ببینین، بەو حاڵەتەشەوە ئەوە دەرکەوتووە کە تیرۆریستانی داعش بە شێوازی دڕندانە و جیاواز مامەڵە لە گەڵ ئافرەتان دەکەن، وەك (رفاندن، هەتککردن، کۆیلەکردنی بە ئاشکرا، جیهادی نیکاح لە گەڵ کچان و ژنانی کریستیان و ئێزیدی) ئەم رەفتارانەش نەك هەر تەنها پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی و مافەکانی مرۆڤە، بەڵکو ژێرپێنان و شکاندنی شەریعەتێکی ئاسمانییە و ئیسلامیش ئەوەی پێ قبووڵ ناکرێت.

ئەو ئافرەتانەی ئێستا بەو جۆرە داعش مامەڵەیان لە گەڵ دەکات، ژمارەیان دەگاتە ٢٥٠ هەزار ئافرەت کە لە ناویاندا ٦٠ هەزاریان دووگیانن، ئەمەش وایکردووە کە خەلافەتەکەی ئەبوبەکر بەغدادی و تیرۆریستەکانی، ژن بکەنە چەکێکی کاریگەر و لە شەڕەکانیان بەکاری بهێنن، ئەم چەکە، چەکێکی سایکۆلۆژی زۆر ترسناکە و دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە هێزی بەرامبەر ناچار بێت لە بەردەم هێرشەکانی داعش هەڵبێت، نەبادا ژن و کچەکانیان بکەونە دەستی داعش، هەروەها وەك دەستکەوتی شەڕیش بەکاریان دەهێنن، کە دەبێتە هاندەر بۆ تیرۆریستەکان بۆ ئەوەی لە پێناوی ئەو دەستکەوتە خۆیان بە کوشت بدەن. ئەو ژن و کچانەی کریستیان و ئێزیدی کە لە چەند مانگی رابردوو کەوتنە دەستی تیرۆریستانی داعش هەموویان، جیهادی نیکاحیان لە گەڵ کراوە، ئەم جۆرە دەستدرێژی کردنە وەك جیهاد تەفسیری بۆ کراوە، بۆیە هەموو تیرۆریستەکان ئەو کارەیان لە گەڵ کردوون.

## دروستکردنی فیرقەی خەنسا بۆ جیهادی نیکاح



خاتوو سەفیە سوهێل کە پێشتر پەرلەمانتاری عێراق بووە، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو جوگرافیایەی داعش خەلافەتەکەی تێدا راگەیاندووە، رووبەرەکەی لە دەوڵەتی ئەردەن گەورەترە، لەم خەلافەتەدا هەموو کارێکی ناشرین و دڕندانە دەرهەق بە ئافرەت دەکرێت، کە ئەویش جیهادی نیکاحە، ئەمە نەك هەر بەرامبەر ئەو ئافرەتانەی کە وەك دەستکەوتی شەڕ دەکەوێتە بەر دەستیان، بەڵکو ئێستا ئەو ژنانەی سەر بە داعشن لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان وەك (هەموو وڵاتانی عەرەبی، ئەوروپا، چین و ئەمریکا)، هانی کچان و ژنانی تەمەن ١٨-٢٥ دەدەن کە بۆ جیهادی نیکاح پەیوەندی بە داعشەوە بکەن، ئەو ژن و کچانە هەموویان لە فیرقەیەکدا بە ناوی فیرقەی خەنسا کۆکراونەتەوە، لەمەش زیاتر تیرۆریستانی داعش بۆ ئەوەی ببنە جێگەی متمانەی ئەمیرەکانی داعش خوشك و کچەکانیان لە تیرۆریستانی داعش مارە دەکەن. هەر بۆیە رەفتاری دڕندانەی داعش بەرامبەر کچان و ژنان تەنها ئەو ئافرەتانە ناگرێتەوە کە لە شەڕەکاندا دەستگیر دەکرێن، یان دەرفێندرێن، بەڵکو ژنانی خۆیان بەکار دەهێنن لە هەموو جیهان بۆ ئەوەی کچان و ژنانی موسڵمانان بۆ جیهادی نیکاح بهێننە نێو ریزەکانی داعشەوە. ئەو ئافرەتانەشی کە لە شەڕەکاندا کەوتوونەتە بەردەستیان و پاشان کراون بە کۆیلە، بە ١٠٠ هەزار دیناری عێراقی کە دەکاتە ٨٠ دۆلار فرۆشراون، کە لە هەموو نەتەوەکانی تێدا بووە، وەك؛

(کوردی ئێزیدی و شەبەك، کریستیان، تورکمان، هەروەها عەرەبی شیعەش).
خاتوو سەفیە ئاماژە بەوە دەکات هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئەو شوێنانەی داگیری کردوون، بۆتە هۆکاری ئەوەی نزیکەی دوو ملیۆن خەڵك ئاوارە بن و ئەو خەڵکەی ئاوارە بوون نەیانتوانیوە هیچ شتێك لە گەڵ خۆیان بەرن، تەنانەت ئەڵقەی پەنجەیان و مۆبایل و خشڵ و زێڕەکانیان لە لایەن داعشەوە بە تالان براوە. بۆیە گرنگە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بۆ پارستنی ئەو ئاوارانە پشتگیری تەواوی سوپای کوردستان و سوپای عێراق بکات، هەروەها بە پەلە دەوڵەتانی بەخشەر کۆنفرانسێك لەسەر ئەم پرسە گرێبدەن بۆ ئەوەی هاوکاری پێویست بۆ ئاوارەکان بنێرن.

**کۆمەڵێك وڵاتی عەرەب هاوکاری داعش دەکەن**

خاتوو کائینە بوهاشی چالاکوانی مافەکانی ئافرەت و پارێزەری نێودەوڵەتی لە وڵاتی جەزائیر، ئاماژە بەوە دەکات داعش، یان خەلافەتی ئیسلامی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ئەو ئایدیۆلۆژییانە نییە کەلە وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا و تا دەگاتە سەب سەحرا بڵاو بۆتەوە. لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ئایدیۆلۆژیەتەش ئیدی ئایینەکانی دیکە کە لەم ناوچەیە بوونی هەیە، دەکەوێتە بەر هەڕەشەی پاکتاوی رەگەزی، گۆڕینی ئایین بە زۆر، هەتککردنی ژنان، سەربڕین، بە کۆیلەکردن و فرۆشتنیان، ئەمەش واتە ئەم ئایدیۆلۆژیەتە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو میراتەی کە پێش ١٤٠٠ ساڵ لە نیمچە دوورگەی عەرەب هەبووە، سەبارەت بەو ئافرەتانەش کە کەوتوونە دەستی داعش، هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان ئێستا کەوتوونەتە نێوان دوو بەرداشەوە، ئەوەی داعش کردوونی بە کۆیلە و هەتکی کردوون، خۆ ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکاریان، بە بیانووی پاراستنی شەرەف دەکەونە بەر هەڕەشەی کوشتن، ئەگەر لای داعشیش بمێننەوە، ئەوا یان تووشی ئایدز دەبن، یان دەکرێنە بۆمب و بۆکاری خۆتەقاندنەوە ئامادەیان دەکەن،سەبارەت بە هەڵوێستی وڵاتانی عەرەبیش خاتوو کاهینە وێڕای ئەوەی ئاماژە بەوە دەکات کە وڵاتانی عەرەبی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییان هیچ هەڵوێستێکیان بەرامبەر داعش نەبووە، لە هەمان کاتدا هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی کارئاسانی و کۆمەکی داعشیان کردووە، هەروەها لە لایەن زۆر دەوڵەتی عەرەبییەوە کۆمەکی دارایی دەکرێن،سەبارەت بە ڕەگداکوتانی ئەم ئایدیۆلۆژیەتە توندڕەوە لە ناوچەکە، ئەم خانمە ئاماژە بەوە دەکات لە وڵاتانی کەنداو و ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست و دەوڵەتانی باکووری ئەفریقیا، ئەم ئایدیۆلۆژیەتە رەگی داکوتاوە، سیستەمی خوێندن و ژینگەی کۆمەڵایەتی وڵاتانی عەرەبی زەمینەیەکی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانی گرووپە توندڕەوەکانی وەك داعش و ئیخوان موسلمین، هەروەها ژینگەی دەوڵەتانی عەرەب نەوایەکی ئارامە بۆ گوتاری توندڕەوی و پاراستنی گرووپە توندڕەوەکان، لە زۆربەی وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەتی لە دەوڵەتانی کەنداو، حکومەت باڵادەستە لە پێناسەی بیرکردنەوەی سیاسی هاوڵاتیاندا، ئەویش بیرێکی تەسکی قەومییەی عەرەبییە و هەروەها ئیستغلالی میدیاو کەرتی تایبەتیشیان بە بیرتەسکییەوە کردووە، هەر بۆیە ژینگەی وڵاتانی عەرەبی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی وەحشی داعشی دروستکردووە، لە ئێستاشدا ئەو وەحشەیان لە دەست دەرچووە و بۆیان کۆنترۆڵ ناکرێت.

## داعش بەرهەمی قوتابخانە و مزگەوت و گوتاری کۆمەڵایەتی عەرەبە



خاتوو حەنین غەدار بێجگە لەوەی توێژەرە، لە ئێستادا بەڕێوەبەری نووسینی (NOW news)ی (لوبنانی)یە. ئەم خانمە وەك ڕۆژنامەنووسێك لەو خاڵەوە دەست پێدەکات، کاتێك داعش سەریهەڵدا چالاکوانە عیلمانییەکان و رۆشنبیران و ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوا، پێیانوابوو داعش بەرهەمی دەرەوەیە و هاتۆتە ناوچەکە و گوتارێکی مەزهەبییانەی سوننەی هەیە و سوودی لەو تەنگژە سیاسییە وەرگرتووە کە لە ناوچەکە بوونی هەیە، بەڵام ئەو رەفتارەی ئێستا

داعش بەرامبەر ئافرەت دەیکات، بە ناوچەکەی ئێمە نامۆ نییە، جیاوازییەکەی ئەوەیە داعش بە جۆرێکی دیکە مانیفیستۆی کردۆتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئازادییەکانی ئافرەت لە لایەن هیچ سەرکردە و حکومەتێکی عەرەبییەوە رێزی لی نەگیراوە و لە ناو هەموو یاسا و دەستوورەکانی وڵاتانی عەرەبی ئافرەت وەك هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەی لە گەڵ دەکرێ، لەوانەیە بەردبارانکردنی ئافرەت لەسەر زینا، یان سەربڕین خاڵی هاوبەشی نێوان داعش و حکومەتە عەرەبییەکان نەبێت، بەڵام داعش و حکومەتە عەرەبییەکان سەبارەت بە مامەڵەکردنیان بەرامبەر ئافرەت لە زۆر بواردا خاڵی هاوبەشیان هەیە و یەکتری دەگرنەوە. تیرۆریستانی داعش لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە لە دایکبوون، لە قوتابخانەی ئێمە خوێندوویانە و لە مزگەوتەکانی ئێمە نوێژیان کردووە، هەروەها گوێیان لەو گوتارە کۆمەڵایەتییە گرتووە کە کۆمەڵگەی عەرەبی بەرهەمی هێناوە، بۆیە ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێت داعش دووبارە نەبێتەوە، پێویستە لەو خاڵەوە دەست پێبکەین کە ژن وەك تاك سەیر بکەین، نەك پاشکۆی پیاو، یان شمەك و کەلوپەل.

**دامەزراندی شوێنك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح**



خاتوو زەکیە حەقی کە لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠١٠ پەرلەمانتاری عێراق بووە، لە کۆمێنتەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە، تیرۆریستانی داعش ٥٠٠ کچی

ئێزیدییان لەگوندەکانی کوردستان رفاندووە (بەلام ئەم ژمارەیان زۆر زیاترە)، ئەم کچانە لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکارین و بەشێکیان تەنها١٤ ساڵیان تەمەنە و هەموویان هەتککراون و مەترسییەکی گەورە لەسەر چارەنووسیان دروست بووە، بە تایبەتی کاتێك دووگیان دەبن، یان لە ئاکامی جیهادی نیکاح تووشی ڤایرۆسی ئایدز دەبن، هەروەها پرسیار دەکات کە ئافرەتێك بە رێگەی هەتککردن دووگیان کرابێت، ئاخۆ چ ئازارێکی دەبێت و چ کاریگەرییەك لەسەر دەروونی دروست دەبێت؟ لەبەر ئەوەی ئەگەر بگەڕێنەوە ئەوا رووبەڕووی گەورەترین مەترسی کوشتن لەسەر نامووس دەبنەوە، خۆ ئەگەر نەکوژرێن و لە حاڵەتێکدا ئەمانە ئەگەر تووشی ئایدز بووبن، مەترسییەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە دەبێت بەوجۆرە سەیری ئەم پرسە بکەین و ئەوە بخەینە بەرچاومان و بزانین ئەگەر کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لەم حاڵەتەدا بێت، ئەوا بژاردەی زۆر کەمی لەبەر دەست دەبێت و لەوانەیە ناچار بێت بە تەواوەتی بڕیار بدات لەگەڵ داعش بمێنێتەوە، لەم کاتەشدا مەترسی ئەوە دروست دەبێت، تیرۆریستانی داعش بە بیانووی چوونە بەهەشت و بەڵێنی دیکە وەك تیرۆریست رایان بهێنن و بیانکەن بە تیرۆریستی خۆکوژ و دژی خۆمان بەکاریان بهێننەوە، بۆیە دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە ئەم قوربانییانە بپارێزین. لەوانەیە هەندێك لەو ئافرەتانەی رووبەڕووی هەتککردن دەبنەوە، بیشارنەوە، یان ناوی خۆیان تۆمار نەکەن، بۆیە پێشنیار دەکەم شوێنێك بۆ قوربانییانی جیهادی نیکاح دابمەزرێت و نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ پاراستنی ئەم قوربانییانە بڕیارێك دەربکات و فەرزی بکات هەموو دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەو بڕیارەوە پابەند بن، بۆ ئەوەی ئەم قوربانییانە رزگار بکرێن و دووبارە تێکەڵی کۆمەڵگە بکرێنەوە.

## دیمەنی ژنانی ئێزیدی رابردوو، ئێستا و داهاتوو



خاتوو یاسەمین سەید هانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەخبار لە قاهیرە، بە چاوێکی ڕۆژنامەنووسانە کۆمێنتی لەسەر ئەم بابەتە گرنگە نووسیوە و ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەر سەیری ئەو دیسکە بکەن کە کاری لەسەر کردووە و تیایدا سەیری شریتی هەواڵەکانی بکەن، دەبینن بەشی هەرە زۆری، هەواڵی ئەو شوێنانەی عێراقە کە داعش داگیری کردوون، ئەمەش سەردێڕی هەموو کەناڵەکانی جیهان بووە، هەروەها دەڵێت:(من وەك ڕۆژنامەنووسێك زۆر باش لە کێشەکانی عێراق تێگەیشتووم و شرۆڤەشم بۆ کردوون، ئێمە بە ئاشکرا قاعیدەمان رەتکردەوە، بەڵام داعش لە قاعیدە ترسناکتر دەرکەوتەوە، کە بووە ترسناکترین رێکخراوی تیرۆریستی لە جیهاندا).
ئەو خاتوونە میدیاکارە لە درێژەی شرۆڤەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە دیمەنی کۆمەڵکوژی و دەرکردنی کوردانی ئێزیدی ئەوەمان پێدەڵێت: ئافرەت لە هەمووان زیاتر دووچاری تاوان دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئافرەت لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لاوازە و چەوسێندراوەتەوە، هاوکات سێ وێنە دەخاتەڕوو کە بەمجۆرە باسیان دەکات:(من کاتێك دیمەنی ئافرەتێکی پیری ئێزیدی دەبینم هەست دەکەم ئەمە رابردووە، لەبەر ئەوەی لاوازی ئافرەتمان لە رابردوو پیشان دەداتەوە، ئەو ژنە پیرە کە سواری گوێدرێژێك بووە و گەنجێك دەیپارێزت، چەند گوێدرێژەکە بڕوات، ئەو بیری دەگەڕێتەوە بۆ لای باوکی و ئەو ڕۆژانەی بیر

دێتەوە، بۆیە ئەو کاتێك هەنگاو بۆ ئایندەیەکی نەزانراو هەڵدەگرێت، بیر لە رابردوو دەکاتەوە. وێنەیەکی دیکە کە لە بەردەستمە دایکێکە کە منداڵێکی دوو ساڵانەی لە باوەش کردووە و لەسەر زەوی دانیشتووە بۆ ئەوەی پشوویەك بدات، دوای بڕینی ڕێگەیەکی دوور و درێژ، ئەم ژنە ئێزیدییە کە سەیری منداڵەکەی دەکات لە باوەشیدا نووستووە و مەمەی شیرەکەی بەتاڵە، دەست دەکات بە گریان، فرمێسکەکانی ئەو دایکە کارەساتی ئێستامان پیشان دەدات. وێنەی سێهەمیان کچێکی تەمەن شەش ساڵانەی ئێزیدییە لە گەڵ خێزانەکەی و لە گەڵ هەموو تەمەنە جیاوازەکان هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم کچە جانتایەکی لە پشتە و دەبەیەك ئاو لەسەر شانیەتی، ئەم کچە سەیری پێشەوە دەکات و دانانیشێت و لەوانەیە بیر لەوە بکاتەوە کەی ئەم گەشتە کۆتایی دێت، بۆیە کاتێك دەبە ئاوەکە و جانتاکەی دادەنێت، هاوار دەکات و دەست بە گەمەکردن لە گەڵ منداڵەکانی دیکە دەکاتەوە، چونکە نازانێ چی لە دەوری روو دەدات و لەوانەیە بیری بەوجۆرە بێت ئایندە باشتر دەبێت. ئەم سێ دیمەنە زۆر زیاتر لە هەواڵەکانمان پێدەڵێت و من دەڵێم :شەرمەزارییە لە جیهانی هاوچەرخدا ئەم جۆرە کارەساتانە روودەدەن).

**(٩)**

## داعش یاسای نوێی سێکس دەر دەکات

تیرۆریستانی داعش بڵاوکراوەیەکییان بەسەر نوێژخوێنانی مزگەوتەکانی موسڵ بڵاو کردۆتەوە، لە بارەی سێکس و چێژبینین لەو ئافرەتانەی کە غەیرە دینن و لە ژێر تەمەنی پێگەیشتنن.
هاوکات لە بڵاوکراوەکە ئاماژە دراوە، کە دەکرێ دوو خوشك و لە گەڵ پووری و ئامۆژنی لەسەر یەك پێخەف لە گەڵیان بخەون، بۆ ئەو ئافرەتە کۆیلانەی کافرن و ئەو ئافرەتانەش کە سەر بە ئاینە ئاسمانییەکانی تر جگە لە ئیسلام.
تێداهاتووە:کە سێکس لەگەڵ ئەو ئافرەتانەش بکەن کەلە ژێر تەمەنی پێگەیشتووین و کڕین و فرۆشتن و گۆڕینەوەیان پێ بکەن، چونکە ئەمانە دەسکەوتنی موسڵمانان لە شەڕدا، ئەمەش نەریتێکە پێش هەزار و ٥٠٠ ساڵ بوونی هەبووە.
هاووڵاتیانی مووسڵ ئەم هەنگاوەی داعش، بە ڕێگایەك دەبینین بۆ سەرنجڕاکێشانی گەنجانی تازە پێگەیشتوو کە ئارەزووی سێکسیان هەیە، تا لەو ڕێگەیەوە بیانبەن بۆ ریزەکانی خۆیان، ئەمە دوای ئەوەی لە ڕێی مووچەی بەرز و پارەوە شکستیان هێنا گەنجان کێش بکەن بۆ ریزەکانی خۆیان.

(١٠)

## پەرلەمانی ئەوروپا بڕیارێکی لەسەر کچان و ژنانی ئێزیدی دەرکرد

هەوڵەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەوروپا بەردەوامن بۆ ناساندن و کۆکردنەوەی پاڵپشتی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان و دۆزە ڕەواکەی.
بۆ ئەم مەبەستە و دوای چەندین دانیشتن و کۆبوونەوە لە گەڵ کوتلە و گرووپە جیاجیاکانی نێو پەرلەمانی ئەوروپا و پەیوەندی کردن بە سەرۆک و ئەندامانی گرووپی دۆستانی کوردستان لە پەرلەمانی ئەوروپا، کۆبوونەوەکی گرنگ و فەرمی لە پەرلەمانی ئەوروپا بەڕێوەچوو کە تایبەت بوو بە پرسی ڕفاندن و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان بە دەستی داعش و بە تایبەتی ئافرەتانی ئێزیدی و لە کۆتایی کۆبوونەوەکە بڕیاری ٢٩٧١ ی دەرکرد و بەشێک لە ناوەڕۆکی لەم خاڵانەی خوارەوە پێک هاتووە:
١- ئەو تاوانانەی کە داعش ئەنجامی داون دژی خەڵکی شنگال و بە تایبەتی ڕفاندن و کوشتن و توندوتیژی و ڕاگواستن بە تاوانی دژی مرۆڤی دەناسرێن و تاوانباران دەبێت بە پێی یاسا سزا بدرێن.
٢- پڕۆژە بڕیارەکە ئاماژە بە کوشتن و ڕفاندنی ٣١٣٣ هاوڵاتی ئێزیدی دەدا کە لەوانە ٢٣٠٥ کەسیان ڕفێندراون کە لەوانیش ٤١٢ یان منداڵن. هەروەها بە پێی ئامارەکان لە نێوان ٥٠٠٠ تا ٧٠٠٠ ئافرەتی ناوچەکە بە گشتی ڕفێندراون کە بە پێی زانیاریەکان لە تەلەعفەر لە پێنج سەنتەر ڕاگیراون.
٣- پەرلەمانی ئەوروپا داوا لە حکومەتی عێراق دەکات ببێت بە ئەندام لە (Rom Statute) بۆ ئەوەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە لاهای بتوانێت بەدواداچوون بۆ تاوانباران بکات وەک تاوانباری دژی مرۆڤایەتی.
٤- پشتگیری لە بڕیاری ئەمریکا دەکات بۆ پشتگیری و یارمەتی دانی حکومەتی هەرێم و عێراق لە شەڕی دژە تێرۆر بە یارمەتی سەربازی و مرۆڤی و داوا دەکات لە وڵاتانی ئەندام کە هاوکاری زیاتری بکەن بە تایبەتی کە کاتی زستان و سەرما زۆر نزیک بۆتەوە، هەروەها داوا دەکات کە یارمەتی ئاوارەکانی چیای شنگال بدرێت.
٥- داوا لە وڵاتانی ئەندام و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات یارمەتی زۆرتری ئاوارەکان بدەن بە تایبەتی منداڵان و ئافرەتان.

٦- داوا لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا و رێکخەری باڵای یەکێتی ئەوروپا دەکات بۆ بە یارمەتی دانی ئەو ئافرەتانەی کە لە دەست داعش رزگاریان بووە و ئەوانەی کە تووشی نەخۆشی بوون بە کردنەوەی سەنتەری تایبەت بۆ چارەسەرکردن و گەیاندنی هاوکاری تەندروستی پێویست ( special post-traumatic ).

**(١١)**

## حکومەت بە پارە و لە ڕێگەی کەسانێکەوە کچان و ژنانی ئێزیدی رزگار دەکات

لە تەنیشت خێوەتەکەیاندا بە کزییەوە چاوی بڕیوەتە منداڵەکان کە دێن و دەچن، پێدەچێت هیچ هیوایەکی بەو ڕۆژە نەمابێت کە ببینێ خێزانەکەی بۆ جارێکی دیکە بەیەکەوە کۆبوونەتەوە، زیاتر لە هەر شتێك، دووری کچەکەی هەراسانی کردووە.

تاوەکو ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەریش دەیتوانی لە درەنگانێکی شەودا قسەی لە گەڵ بکات، بەڵام ئێستا هیچ زەنگێك لە لای کچەکەیەوە نایەت.

داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، چونکە پێیوایە کاریگەری خراپی لەسەر چارەنووسی کچەکەی دەبێت کە لە لایەن چەکدارانی داعشەوە رفێنراوە.

هیوایەکیشی بۆ گەڕاوەتەوە کاتێك زانیویەتی حکومەت بە پارە و لە ڕێگەی کەسانێکەوە کچان و ژنانی ئێزیدی رزگار دەکات "ئەگەر کچەکەم بێتەوە، دەیخەمە سەر هەردوو چاوم، دوعا دەکەم بگەڕێتەوە، ئێمە لە دووری ئەوان رەزیل و داماو بووین".

رزگارکردنی ئەو کچ و ژنە ئێزیدییانەی کە داعش دوای داگیرکردنی شنگال رفاندوونی، پرسێکە زیاتر لە هەموو شتێك چاوی کوردە ئێزیدییە ئاوارەکانی لەسەرە، دەتوانین بڵێین بووەتە خەونە گەورەکە، ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ چەند میکانیزم و ڕێگایەکیان لە بەغدا تاوتوێ کردووە بۆ رزگارکردنی کچان و ژنانی بندەستی داعش.

"داوامان لە لیژنەی ژنانی پەرلەمانی عێراق کردووە کار بکەن بۆ ئەوەی حکومەتی بەغدا بودجەیەك دابین بکات بۆ رزگارکردنی ژنان و کچانی کوردی ئێزیدی"، مریەم سەمەد، ئەندامی لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان وای گوت.

لیژنەی ژنانی پەرلەمانی کوردستان، سەردانی بەغدایان کردوە و لە گەڵ چەند لایەنێکی بەرپرس لە بەغدا کۆبوونەوە، جگە لە وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی عێراق و جێگری دووەمی سەرۆکی پەرلەمان، وەزیرە ژنەکەی حکومەتی بەغداشیان بینی.

مریەم سەمەد، لە بارەی دانیشتنەکانیانەوە دەڵێ مەبەستیانە بە جددی مشووری ئەو ژن و کچانە بخۆن کە لای داعش ماون، تەنانەت ئەوانەش کە ئازاد

کراون و گەڕاونەتەوە نێو کەسوکاریان "ئەوانەش کە ئازادکراون لە کێشەیەکی گەورەی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جەستەییدان، ژمارەیەك کەیسی ئەو ژن و کچانەمان بینیوە کە ئازادکراون و زۆر مەترسیدارن".
بە بڕوای مریەم سەمەد، بەهاناوەچوونی ژنان و کچانی ئێزیدی، بەدەرە لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان و پێویستی بە تواناو هاوکاری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەیە بۆ ئەوەی هیوای ژیانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە "راپۆرتێکمان دایە حکومەتی ئەڵمانیا و هەموو شتێکمان بە وردی بۆ روونکردوونەتەوە، ئەوانیش وەڵامیان داوەتەوە کە ئامادەن مافی پەنابەری بدەنە هەموو ئەو کچ و ژنانەی ئازادکراون". ئەو گوتی "قسەمان لە گەڵ کەسوکاری ئەو کچانەش کردووە کە رازی ببن کچەکانیان ببرێنە ئەڵمانیا، بەڵام رازی نابن".
تا ئێستا ژمارەیەك لەو کچ و ژنانەی لە دوای هێرشی چەکدارانی داعش بۆ سەر شنگال و دەوروبەری رفێنران، بە رێگای جۆراوجۆر دەربازبوون و گەڕاونەتەوە هەرێمی کوردستان، بۆ ئازادکردنی هەندێك لەوانە پارە دراوە بە کەسانێك کە نێوەندگیری دەکەن و ژنەکان لە ناوچەکانی بندەستی داعشەوە دەگەیەننەوە لای کەسوکاریان لە کوردستان.
مریەم سەمەد دەڵێت: کە ئەو کارە پێویستی بە پارەی زۆرتر هەیە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لیژنەیەکی بۆ ئەو مەبەستە پێکهێناوە، ئەو گوتیشی کە داوایان کردووە ئەو لیژنەیە لە لایەن لیژنەیەکی دیکەوە چاودێری بکرێت "چونکە ناکرێت دەستەیەك یان دەزگایەك نەبێ چاودێری کارەکانیان و چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بکات".
بەهار عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی ئەو شاندەی سەردانی بەغدایان کردووە، دەڵێ شوێنی ئەو ئافرەتانەی لای داعشن، بابەتێکی تەواو هەستیار و مەترسیدارە و نابێ زانیاری لەو بارەیەوە بدرکێنرێ‌و ئەرکی سەرەکی حکومەتی ناوەندییە هەوڵی رزگارکردنی ئەو کچ و ژنانە بدات، بەڵام ئایا حکومەتی ناوەندی دەتوانێ ئەو کارە بکات؟.
بەهار عەبدولڕەحمان دەڵێ:"بە دڵنیاییەوە ئەگەر بیەوێ دەتوانێ، لیژنەی ژنانی پەرلەمانی عێراق گوتیان فشار لەسەر حکومەت دروست دەکەین بۆ ئەوەی ئەو کارە بەهەند وەربگرێت".
پەرلەمانتارانی کورد لە چی دەترسن،دوای ئەوەی ژن و کچە ئازادکراوەکانیان بینیوە لە نێو کەسوکاریاندا بێ ئەوەی کێشەیان بۆ دروست بووبێت، ئاخۆ هێشتا دۆخی ئەوان مەترسیدارە؟

بەهار عەبدولڕەحمان پێیوایە دەبێ سەر لە نوێ راهێنان بەوانە بکرێتەوە کە دەگەڕێنەوە و باری دەروونییان جێگیر بکرێتەوە "کوردی ئێزیدیش لە رووی نەریت و بیرکردنەوە بڕێك موحافیزکارن و دەبێ باری کۆمەڵایەتی ئەو ئافرەتانە ئاسایی بکرێتەوە، ئەمەش کۆمەك و هاوکاری نێودەوڵەتی پێویستە".

**(١٢)**

## راپۆرتی لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان راپۆرتێك لەسەر رەوشی ژنان لە کوردستان بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرز دەکاتەوە کە تایبەتە بە کەیسی رفاندنی کچان و ژنانی ئێزیدی لە لایەن داعشەوە.
بە پێی راپۆرتی ئەو لێژنەیە، (٤٠٠٠) کچ و ژنی ئێزیدی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە لە ناوچەکانی شنگال و دەوروبەری رفێنراون و تاوەکو ئێستا تەنیا ٣٤٣ رفێنراویان دەرباز بوون، بەو پێیەش تاوەکو ئێستا ٣٦٥٧ رفێنراو لە لای داعش ماون.
دوای ئەوەی ڕۆژی ٢٠١٤/٨/٣چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و داگیریان کرد، بە هەزاران هاوولاتی ئێزیدی لە ناو شنگال و دەوروبەری کەوتنە دەست داعش، بەشێکی زۆر لە پیاوە دەستگیرکراوەکان گوللەباران کران و کچ و ژنەکانیشیان لە گەڵ خۆیان بردن.
دوای پێنج ڕۆژ لە داگیرکردنی شنگال لە لایەن داعش و بڵاوبوونەوەی هەواڵی بە بارمتەگرتنی هەزاران ژن و کچی ئێزیدی، لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان سەردانی ئەو ئێزیدیانەی کرد کە ئاوارەی دهۆك بووبوون. لێژنەکە لە یەکەم سەردانیدا ١٠٠ ملیۆن دیناری لە گەڵ خۆی بردبوو بۆ ئەوەی جلوبەرگ بۆ ژن و منداڵە ئاوارەکان بکڕێت.
لێژنەکە لە راپۆرتەکەیاندا دەڵێن تاوەکو ئێستا سێ جار سەردانی کەمپی ئاوارەکانیان کردووە. ئەو لێژنەیە کە ڕۆژی ٢٠١٤/١٢/١ راپۆرتەکەیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، هەروەها دەڵێن لێژنەکەیان زۆر بەجددی کاری کردووە تاوەکو لە گەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان هاوکاری ماددی و مەعنەوی پێشکەش بکات بۆ رزگارکردنی ئەو کچ و ژنە ئێزیدیانەی لە لای داعش ماون.
بە پێی راپۆرتی لێژنەکە، ژمارەی ئەو کچە رفێنراوانە لە ٤٠٠٠ زیاترە. لێژنەکە دەڵێت لەو ٣٤٣ ئافرەتەی رزگارکراون، ئەوان تاوەکو ئێستا چاویان بە ٢٠٠ لەوانە کەوتووە و هاوکاری ماددی و مەعنەوییان کردوون.

### دەیانەوێت مووچەیان بۆ ببڕنەوە

لێژنەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان لە راپۆرتەکەیاندا ئاماژە بە هەوڵەکانیان دەدەن بۆ یارمەتیدانی ژنان و کچانی ئێزیدی، بۆ ئەم مەبەستەش سەردانی ئەڵمانیایان کردووە و لە گەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە قسەیان کردووە بۆ چۆنیەتی یارمەتیدانی ئەو ژنە رزگاربووانە.
وەك لە راپۆرتەکەدا هاتووە، لێژنەکە لە بەغدا تەنیا ٢٧ ملیۆن دیناری لە گەڵ خۆی هێناوەتەوە بۆ ئاوارەکان. جگە لەوەش داوایان لە لێژنەی ژنان کردووە سەردانی کوردستان بکەن و قسە لە گەڵ ژن و کچە دەربازبووەکان بکەن. هەروەها دەڵێن "لێژنەی ژنان بەڵێنی دا داوا لە وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بکەن بۆ ئەوەی مووچە بۆ کچ و ژنە رزگاربووەکان ببڕێتەوە".

**ئافرەتان لە دۆخێکی مەترسیداردان**

راپۆرتەکە باس لە رەوشی ئافرەتانی کوردستان و ئەو توندوتیژیانە دەکات کە بەرامبەریان دەکرێتو دەڵێت"بە ڕاشکاوی رایدەگەیەنین کە ژنانی وڵاتەکەمان لە دۆخێکی مەترسیداردان، ساڵانە بە سەدان ژن بە بیانووی جۆراوجۆر دەکوژرێن و هەزارانیش رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە".
بە بۆچوونی ئامادەکارانی راپۆرتەکە، یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کەلێنی زۆری تێدایە و ناتوانێت بە باشی سزای ئەو کەسانەی بدات کە توندوتیژی دژی ژنان دەکەن، بۆیە داوای هەموارکردنی دەکەن و دەڵێن "یاساکە زۆرتر ناوەڕۆکێکی مەعنەوی هەیە، نەك سزایی بۆ سەرپێچیکاران، ئێستاش لە زۆربەی حاڵەتەکاندا یاسای سزادانی عێراقی جێبەجێ دەکرێ".

**راسپاردەکانی لێژنەکە بۆ پەرلەمان و حکومەت:**

- هەموارکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی
- دامەزراندنی دادگای تایبەت بە دۆسیەکانی توندوتیژی خێزانی
- سزادانی کۆمپانیاکانی مۆبایل بە پێی یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی گەیاندن
- دانانی یاسایەك بۆ چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانی داڵدەدانی ژنان
- دامەزراندنی سەنتەرێکی توێژینەوەی تایبەت بە ژنان بۆ ئامادەکردنی راپۆرت و لێکۆڵینەوەی زانستی.
- دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ هاوکاریکردنی ژنانی قوربانی شەڕی (داعش) بە گشتی و ژنانی شنگال و دەوروبەری بە تایبەتی.

- کارکردن بۆ رزگارکردنی هەموو کچ و ژنە رفێنراوەکانی لای داعش.
- دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ژنانی قوربانی.
- دابینکردنی تیمێکی پسپۆڕ بۆ شیاندنەوەی باری کۆمەڵایەتی و دەروونی ژنە رفێنراوەکان لە لایەن (داعش)وە، هەروەها هەموو ئەو ژنانەی رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە.

## (١٣)

## ژنان خۆیان کوشت بەر لەوەی بکرێنە کەنیزەك

**دروستکردنی ترس و بیم**

پاش دوو ڕۆژ لە کەوتنی شنگال بە دەستی داعش، چەکدارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی کچێکی تەمەن(٢٠)ساڵانیان لە نزیك دەروازەی باکووری چیاکە بەجێهێشت کە سەرباری دارمانی باری دەرونی لە هەموو ئاراستەیەکەوە دەنگی دەبیسترا، ئەم کچە دەگریا و پێداگیری دەکرد لە سەر پیاوەکان بیکوژن "دەستدرێژییان کردۆتە سەرم، چەند پیاوێك دەستدرێژییان کردە سەرم و لێرە بەجێیان هێشتم.. تکایە بمکوژن".

"ئاشکرابوو ئەیانویست ترس و تۆق لە هەموو چیاکە بڵاو بکەنەوە، لەوەشدا سەرکەوتوو بوون"، بە قسەی "شەمۆ".

لە دووری ١٠٠ مەترەوە لەو جێگایە ژمارەیەکی کەم پیاو بە جلی سپی و کڵاوی سوورەوە بڵاوەیان کردبوو چەکی سووکیشیان هەڵگرتبوو بۆ بەرگریکردن و ڕێگرتن لە نزیکبونەوەی چەکدارەکانی داعش لەو ڕێگایەی کە بەرەو چیاکە دەچوو.

یەکێك لەوانە وتی "دەستدرێژی سێکسییان کردە سەر چەندین کچیتر و دواتر لە دەروازەی چیاکە فڕێیاندان".

ئەمانە کاری تاکە کەس نەبوون، کچێکیتر لە شوێنێکی نزیك، خۆی کوشت، چونکە لە پاش ئەتککردنی ڕێگەیان پێدابوو هەڵبێت، بە قسەی "کەمال شنگالی" کە خۆی شایەتحاڵی خۆ کوشتنی ئەو کچە بووە لەو کاتەی ئاوارەکان لە هەوڵدا بوون ڕێگری لێ بکەن.

هەندێك وێنە کە ڕێکخراوی داعش لە پەیجە تایبەتییەکانی خۆیان سێ ڕۆژ پاش گرتنی شنگال بڵاویانکردەوە، دەریدەخات گەنجانی ئێزیدی بەکۆمەڵ بە دەست بەستراوی کوژراون و لە دواوە بە چەکی سووك گوللە باران کراون. هەندێ لەو وێنانە کاپشنی "فەتحەکانی نەینەوا"ی لە سەرە و هەندێ گەنجی ناوچەکەی تێدا دەردەکەوێت لە گەڵ چەکدارەکانی ڕێکخراوەکە کە ڕیشیان درێژ و ئاڵسکاوە و هەندێکیان جلی ئەفغانییان لەبەردایە، بە پێی سیمای هەندێ لە دەموچاوەکانیش ئەو چەکدارانە خەڵکی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیان.

**بازاڕی کەنیزەکەکان**

دروستکردنی ترس و تۆق هەر بەوە نەوەستا، چەند چالاکوانێکی مەدەنی و بەرپرسی ناوچەیی و پەرلەمانتار ئاشکرای دەکەن کە لە هەفتەی یەکەمی دەستگرتنی داعشدا بە سەر شنگال،(٧٠٠) ژنی ئێزیدی رفێنراون، هەروەها بازاڕی کەنیزەك لە موسڵ دروستکراوە، لەم بازاڕەدا نرخی ژن بە(١٥٠ - ٢٠٠) دۆلار دیاریکراوە.
بە پێی قسەی بەرپرسان کەنیزە ئێزیدیەکان فرۆشراون بە چەکدارانی بیانی، کاتەکانی فرۆشتن بەیانیان و ئێواران بوو بە جۆرێك کە دەرفەت بدرێت بە چەکدارەکان "چێژ لەو ژنانە ببینن لە کاتەکانی پشوو".
ئەم زانیارییانە لە لایەن "محەممەد خوزاعی"، وتەبێژی مانگی سووری عێراقییەوە پشتڕاستکراونەتەوە و دەڵێت:"رێکخراوی داعش لە پاش کوشتنی پیاو و منداڵەکان دەیان ژنی ئێزیدی و تورکمانی بەدیل گرتووە لە فڕۆکەخانەی تەلەعفەر، ژنەکانیشی لە بازاڕەکانی موسڵ بۆ فرۆشتن خستۆتە ڕوو".
ئامادەکاری ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ ماوەی(١٠) ڕۆژی بەردەوام هەوڵیدا ئەم زانیارییانە پشتڕاست بکاتەوە، بەڵام چوونە بەشی راستی موسڵ کە چەکدارەکانی داعش تێیدا لەنگەریان گرتووە و کڕین و فرۆشتنی تێدا دەکەن شتێکی مەحاڵ هاتە پێش چاو، بە تایبەت لە پاش چڕکردنەوەی دەورییە ئەمنییەکانی داعش لەو شوێنەدا.
لە ڕۆژی(١٣)ی ئاب شایەتحاڵێکی گوندنشینی خاوەن متمانە تەلەفۆنی کرد بۆ ئامادەکاری ئەم راپۆرتە و جەختیکردەوە چەکدارەکان هەندێ ژنیان لە مایکرۆ پاسێکدا داگرت و بۆ ماوەی نیو کاژێر بە جلی ڕەشەوە خستنیانە ڕوو، لەم کاتەشدا دەوروبەری(٣٠)چەکدار بڵاوەیان کرد لەو شوێنە کە زۆربەیان عەرەب و بیانی بوون و دواتر ژنەکان بە سەر زیاتر لە(١٠) ئۆتۆمبێلدا دابەشکران.
ئەم شایەتحاڵە دڵنیا نەبوو لەوەی ئەوەی روویدا سەفقەی کڕین و فرۆشتن بوو یان نا، بەڵام دڵنیابوو لەوەی ژنەکان پاش ئەوەی پیشانی پیاوەکان دران بەشکران بە سەر کۆمەڵێکیاندا.

## موسوڵمان یان کەنیزەك

"ئەبو عەبدولمەلیك" کە یاریدەدەری ئەمیرە لە ناو دەوڵەتی ئیسلامی لە گەڵ ئامادەکاری ئەم راپۆرتە بە تەلەفۆن لە موسڵەوە بە یارمەتی نێوانگر قسەی کرد، جەختیکردەوە:"مافی جیهادکارەکانی دەوڵەتە ژنانی کافران لای خۆیان

وەكو كەنیزەك بپارێزن مادەم ئامادە نەبن موسوڵمان ببن، هەروەها مافی خۆشیانە بەشێك لە غەنیمەی غەزاكانی خۆیان بەربكەوێت".
یاریدەدەركەی ئەمیر، دانی نا بەوەی دەوروبەری(٢٥٠) ژن لە موسڵ هەن "پێشتر ئێزیدی بوون و ئێستا موسوڵمان بوون و بوونەتە ژنی ئازاد.. سەرپشكمان كردوون لە نێوان مانەوە لە ماڵی جیهادكارەكانی دەوڵەتی ئیسلامی لە گەڵ هەموو ئیلتیزامێكی شەرعی پەیوەندی ژن و مێردایەتی و كاری خزمەتگوزاری ماڵ، یان ئەوەتا موسوڵمان ببن بۆ ئەوەی ببنە ژنێكی ئازاد".
"ئەبو عەبدولمەلیك" جەختیكردەوە سەرجەم ژنە ئێزیدییەكان ئیسلامەتییان هەڵبژاردووە و ئێستا ئازاد كراون و بۆیان هەیە هاوسەرگیری بكەن یان خوازبێنی رەت بكەنەوە بە كەیفی خۆیان".
سەبارەت بە چارەنووسی ئەوانەشی موسوڵمان بوون وتی:"لە هەندێ ماڵی متمانەداردا دانراون لە ژێر چاودێری و پاراستنی دەوڵەتدا لە سەر خواستی خۆیان چونكە ناتوانن بگەڕێنەوە ناو خێزانەكانیان لە ترسی ئەوەی نەبادا بیانكوژن بە هۆی موسوڵمان بوونیانەوە، هەروەها ئێستا ئەوانە حەرام بوون لە مێردەكانیان".
لە(١٠ی ئابی٢٠١٤)دا خێزانێكی ئێزیدی تەلەفۆنێكی لە كچە رفێنراوەكەیانەوە پێ گەشت، ئەم كچە جەختیكردەوە لەوەی لە گەڵ(٢٠٠)ژنی دەستبەسەر كراودا لە جێگەیەكی قەزای بەعاجدان لە باشوری شنگال. كچەكە رونیكردەوە ژنە دەستگیر كراوەكان وەكو كەنیزەك مامەڵەیان لە گەڵدا دەكرێت "جوانەكانیان دەبرێن بۆ خزمەتی ئەمیرەكان". ئەم كچە داوای كرد بە فڕۆكە بۆمب بارانی ئەو شوێنە بكرێت بۆ ئەوەی كۆتایی بە خەموژانەكانیان بێت.
لە(٢٠ی ئابی٢٠١٤)دا وەزیری مافی مرۆڤی عێراق،"محەمەد شیاع ئەلسودانی"، رایگەیاند:"داعش زیاتر لە(٦٠٠) ژنی ئێزیدی دەستبەسەر كردووە لە بینای قوتابخانەی شوێنەوار لە قەزای تەلەعفەر"، ئەمە جگە لە "٧٥ ژنی شیعە لە شنگال". بەڵام ئەم وەزارەتە هیچ ژمارەیەكی لە بارەی گیراوەكانی بادوشەوە باس نەكردوە لە گەڵ بنكەكانی گرتن لە موسڵ و بەعاج كە چەكدارەكان سەدان دیلی خۆیانیان تێدا دەستبەسەر كردووە.
لەهەمان ڕۆژدا قایمقامی شنگال "مویەسەر حاجی" جەختیكردەوە كە ژمارەكان لەوە زیاترن "هەزار ژنی ئێزیدی براونەتە دەرەوەی شنگال، چەندین گوند بە تەواوی بوونەتە بارمتە بە دەستی داعش و چارەنووسی خێزانەكانی نادیارن".

هەندێ لە بەرپرسانی شارەکەش دەڵێن دیاریکردنی ژمارە و بە دۆکۆمێنت کردنی ئامارەکان پێویستی بە کاتی زۆر هەیە، زیاتر لە(٢٠٠)هەزار ئاوارەی ئێزیدی خێزانەکانیان پەرتەوازە بوون و ناکرێت ئاماری بێ سەر و شوێنەکانیش باس بکرێت تا چەند هەفتەیەکیتر، هەروەها ئەوەشیان راگەیاند سەدان گیراو لە شوێنی جیاجیا هەن لەوانەش سەنتەری گرتن لە شنگال و فڕۆکەخانەی تەلەعفەر و دارستانەکانی موسڵ و سەنتەری وەرزشی نزیك ئوتێلی نەینەوا پالاس، بەڵام چالاکوانی مەدەنی "عەلی ئێزیدی" کە بە دوای ئاماری گیراوەکاندا دەڕوات، ژمارەی ئەوانەی بە زیاتر لە(٢)هەزار ژنی گیراوی ئێزیدی خەمڵاند، هەندێك لەوانە لە زیندانی بادوشن و هەندێکیتر لە شارۆچکەی تەلەعفەر.

## (١٤)

## هیومان رایتس ووچ: هاوسەرگیریو بە موسوڵمانکردنی ناچارانە بەرامبەر ئێزیدییەکان ئەنجامدراوە

ڕێکخراوی هیومان رایتس‌ووچ رایدەگەیەنێت ڕێکخراوی داعش هاوسەرگیری ناچارانەو بە موسوڵمانبوونی زۆرەملێی بەرامبەر هاوڵاتیانی مەدەنی ئێزیدی ئەنجامداوە و سەدانیشیان لە ژێر دەستی ڕێکخراوەکەدا دەستبەسەرن.

لە راپۆرتێکی خۆیدا ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ (هیومان رایتس وۆچ) رایگەیاند، ڕێکخراوی چەکداری ناسراو بە دەوڵەتی ئیسلامی سەدان کەس لە پیاو و ئافرەت و منداڵی ئێزیدی لە عێراق وەك بەندکراوی لە شوێنی بەندکردنی رەسمی و کاتی لە عێراق و سوریا دەستبەسەرکردووە.

بە پێی ڕێکخراوەکە، گروپەکە بە شێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو مێردمنداڵ و لاوەکان لە خێزانەکانیان جیاکردووەتەوەو هەندێکیان ناچارکراون هاوسەرگیری لە گەڵ چەکدارانیان بکەن، ئەمەش بە پێی وتەی دەیان کەس لە کەسانی نزیکی بەندکراوان و ١٦ئێزیدی لەوانەی لە دەستبەسەری داعش هەڵهاتوون و دوان لەو کچە دەستبەسەرانەی لە ڕێی تەلەفۆنەوە قسەیان لەگەڵ کراوە، ئەو کەسانە روونیان کردووەتەوە کە کوڕێکی گەنجیان بردووەو خێزانەکەیان ناچارکردووە کە ببنە موسوڵمان.

لەلای خۆیەوە فرید ئیبراهامز، راوێژکاری تایبەتی هیومان رایتس وۆچ رایگەیاند، لیستی تاوانە قێزەونەکان کەدەوڵەتی ئیسلامی بەرامبەر ئێزیدییەکان لە عێراق ئەنجامیانداوە روو لە زیادبوونە، چیرۆکی سادیمەی زۆرمان بیستووە لە بارەی بە ئیسلامکردن و بە زۆر هاوسەرگیرکردنی کچانی منداڵ، نەك ئەوە بەڵکو دەستدرێژی سێکسی و بە کۆیلەکردن، هەندێك لە قوربانیانیش ئافرەتان بوون.

هیچکام لەو دەستگیرکراوانەی ئێستا و ئەوانەی پێشوو کە هیومان رایتس وۆچ چاوپێکەوتنی لەگەڵ کردوون نەیانوت کە رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە، سەرەڕای ئەوەی چواریان ئاماژەیان بەوەدا کە ڕێگرییان کردووە لە دەستدرێژی سێکسی توندوتیژانە، ئەوانی تریش لە ئافرەت و ژنە دەستگیرکراوەکان کەسانی تر پێیان وتوون کەچەکدارانی داعش دەستدرێژییان کردوونەتە سەر، یەکێکیشیان وتی چەکدارانی داعشی بینیوە کە ئافرەتیان

کڕیوە، هەرزەکارێکیش رایگەیاند یەکێك لە چەکداران بە بڕی هەزار دۆلاری ئەمریکی کڕیویەتی.
رفاندن و پێشێلکردنی بەرنامەداری مافی مەدەنییە ئێزیدییەکان دەچێتە خانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، بە پێی هیومان رایتس ووّچ.
ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ئەنجامدراوە رایانگەیاند کە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ئێزیدییەکانیان دەستبەسەرکردووە لە کاتی هێرشی رێکخراوەکە بۆ سەر شنگال کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای عێراق لە ٣ی ئابی رابردوو، لە ڕۆژی یەکەمدا رێکخراوەکە پیاوان و ئافرەتان و منداڵانیان پێکەوە دەستبەسەرکردووە، دواتریش دەوڵەتی ئیسلامی دەستیان کردووە بە دابەشکردنی خێزانەکان بۆ سێ بەش، ژنانی بەتەمەن و ئەو دایکانەی منداڵی بچوکیان لە گەڵ بووە، لە گەڵ پیاوانی بەتەمەن، لە گەڵ ئەو ئافرەتانەی لە سەرەتای بیستەکانی تەمەنیان و ئافرەتانی هەرزەکار، هەروەها گەنجان و کوڕانی گەورەتر.
هاوکات رێکخراوەکە چەندین دەیە لە کەسانی مەدەنی کەمایەتیە ئاینی و مەزهەبیەکانی تریان دەستگیرکردووە، لەوانە مەسیحییەکان و شیعە و شەبەك و تورکمان، بە پێی وتەی نوێنەرانی ئەو کۆمەڵانە و کەسانی نزیکیان.
بەڵام تا ئێستا هیچ کەس ژمارەی وردی دەستبەسەرکراوان نازانێت بە هۆی بەردەوامی رووبەڕووبوونەوەکان لە عێراق، هەروەها بە هۆی هەڵهاتنی بەشێکی زۆری ئێزیدی و مەسیحی و شیعە و شەبەك و تورکمانەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە کاتێك گرووپە چەکدارییە سەرگەرمی رفاندنی ئەندامانی تایفەکانیان بوون.

سەرچاوە و پەراوێزەکان

(١) ماڵپەری هاوڵاتی
(٢) ماڵپەری وشە
(٣) ماڵپەری میللەت
(٤) تۆڕی میدیایی ڕووداو
(٥) ماڵپەری وشە
(٦) سایتی ڕۆژنامەی هەولێر،محەمەد شەهدی
(٧) سایتی گۆڤاری گوڵان
(٨) سایتی گۆڤاری گوڵان
(٩) ماڵپەری وشە
(١٠) سایتی خەندان
(١١) تۆڕی میدیایی ڕووداو، نەوزاد مەحموود
(١٢) تۆڕی میدیایی ڕووداو
(١٣)ماڵپەری ئاوێنە، سەلام خالید بەشداریکردوە لە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بە پشتیوانی تۆڕی ڕۆژنامەوانی(الإستقصائی)عێراقی(نیریج)ئامادەکراوە.
راپۆرتی، سامان نوح.
(١٤) ماڵپەری ئاوێنە و کورد و ساید.

# بەشی چوارەم
# پاساوی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) بۆ ڕفاندنی ئافرەتە ئێزیدییەکان

(١)

## پاساوی داعش بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان

رێکخراوی تیرۆرستی دەوڵەتی ئیسلامی داعش لە گۆڤاری "دابق" تایبەت بە خۆی کەبە زمانی ئینگلیزی دەردەچێت، دان بەوەدا دەنێت کە دوای داگیرکردنی بەشێك لە گوندە ئێزیدییەکان لە ناوچەی شنگال لە ڕۆژئاوای موسڵ ئافرەتانی ئێزیدی ئەنفالکردووە، ئەم دانپێدانانە دوای زنجیرەیەك هەواڵ هات، کەلە میدیادا هەڵایەکی زۆری لێکەوتەوە لە چەند مانگی رابووردوو، سەبارەت بە هەرزان فرۆشکردنی ئافرەتانی ئێزیدی لە شەقامەکانی موسڵ و شاری رەقەی سوریا.
لە سەرەتادا هەواڵەکان ئەوەیان تاوتوێ دەکرد کە"بازرگانی کردن بە مرۆڤ" لە هەریەك لە سوریا و عێراق، بە دیاریکراوی لە (رەقە و موسڵ) دەکرێ و ئەمەش هەڵایەکی زۆری نایەوە و وێڕای پشتڕاستکردنەوەی راستی و درووستی هەواڵەکە، کەچی زۆرێك لە ناوەندەکانی نزیك لە داعش رەتیان دەکردەوە و راستی رووداوەکەیان نەدەسەلماند.
لەو کاتەوە هەندێك لە مافپەروەر و دەزگای تایبەت وەك هیومان رایتس ووچ سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئامار و داتا بوون سەبارەت بەوەی روویداوە لە زمانی شاهید حاڵە ئێزیدییەکان خۆیانەوە، هەر وەك دەزگاکە لە کۆتاییدا بە راپۆرتێك هەموو ئەوانەی کە تۆماری کردبوون بڵاوکردەوە و بەشێك لەو راستیانەی سەرەوەی سەبارەت بە داعش سەلماند.
داعش لە ڕێگای گۆڤاری"دابق"چۆن پاساو بۆ رفاندنی ئافرەت و کچە ئێزیدییەکان دێنێتەوە لە ژمارە(٤)ی گۆڤارەکەدا بەشێکی بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراوە و ڕێ و شوێنەکانی رەوایەتی دان بە هەڵسان بە فرۆشتن و سەوداکردن بەو ئافرەت و کچە ئێزیدییانەی شیکردووەتەوە، کە بۆ ئەم مەبەستە چەندین ئایەت و فەرمودەی پێغەمبەر"مەحمەد موستەفا"(ص) هێناوەتەوە، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی و خزمەتی بۆچوونەکانی خۆیان.
لە بەشێکی راپۆرتەکەیاندا هاتووە"شتێکی سرووشتی نیە کەمینەی ئێزیدییەکان لە دەشتی موسڵ و لە عێراق و شام و هەموو ئەو شوێنانە بەردەوامبن".
هەروەها دەشنووسێ:"وەك نەبیمان مەحمەد پێش ١٤٠٠ ساڵ ڕێ و شوێنی بۆ مامەڵەکردن لە گەڵ موشرکین داناوە، ئەوانەی رەدی دەکەنەوە باوەڕ بە ئیسلام بێنن"، ئەوەش دەڵێن کە:"ئێزیدییەکان لە بەندەی شەیتانن"، بە پشت

بەستن بە تەفسیری سرووتەکانیان بە قسەی کۆمەڵێك شارەزای غەربی و ئاینی، کە توێژینەوەیان لەسەر کردوون وەك داعش دەڵێ.
دەوڵەتی ئیسلامی تیرۆرست داعش، دەنووسێ:"خوێندکارانی زانست لە ریزەکانیاندا، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی پرسی ئێزیدییەکانیان کردووە، پێش ئەوەی بچنە ناوچەکانیان لە شنگال، لەبەر رۆشنایی ئەوەش مامەڵە لە گەڵ ئێزیدییەکان کراوە، هەروەها ئەوەشیان روون کردووەتەوە کە مامەڵە لە گەڵ مەسیحی و یەهودییەکان جیاوازە و دەکرێ ئەوان جزیە بدەن و بەردەوامبن لە سەر دینەکەیان و مومارەسەکردنی سرووتەکانیان لە چوارچێوەی مەرجەکانی ئاینی ئیسلامدا، ئەمە بە جیاواز لەو ئافرەتانەی کە داعش بە هەڵگەڕاوە واتە هەڵگەڕاوە لە ئاین لەقەڵەمیان دەدا، ئەمەش بەپێی تەفسیری داعش ئێزیدییەکان دەگرێتەوە و رەوایەتی بە ئەنفال کردنیان دەدا، هەروەك ئەنجامیشیدا لە دژیان.
لەم گۆشەنیکایەوە و دوای ئەم شیکردنەوەیە ئاینی و شەرعیەی داعش کە پشتیان پێبەستووە، هەڵسان بە ڕفاندنی بەشێك لە ئافرەتە ئێزیدییەکان لەو گوندە ئێزیدیانەی دەستیان بەسەرداگرتبوو لەناوچەی شنگال و دەوروبەری و واياندانا غەنیمەن و دابەشیان کردوون بەسەر چەکدارەکانیان و دەوڵەتی ئیسلامی و هاوکات فرۆشتنیان لە بازاڕەکانی موسڵ و رەقەدا.
گۆڤارەکە جەخت دەکاتەوە، چەکدارەکانی داعش وەك سەحابەکانی پێشووی خۆیان بەشێك لە ئافرەتە ئێزیدییەکانیان بۆخۆیان فرۆشتووە و هاوکات داعش پێشووتر بەشێك لە وێنەی ئەوانەی بڵاو کردووەتەوە، کە بوون بە ئیسلام، بەڵام راپۆرتەکەی هیومان ریتس ووچ لە راپۆرتە تایبەتەکەی خۆیدا ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کە ئەوان لەژێر فشارو ترسی مردن ئەو کارەیان کردووە.
ئەبو محەمەد عەدنانی وتەبێژی فەرمی داعش، لە وتارێکیدا وتی:"رۆماش داگیردەکەین و ئافرەتەکانیان وەك غەنیمە دەگرین و دەفرۆشین".

(٢)

## سێکس وەکو ستراتیژ لە خەلافەتەکەی داعش

داعش لە ڕاگەیاندنی خەلافەتەکەیدا لە٢٩ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕایگەیاند کە کار بۆ جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلام دەکات، بەڵام ڕفاندنی پتر لە چوار هەزار کچ و ژنی ئێزیدی و شەرعییەتدان بە کۆیلەکردن و دەستدرێژی کردنە سەریان، دیارترینی ئەو بنەمایانە بوون کە داعش لە خەلافەتەکەیدا بۆ ئەندامانی حەڵاڵی کردن و وەکو بنەما و ستراتیژێك دەقی بۆ دەرکرد، ئەو خەلافەتە ئێستا لە پاڵ کوشتنی بێ پاساو، بە سێکسبازی و جیهادی نیکاح دەناسرێتەوە.
داعش لە نوێترین نامیلکەیدا ڕێنمایی سێکسی بڵاوکردووەتەوە، سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامیش دەڵێت سێکس پاڵنەرە بۆ چوونی گەنجان بۆ نێو ڕیزەکانی داعش.
"وەفا" شنگالی کچێکی ئێزیدی گوندی قەسرۆکی سەر بە شنگالە، ئەو کە هێشتا پازدە ساڵ تەمەنیەتی، بەڵام جوانییەکەی بوو بەو بەڵایەی چاوچنۆکی ئەمیرێکی خەلافەتەکەی ئەبو بەکر بەغدادی بێ بەزەییانە بە ناوی ئیسلامەوە پاکیزەیی پێ لە دەست بدات، تاکە گوناهیشی ئەوەیە مسوڵمان نەبوو.
ئاژانسی ئەنادۆڵ بڵاویکردووەتەوە پاش کۆنترۆڵکردنی شنگال لە سەرەتاکانی ئابی٢٠١٤چەکدارانی داعش ٩٥ پیاو و پتر لە ١٢٠ ئافرەت و منداڵی گوندەکەی "وەفا"یان بە کۆیلە و سەبییە ڕاگەیاند و کوشتارگەی ئێزیدییەکانیان دەستپێکرد و ژن و کچەکانیشیان خستە خزمەتی هەوەسبازی خۆیانەوە.
"وەفا" کچێکی جوانکیلەیە، بۆیە هەر زوو دەبێتە جێی چاو تێبڕینی ئەمیرێکی داعش و بۆ خۆی دەباتەوە ماڵەوە و ئەوەی دەیەوێت لە گەڵیدا دەیکات، بەڵام ئەو دوو مانگ و نیوەی "وەفا" لە لای بووە بۆ ئەم تەمەنێکە هەرگیز بیرناچێتەوە، ئەو لە بارەی ڕۆژە تاڵەکانییەوە دەڵێت:"زۆر بە منیان دەگوت دەبێت ببیتە ئیسلام و منیش دەمگوت نابم، هەر بۆیە زۆریان لێدەدام، جگە لەوەش جارێك ویستم خۆم بکوژم، بەڵام نەمتوانی ئەو کارە بە تەواوەتی بکەم".
هەزاران کچ و ژنی ئێزیدی هاوچیرۆك و هاوئازاری "وەفا"کەی شنگالن، ئەگەر چی ئەم ڕزگاری بووە، بەڵام هێشتا زۆر لەو ژن و کچانە چاوەڕوانی ئایندەیەکی قورس و تاڵ و ڕەنگە خۆکوشتنیش ببنەوە.

"وەفا" کە لە گەڵ کچ و ژنی چەند گوندێکی دیکە سەرەتاکانی ئابی ٢٠١٤ براوەتە شنگال، دواتر بۆ تەلەعفەر کە تەنها سێ ڕۆژ تێیدا ماوەتەوە، هێرشی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان چەکدارانی داعشیان ناچار کرد ئەوان کە بە گوتەی ئەو کچە زیاتر لە ٥٠٠ کچ و ژن و منداڵ دەبوون بۆ گرتووخانەی بادووش لە موسڵ بگوێزنەوە.
"وەفا" شنگالی لە دایکبووی ساڵی (٢٠٠٠)ە، بۆ ئەو کچە ئێزیدییە منداڵە بینینی دیمەنەکانی کوشتنی کچان و ژنانی ئێزیدی و دەستدرێژی سێسکی بۆ سەریان هێشتا زوو بوو، بەڵام ئەو دیمەنانەی هەمیشە لە مێشکدایە و دەڵێ شاهێد حاڵی کوشتنی چەندین کچ و ژنی ئێزیدی بووە کە ئامادە نەبوون سێکس لە گەڵ داعشەکان بکەن، بە تایبەت سوورییەکان کە بێ یەك و دوو یاخی بووەکانییان لەو ئافرەتانە دەکوشت لەوانەی بە ملکەچبوون رازی نەبایەن.
پاش کۆنتڕۆڵکردنی موسڵ لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤، چەکدارانی داعش پاش کۆنتڕۆڵکردنی ناوچەکانیان لە سەرەتاکانی ئابی ٢٠١٤و"کافربوون"یان کردە پاساوی کوشتنی سەدان پیاو لە پەیڕەوانی ئاینی ئێزیدی لەوانەی لە ژێر دەستیاندا مابوونەوە، ئیسلامبوونی سەدانی دیکەشیان لە ژێر زەبری شمشێر ڕاگەیاند، ئەو خەلافەتەی داعش پێی وایە شەریعەتی ئیسلام جێبەجێ دەکات بە دابەشکردنی کچ و ژنانی ئێزیدی و کردنیان بە"سەبایا"ی چەکدارانیان و دواتر کڕین و فرۆشتنیان لە هەردوو بازاڕی تایبەت بۆ ئەو مەبەستە لە موسڵ و شاری رەقەی سوریا مرۆڤایەتی بۆ سەردەمی کۆیلایەتی گەڕاندەوە، ئەم هەڵمەتەش کە بۆ لەناوبردنی ئێزیدیەکان بوو حەفتاوچوارەمین هەڵمەتی قڕکردنی ئەو کەمینەیە لە مێژوودا کرابێت کە زۆرینەیان لەسەر دەستی ئیسلامییە توندڕەوەکانی دەوروبەریان بوون.
داعش بە هەوەسبازی سێکسی و تەماشاکردنی کچان و ژنانی پەیڕەوانی ئاینی ئێزیدی بە دەستکەوت"غەنیمەت"خۆی لەسەرجەم رێکخراوە تیرۆریستییەکانی دیکەی جیهان بە تایبەت ئەوەی لە منداڵدانی دروستبوو"قاعیدە" نموونەیەکی ناشرینتری سەلەفییەتی جیهادی نیشان دا، چونکە ئەوەی قاعیدە نەیکرد، داعش بە دەرکردنی بە فەتوای جیهادی نیکاح و سەبییەکان سێکسی حەرامی بۆ چەکدارانی حەلاڵ کرد.
داعش لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٤ لە گۆڤارەکەی خۆی"دابق"، باسی لە هێرشەکانی بۆ سەر شنگال لە سێی ئاب کردووە و دانی بە کڕین و فرۆشتنی ئافرەتانی ئێزیدی و مامەڵەکردن پێیانەوە وەکو سەبایا بە بیانووی"شەیتان پەرست"ی کردووە، ئاینی ئێزدییەکانیش گەورەترین هۆکاری بێدەنگبوونی جیهانی

ئیسلامی بوو بەرامبەر بە تاوانەکانی داعش لە دژیان بە دیاریکراو لە ئەتککردنیان کە بە بۆچوونی شارەزایان ئەوە گەورەترین شەرمەزاری جیهانی ئیسلامی بوو بەرامبەر بە پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکەی دراوسێیان.
